

KURDISTAN


مام جەلال
KURDISTAN
کاریزمای نەتەوەیەک
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
19
75
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


بەشێک لە پرشە و هاوخەمی کەسایەت و حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ...... لاپەڕەی ..... ٤

١- عەبدوڵڵا حەسەن زادە ئەدیب، نووسەر و سکرتیری پێشووی حیزبی دێموکرات...

٢- جەلیل گادانی سیاسەتمدار و کەسایەتی دیاری کورد...

٣- مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان...

٤- مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی حدک....

٥- مامۆستا مەلاحەسەن شیوەسەڵی ئەندامی رێبەری حدکا...

٦- دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتی حدک...

٧- مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران...

٨- عەبدوڵڵا مۆهتەدی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران...

٩- عومەر ئێلخانیزادە سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان...

١٠- بابەشیخ حوسەینی سکرتیری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئیران...

١١- حسین یەزدانپەنا سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان PAK...

١٢- عوسمانی جەعفەری سکرتێری گشتی یەکێتی دیموکراتی کوردستان ئێران...

١٣- عەزیز ماملێ؛ مەڵبەندی بنەماڵەی ماملێ...

١٤- پرسەنامەی ١٥٠ چالاکوانی مەدەنی و سیاسی و فەرهەنگی رۆژهەڵاتی کوردستان...

هاوخەمی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ................. لاپەڕەی ............ ٣٦

١- دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان...

٢- دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران...

٣- کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران...

٤- کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران...

٥- كوميتەى ناوەنديى كۆمەڵەى زەحمەتكێشان...

٦- كوميتەى ناوەنديى ڕێكخراوى خەبات،ى شۆڕشگێڕى كوردستان...

٧- كوميتەى ناوەندى ڕێكخراو يارى كورد( يارسان)...

٨- كۆميتەى ناوەندى پارتى ئازاديى كوردستان PAK...

٩- ئەنجومەنى سەركردايەتى پارتى ليبرال ديموكراتى كوردستان...

١٠- ئەنجوومەنى سەركردايەتى پارتى سەربەستيى كوردستان...

## چەند وتار و بابەت ......................... لاپەڕەى .............................. ٤٤

١- سپاس بۆ تۆ مامەى كوردان! ........................................................................ سەعيد بەگزادە

٢- سەرۆك مام جەلال سكرتێرى ينك و كەسايەتى سياسى هەموو قۆناخەكانى خەبات ............... حەمەرەسووڵ كەريمى

٣- ڕۆحت شاد جەنابى مام جەلال! ........................................................................ مەريوان نستانى

٤- خەمێكى گەوەرە .................................................................................... عەبو راد

٥- گەورەيى مامجەلال تەنيا لە دوو خاڵدا .......................................................... برايم جەهانگيرى

٦- كۆچى دوايى بەڕێز مام جەلال و چەند وتەيەك ................................................. مەجيد كاكەوەيسى

٧- بۆ ماڵاواى ڕێبەرێكى ديكەى نەتەوەكەم ....................................................... محەممەدى فەقێ عەلى

٨- غەيبەتى ڕێبەرێكى تەوافقى و هەڵوەشانەوەى تەوافق ........................................... تاهير قاسمى

٩- مام جەلال، مەرجەعێك بۆ سازان و چارەسەرى ................................................... سمايل شەرەفى

١٠- سەڵاحەددينى موهتەديى: مام جەلال لەبەرامبەر دەوڵەتانى ئيقليمى دەيتوانى بڵێت "نا" ............... ديمانە؛ چاودێر

١١- گەڕانەوەى مام جەلال و حيكمەتەكانى كاريزما ............................................... جەليل ئازاديخواز

١٢- بە بۆنەى يادى هەشتا ساڵەى لە دايكبوونى مام جەلالەوە ........................................ قادر وريا

١٣- كۆنە پێشمەرگەيێك و كۆمارى دووەمى ئێراق ................................................... سەلاحەدين خەديو

١٤- سەركۆماريى بەڕێز مام جەلال تاڵەبانى و ڕاگەياندنى كورديى ...................................... قادر ئەلياسى

١٥- دوا بە دواى ڕاگەياندنى هەواڵى بەسەركۆمار بوونى بەڕێز مام جەلال خەڵكى شارەكانى كوردستانى ئێران ڕژانە نێو شەقامەكان ................................................................................ ڕەشيد حەيدەرى

١٦- مام جەلال ڕەمزى خۆڕاگرى وەستاكارێكى سياسى بەهێزى كورد بوو .................................. شۆڕش ئەسەدزادە

١٦- ژيان و خەباتى سەرۆك مام جەلال ................................................................. كوردستانى نوێ

## پەیامی هاوخەمی کەسایەتی سیاسی و حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

### عەبدوڵڵا حەسەن زادە، ئەدیب و نووسەر و سکرتیری پێشووی حیزبی دێموکرات



ئەندامانی تێکۆشەری مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!
خوشکی بەڕێز هێرۆ خان هاوسەری بەوەفای سەرۆکی لەدەستچوو مام جەلال!
بەڕێزان کاک قوباد و کاک بافڵ جگەرگۆشەکانی نەمر مام جەلال!

هەواڵی کۆچی دوایی خەباتگێڕی مەزن و ڕێبەری هەڵکەوتوو جەنابی مام جەلال منیشی وەک هەمووی ئێوە لەناخەوە هەژاند. مام جەلال وەک تێکۆشەرێکی بەناوبانگ لەوە گەورەترە کە هەر ملکی بنەماڵەکەی یان حیزبەکەی خۆی بێ. لەدەستچوونی ڕێبەرێکی وا لێوەشاوە و دڵسۆز کۆستی گەورەی هەموو ئازادیخوازانی کورد و هەموو نیشتمانپەروەرانی عێڕاقە. خەڵکی باشووری کوردستان و سەرانسەری عێڕاق دەزانن کە ئەو گەورەپیاوە نەخشێکی کاریگەری لەبردنەپێشی بزووتنەوەی ئاشتی و ئازادی و تەبایی نیشتمانیی نێوان کوردستانییەکان و عێراقییەکاندا دەگێڕا و هەربۆیەش لە هەلومەرجی دژواری ئەمڕۆدا هەموو لایەک نەبوونی بە خەسارێکی گەورە دەزانن.

پێوەندیی خەباتگێڕانە و برایانەی نێوان یەکیەتیی نیشتمانی و حیزبی دێموکراتی کوردستان کە زۆر لاپەڕەی زێڕینی لەمێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا تۆمار کردوە بە پلەی یەکەم بەرهەمی هەوڵ و تەقەلای بەڕێز مام جەلال و

ڕێبەری نەمر دوکتۆر قاسملوو بوو. بۆیە دێموکڕاتەکانیش هەروەک یەکیەتییەکان کۆچی دوایی مام جەلال بە کۆستی خۆیان دەزانن.

بەوبۆنە خەمناکەوە پڕبەدڵ سەرەخۆشی و هاوەردیم پێشکەشی هەمووی ئێوە بەڕێزان و سەرجەم تێکۆشەرانی یەکیەتیی نیشتمانی و هەموو ئەندامانی بنەماڵەی تاڵەبانی و گەلی کورد بەگشتی دەکەم. ئاواتەخوازم مەرگی مام جەلال هاندەرێکی بەهێز بێ بۆ پاراستن و پتەوکردنی "یەکیەتی ناو یەکیەتی" و یەکڕیزیی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردی باشوور لەم هەلومەرجە ناسکەدا کە ئەم بەشەی کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێ. ڕووحی مام جەلال شاد بێ و ئامانجەکانی بەرقەرار بن.

بەحورمەتەوە براو دڵسۆزتان عەبدوڵڵا حەسەن زادە

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

-----------------------------------------------



## جەلیل گادانی سیاسەتمدار و کەسایەتی دیاری کورد



مام جەلالی گەورە سیاسەتمەداری هەرە ناسراوی کورد، مام جەلالی خەباتکار، لێبڕاو، ڕفیق دۆست و میهرەبان و دڵسۆزی کورد و کوردستان، مامجەلالی ماندوویی نەناس دڵە گەورەکەی وەستا و جێی هێشتین.

کۆچی مامجەلال ڕێبەری مەزن بۆ هەموو کوردێکی بەشەڕەف لە هەرچوارپارچەی کوردستان هەواڵێکی دڵتەزێنە.

نەتەوەی کورد بە تێکڕا خەباتی بێوچان و دوور و درێژی مامجەلالی لەبەر چاوە و خزمەتە گەورەکانی بە گەل و نیشتمان هیچ کات لە بیر ناکا.

مامجەلال هەوێنی یەکیەتی و برایەتی و ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان بوو.

نە لە پۆستی سکرتێری و نە لە پۆستی سەرکۆماری عێراقدا لە خۆبایی نەبوو و دۆستانی خۆی لە بیر نەکرد. لەو کاتەوە کە ناسیم و لە نزیکەوە دیتم و دەیان جار لەگەڵی دانیشتم وام ناسی کە مرۆڤێکی وردبین، وشیار، ڕاستگۆ، سەریع و خاوەن بڕیار و هەڵوێست بوو.

دڵە گەورەکەی مامجەلال هەموو کات بۆ کورد و کوردستان لێیداوە، بەداخێکی گرانەوە مەرگ مەودای نەدا کوردستان بە سەربەخۆیی ببینێ کە هەموو ژیانی لە پێناویدا بەخشی.

بە بۆنەی ئەو کۆستە گەورەی لەدەست چوونی مامجەلال، کۆچی دوایی ئەو ڕێبەرە مەزنە کە خەسارێکی گەورەیە و بە هاسانی پڕ نابێتەوە لە لایەن خۆم و بنەماڵەی گادانییەوە لە نەتەوەی کورد و هەموو حیزبە تێکۆشەرەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و بە تایبەتی لە ئەندام و لایەنگرانی یەکیەتی نیشتمانی بە گشتی و بەتایبەتی تر لە بنەماڵەی بەڕێزی تاڵەبانی و ڕێبەرایەتی یەکیەتی سەرەخۆشی دەکەم و هیوا دارم هەر وەک مام جەلال دەیفەرموو "بە هەستی نەتەوەیی و بەرپرسایەتییەکی شۆڕشگێڕانە یەکیەتی ناو یەکیەتی بپارێزن و ڕیزەکانتان پتەو و پتەوتر بکەن" هیوادارم بە ڕۆحی برایەتییەوە ڕێگەی خەباتی مامجەلال بۆ دیمۆکڕاسی و سەربەخۆیی کوردستان کە ئامانجی هەرە گەورەی ئەو بوو درێژە بدەن.

ڕۆحی مامجەلالی سەرکردە شاد و ڕێگەی خەباتی پڕ لە شانازی تا وەدیهاتنی هەموو ئامانجە لە مێژینەکانی درێژەی هەبێ.

دۆستی چل ساڵەی مام جەلال

جەلیل گادانی

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

--------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



بنەماڵەی بەڕێز و تێکۆشەری مام جەلال!

هەڤاڵان، کادیر و ئەندامانی خەباتگێڕی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!

هاونیشتمانان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

هەواڵی کۆچی دوایی مام جەلال تاڵەبانی، خەباتگێری ناسراو و نەسرەوتووی کورد، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، دۆستی دێرین و ڕۆژانی تەنگانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێبەرانی ناسراوی حیزبەکەمان و، سەرۆک کۆماری پێشووی عێڕاق؛ لە ناخی دڵەوە خەمبار و بەپەرۆشی کردین.

پەرۆشیی نەدیتنەوەی کەسایەتییەک کە بەسەرهاتی ژیانی ئاوێنەی باڵانوێنی خەباتی نەتەوەکەی بوو، خەمبار لە ژیانئاوایی کەسایەتییەکی کاریزما کە بۆ گەلەکەی هیوا و هۆمێد بوو، خەباتگێڕێکی کورد کە بە خەباتی بەبڕشتی خۆی قەڵەمبازێکی گەورەی بە جێگە و پێگەی پرسی کورد لە باشووری کوردستان دا و ستاتوی کوردی لە هاوکێشەکانی عێڕاق و ناوچەدا بردە سەرێ.

مام جەلال دۆستی نیزیکی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەت شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، خەمی ئەو هەر سەرخستنی پرسی کورد لە باشووری کوردستان نەبوو، بەڵکوو ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان لە هەموو بەشەکان خەمی گەورەی بوو و لە زۆر بڕگەی مێژوویدا هەنگاوی بەکردەوەی بۆ ئەو پرسە گشتییە هەڵێناوەتەوە.

خەباتی نەتەوەیی بۆ ڕزگاری لە ژێردەستی، بەربەرەکانی لەگەڵ زوڵم و بیدادی و دیکتاتۆری و، باوەڕ بە ئامانجە بەرزە مرۆییەکان و یەک لەوان عەداڵەتی کۆمەڵایەتی ئەگەر بەشێک لەو بەها و بایەخانە بوو کە مام جەلال لە هەموو ماوەی ژیانیدا بۆی تێکۆشا و خەباتی بۆ کرد، هاوکات ئەو بایەخانە پرەنسیپە نەگۆڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ خەبات و تێکۆشانن و، ئەو هاوبەشییە لە بیر و باوەڕی مام جەلال و ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕاتدا شوێنکاری لە سەر زۆر ڕووداوی مێژوویی و خەباتی نەتەوەکەمان داناوە.

بێگومان کۆچی دوایی و نەمانی مام جەلال بۆشایی و کەلێنێکی گەورە دروست دەکا لە نێو بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان بەتایبەت لەو قۆناغە هەستیارەی ئێستادا، چونکی یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرزەکانی مام جەلال کۆکردنەوەی لێک دژەکان لە تەنیشت یەکتری و دیتنەوەی چارەسەر لە هەناوی قەیرانەکاندا بوو؛ کە هیوادارین بە خەم و پەرۆشی گشتییەوە پرسی سیاسیی کورد لە هەرێم لەو قۆناغە چارەنووسسازەدا بەرەو چارەسەری یەکجاری هەنگاو بنێ، چارەسەرێک کە بێگومان خەون و ئامانجی بەڕێز مام جەلالیش بوو.

بە مەرگی مام جەلال کورد یەکێک لە ڕێبەرانی کاریزمای خۆی و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دۆست و پاڵپشتێکی بەوەجی لە دەست دا. بەبۆنەی ئەو پێشهاتە تاڵ و ناخۆشە جارێکی دی لە قووڵایی دڵەوە هاوخەمیی خۆم و هاوڕێیانم لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بنەماڵەی بەڕێزیان و هەڤاڵانی بەڕێزمان لە یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و هەموو هاونیشتمانان ڕادەگەیەنم.

یاد و بیرەوەریی مام جەلال هەمیشە گەش و هەرمان، ڕوحی شاد و ئامانجەکانی وەدی بێ.

مستەفا مەلوودی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٣ - ١٠ - ٢٠١٧

-----------------------------------------

**مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی نوێنەری دەرەوەی وڵاتی حدک**



بەڕێزان هاوڵانی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

بنەماڵە ی بەڕیزی ڕێبەری مەزن مام جەلال تاڵەبانی

بە ناوی خۆم و بنەماڵە مان، بنەماڵەی شەهید مەلا ئاوارە و هەمو خزمان و هاوڕێیانم سەرەخۆشیتان لێ دەکەم بە بۆنەی لەدەستدانی ڕێبەری حیزبەکەتان و کەسایەتی هەڵکەوتوی هەمو کوردستانی گەورە، ڕێبەر و سەرکردە، جەنابی مام جەلال تاڵەبانی یەوە. گومانم لەوەدا نییە کە کۆچی دوایی جەنابی مام جەلال هەمو کوردێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لە هەرچوار پارچەی کوردستان داغدار کرد.

دەور و ڕۆڵی جەنابی مام جەلال لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان دا ئەوەندە کاریگەر وگەورە بووە کە بەزەحمەت بتوانین کەلێنی پڕ بکەینەوە. نەخشی جەنابیان تەنانەت لە عێراق، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانیش دا، لە لایەن هەمو کۆرو کۆمەڵە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکانەوە هەمیشە بەرز نرخێنراوە. لێهاتویی ئەو لە کاری دیپلۆماسی و پراکتیکی سیاسی دا جێگای تێرامانی سەرۆک و سەرکردەکانی ناوچەیی جیهانی بو. بەڕێزیان شانازی زۆر گەورەی بە نسیبی گەلەکەمان کرد و هەر لە هەرەتی لاویەوە هەمو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ بردنە پێشی دۆزی ڕەوای نەتەوە و نیشتمانەکەمان.

هیوادارم بەرهەمی تێکۆشان و ڕێنوێنیەکانی خەباتی ئەو ڕێبەرە مەزنە، ڕووناکی بەردەم ڕێگای خەباتی لاوانی گەلی کورد بێ لە هەرچوار پارچەی کوردستان.

ڕوحی مام جەلالی خۆشەویست شاد و ڕێگای تەژی بێ لە ڕێبوار

مستەفا شڵماشی

٣ - ١٠ - ٢٠١٧



-------------------------------------------------------------

**مامۆستا مەلاحەسەن شیوەستەڵی ئەندامی ڕێبەری حدکا**



بۆ ڕێزداران

ڕێبەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان


بنەماڵەی بەڕێزی کارێزمای بەناوبانگ و ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد

کێوی بەسام و هەیبەت، جەنابی مام جەلال تاڵەبانی و هەموو هەواداران و پەیڕەوان و ڕێڕەوانی،

وێرای ڕێزو حورمەتی شایستە لەو ڕۆژە تاڵەو لەو هەلوومەرجە ناسکەدا پێم خۆشە ئیجازەم بدەن بتاندوێنم وعەرزتان بکەم کە نە پێم ناخۆش دەبێ و نە پێشم سەیر دەبێ ئەگەر ئێوەی بەڕێز بە عەقلیەتم پێ بکەنن، کە ئەمنێکی بەو هەموو وردی و کەچ و کەوچی و نابووتی و لەعەینی حاڵ دا لە خوارترین پێگەی کۆمەڵەوە، ئەوەندە خۆم لەبەر چاوان گەورە بێت و ئەوەندە ڕوو هەڵماڵاویی لە خۆم نیشان بدەم کە بە بۆنەی لەدەستچوونی سیاسەتمەداری هەرە بەرزو دیاری کوردستانی و ئیقلیمی و جیهانی وەک ڕێزدار مام جەلال پەیامی سەرەخۆشی بنێرم. لە ڕاستی دا ئەگەر ناچاری نەبێ هەرگیز ئەو جورئەتەی ناکەم و ئەو ئیجازەیەش بە خۆم نادەم نێوی خۆم لە نێوانەی دا بێنمە نێو، نێوان . بەڵام ئەو حەقەی بە خۆم ڕەوا دەبینم کە وێڕای تازیەبارانی ماڵ ئاوایی یەکجاری ئەو کاریزما نەمرە کوردەی دڵ بە پەرۆشی وتازیەباری خۆم دەرببڕم. ڕەنگە کەم کەس باوەڕم پێ بکات، کە ئەمن لە سەرەتای نیوەی دووهەمی شێستەکانەوە ، ئەو نەهەنگە تیشک ئاژۆیەی نێو دەریای سیاسەتم ناسیوەو نامەی کۆمیتەی ئینقلابی دێموکراتەکانم داوەتە خزمەتی و وەڵامیشم لە دەستی بەڕێزیان وەرگرتۆە. لەو کاتەوە هەتا کاتی لەکار کەوتنم، ناسیاوی و ئاشنایەتی و شانازی دیدارو زیارەتەکانیم پێ براوەو نامەی زۆریشم بە دەست خەتی بەڕێزیان کەلە کاتی هاوسەنگەری ئێمەو هێزی پشتیوان وە لە دەورانی ڕۆژە ڕەشەکان دا خیتاب بە برای بچووکی خۆتان نووسراون وەک سەنەدی بایەخدار لە لای من ماون کە ئەمن بەش بەحاڵی خۆم بە میداڵی ئیفتخاریان دەزانم و شانازییان پێوە دەکەم. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم تەنیا بۆڕێزدار مام جەلال بە پەرۆش نیم، بەڵکوو خەمی گەورە بۆ چیا گەردن بەرزەکانی کوردستان دەخۆم کە لە سەرتاسەری مێژوودا زیاتر لە ٥٠ساڵ یارو یاوەری هەموو ڕێبەرانی لەدەست چووی دێموکرات و زۆربەی ڕیبەران و لە نێو ئەوان دا جەنابی مام جەلال و باقی ڕێبەرانی هێزە سیاسیەکان و هەموو تێکۆشەرانی کورد بوون. بە داخەوە ڕێبەرانمان وەک جەستە لە ئێمە وون دەبن بەلام بیرەوەری و یادگارییەکانیان و مێژووی هاوبەشیان لەگەڵ ئەشکەوتەکان و تەخت و تەلانەکان و کێوەکانی کوردستان وەک نەخش و نیگاری زێرین لە نێو حافیزەی مێژوودا دەمێننەوە.

سەربەرزم کە کانییەکان ووشک نابن و گوێی ئەشکەوتەکان کەڕ نابێ، هیچ هێزێک نەیتوانیوەو ناتوانێ گابەردەکانی نێو کێوە سەربەرزەکانی کوردستان بلەقێنێ. لیرەدا تەکانێک لە خۆم دەدەم کە هاودەردی و هاوخەمی و هاوژانی خۆم بە ئێوەی یەک یەکی ڕێبەرایەتی یەکیەتیی نیشتمانی و خانەوادەی دڵ بەخەمی ڕێزدار مام جەلال و بە تاییەتی هێرۆخان و کۆڕپە تێکۆشەرەکانی و هەموو وابەستەگان و ڕێڕەوان و ڕێبوارانی ڕادەگەیەنم.

خۆشحاڵم کە ئەو ماڵە باوەش ئاوەڵەی جەنابی مام جەلال واتا ئەو گەورە ماڵەی کە ئەمن هەرگیز لەوێ دا خۆم بە بێگانە نەزانی، بێ خاوەن بێ میراتگر نەماوەتەوە. لەدەستچوونی کێوی بوێری و سەراحەت و نەترسی وەکۆی ڕووخۆشی و قسە خۆشی وڕاست و ڕەوانی فەخامەتی ما جەلال ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو. دەمێک بوو ئێمە چاوەڕوانی خامۆش بوونی ئەستێرەی گەش و کێوی بەسام و هەیبەتی بازیگەری بە توانای تێکڕای کوردستان و هاوسەنگەران و دۆستان و ئاشنیایان و خەڵکی کوردستانی لە نیگەرانی و گەیشتنی ئەو چرکە ساتە تاڵەی دا ڕاگرتبوو. سەرەنجام ئەوەی کە هەرگیز خۆش نەبوو ڕوو بدا ڕووی دا. لە ڕاستی دا نەدەکرا لە سروشت و ڕۆژگار چاوەڕوانی ئەوەی بین کە بە پێچەوانەی ڕەوت و گەڕانی ئاسایی خۆیان لە مەداری خۆیان بترازێن و بە پاراستن و هێشتنەوەی ئەو بازیگەرە سیاسیە بە توانایەی ڕووداوێکی بێ وێنەی محاڵ و چاوەڕوان نەکراو لە مێژووی بەشەریەت دا تۆمار بکرێ. سەرەنجام بە داخی گرانەوە یاسای سروشت وەک خۆی ڕۆیشت و ئەوەی کە جەبری مێژوویەو دەبوو حەتمەن ڕووبدا بە ئاسایی ڕوویدا.



دە ڕوو زەرد بی زەمانە بۆ هەژانت
نەهەنگ خنکا لەنێو شەقڵی شەپۆلت
دزێو بوو لارو لەنجەو وەرخولاندت
وەها ڕۆچووی لە خەڵتەی مێشکی حۆلت
ئەرێ هۆی کوردی شەیدای کێوەکانت
لەبەرچی ڕەش دەپۆشن کۆرو پۆلت
بەچی چۆما وەها پشتی کەوانت
بەچی شڵقا دڵی ڕووبار و گۆلت
خوێن دەگرین بە کوڵ گابەردەکانت
گوڵی حاجی لەکان و دەشتی چۆلت
ئەرێ ئەی شەمعی نێو شەوگاری تاریک
لەبەرچی بۆتە سۆما خۆری سۆرت

ڕووحی بەرزی کاریزمای گەورە هەر لەفڕین دابێ و هاوسەنگەران خانەوادەو ڕێبوارانی لەسەر بڕینی ڕێگاکەی بەردەوام بن.

کەم ئەندامێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

مەلا حەسەنی شیوەسەڵی

## د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتی حدک



بە کۆچی دوایی مامجەلال، گەلەکەمان لە باشووری کوردستان و نەتەوەی کورد بەگشتی یەکێک لە دیارترین و بەرجەستەترین روخسارەکانی وجوودی سیاسی و جووڵەی مێژوویی خۆی لەدەست دا. لەگەڵ ئەوەدا کە چەند ساڵێک بوو مامجەلال رۆڵی فێعلیی لە تیئاتری سیاسیی کوردستان و ئاڵوگۆڕ و گەشەسەندنەکانی ناوچەدا نەمابوو و بەداخەوە ئەو کۆستە چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام لەدەستدانی مامجەلال لەم وەختەدا کە بۆ سەرجەم کورد یەکجار هەستیارە، هەم سەرچاوەی حەسرەت و خەمە، هەم هەڵگری پەیام و چاوەڕوانی. حەسرەتی ئەوە کە مامجەلال هەتا ئەو کاتە بە ساغی نەژیا کە لە دەمەساتی بڕیار و هەنگاوە چارەنووسسازەکاندا، شوێندانەر و کارساز بێ؛ چاوەڕوانیی ئەوە کە کۆدەنگیی کورد لە ماتەمی لەدەستدانیدا ببێتە هەوێنی تەبایی و یەکڕیزییەک کە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە. لەگەڵ هەموو گەورەیی و گرینگیی خۆی، لەگەڵ هەموو خەبات و خۆڕاگرییەک کە لەپێناوی ناساندنی مەسەلەی کورد و وەدیهێنانی خەونەکانی گەلەکەیدا کردی، مامجەلال مرۆڤێکی دەرگیر لەگەڵ دیلەما و ململانێ ناخۆشەکانی واقیعی تاڵ و ئاڵۆزی مەسەلەی کورد و ئیدەئالی سەخت و هەرگیز وەدینەهاتووی دێموکڕاسی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو. لەم کات و ساتە مێژووییەدا کە گەلەکەمان پێیدا تێدەپەڕێ و رووحی ئەو سەرکردە مەزنە بەرەو ئارامیی ئەبەدی بەڕێ دەکا، ئاەرزووم ئەوەیە کە ریرەوانی رێبازی مامجەلال و بەگشتی سەرکردایەتیی کورد لە باشووری کوردستان، ئەولاتر لە سیاسەتکردنی پاراگماتیک و فرەڕەهەند کە خیسلەتی هەرە دیاری کارنامەی سیاسی و خەباتگێڕیی مامجەلال بوو؛ بەرزتر لەو مشت و مڕە تەسک و پرسە کورتخایەنانەی بۆ هەبوونی مێژوویی و ئاقاری ستراتژیی سەرجەم کورد زیانبەخشن، ئەو ئامانج و ئەنگیزە بەرز و پیرۆزانەیان لەبیر بێ کە پاڵنەری یەکەم و کۆتایی خۆتەرخانکردن و دەروەستیی سیاسیی ئەو گەورە پیاوەی مێژووی کورد

و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوون. هاوخەمیی خۆم لەگەڵ سەرجەم تێکۆشەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و خانەوادەی بەڕێزی مامجەلال بەتایبەتی کاک قوباد دەردەبڕم.

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

**مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**



"مستەفا هیجری" سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پەیامێکدا سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی گەلی کورد، سەرکردایەتی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و بنەماڵەی مام جەلال کرد.

بەڕێزان ئەندامانی بنەماڵەی مام جەلال تاڵەبانی

مام جەلال دوای تەمەنێک لە خەبات دژی پێشێلکاری مافی کورد و خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی بەداخەوە کۆچیدوایی کرد.

کەسایەتی بەرزی مام جەلال لە بواری سیاسی و پێشمەرگایەتی و ئەزموونێکی زۆر کە لەو بوارانەدا بە دەستی هێنابوو، هەموویان بەستێنسازی ئەو شوێندانەرییە بەرچاوە بوون کە لە ململانێی خەبات دژی دوژمنانی گەلەکەی بەڕێزیانی کردبووە خەباتکار و سیاسییەکی سەرکەوتوو و بەرچاوی دۆزی کورد و نێونەتەوەیی.

بۆیە لە دەست دانی مام جەلال بەتایبەت لەم هەلومەرجە ئەستەم و ناسکەی خەباتی کورد لە باشوور خەسارێکی گەورە بوو؛ بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە دەستچوونی دۆستێکی بەوەفا و لەمێژینە بوو، کە لە سەردەمی شەهید دوکتور قاسملوو ئەو دۆستایەتییە بناغەی دامەزرا و تا ئاخر بەردەوام بوو.

بە بۆنەی ئەم ڕووداوە پڕ لە ماتەمەدا سەرەخۆشی خۆم پێشکەش بە گەلی کورد، سەرکردایەتی و ڕیزەکانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و بەتایبەت بنەماڵەکەیان، بەڕێزان هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی هاوسەری و کوڕەکانی کاک پاڤڵ و کاک قوباد دەکەم.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی

مستەفا هیجری

١٢ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی = ٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی

---------------------------------------------------

**عەبدوڵڵا مۆهتەدی؛ سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران...**



**یادی مام جەلال بۆ هەمیشە لە دڵماندا دەمێنێتەوە**

پێشمەرگە و خەباتکاری شاخ، نووسەر و ڕۆشنبیر، شۆڕشگێڕی داهێنەر، دیپلۆمات و سەفیری کورد لە جیهان، ئەو کەسەی لە چەمی ڕەزان و قەندیلی سەربەرزەوە هەتا حۆکمی بەغدا چوو، دۆستی دێرینی کوردستانی ڕۆژهەڵات، سەرکردەیەکی مەزنی گەلی کورد کە سنوورەکانی تێپەڕاند و بوو بە سیاسەتمەدارێکی جیهانی، یەکەم سەرۆک کۆماری کوردی عێراق و یەکەم مرۆڤێک کە لە تالاری کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زمانی کوردی دوا، سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی،ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد.

مام جەلال بۆ ماوەی پتر لە ٦٠ ساڵ بێ وچان و ماندوویی نەناسانە بۆ رزگاری نەتەوەی کورد و ئازادی سیاسی و مافەکانی خەڵک تێکۆشا. تەنگ و چەڵەمەی زۆری هاتە رێ، بەڵام هەرگیز ورەی نزم نەبوو و بزە لە لێوی نەکەوت. شکانی بە سەر دادەهات، بەڵام سەرلە نوێ تێهەڵدەچووەوە. لە سەختترین رۆژەکانیش دا هیوا براو نەدەبوو، بە پێچەوانە ئومێدی بە هەمووان دەبەخشی. کەسایەتییەکی کاریزمایی گەورە بوو، بەڵام هەمیشە خاکی و خۆماڵی مایەوە، دۆستی رۆشنبیران و داکۆکیکاری مافی ژنان بوو.

مام جەلال کوردستانییەکی راستەقینە و خەمخۆری هەموو پارچەکانی کوردستان و لەوانە بە تایبەتی دۆست و پشتیوانی کوردی رۆژهەڵات بوو. هێزی پشتیوانی بۆ یارمەتی ئێمە و دێمۆکرات رەوانەی ناوخۆی ئێران کرد. پەیوەندی و دۆستایەتییەکی دوور و درێژی لەگەڵ کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دامەزراند و بە وریاییەوە پاراستی. حەقی بەسەر هەموو کوردی ئێرانەوە هەیە و بە تایبەتی چاکەی زۆری بۆ ئێمەی کۆمەڵە بووە کە هەرگیز لە بیری ناکەین. من بە شەخسی خۆم شانازی ئەوەم هەبووە کە بۆ نزیک ٤٠ ساڵ مام جەلالم لە نزیکەوە ناسیوە و لەگەڵی دواوم و لە راوێژ و تەگبیر و ئەزموونی سوودم وەرگرتووە. بەراستی مام جەلال دۆستێکی بە وەفا و پشتیوانێکی قایم بوو.

بە مەرگی مام جەلال کۆستێکی گەورەی هەموو کوردان کەوت. پڕ بە دڵ سەرەخۆشی خۆم پێشکەش بە بەرێز هێرۆ خان و کاک باڤل و کاک قوباد و هەموو بنەماڵە و دۆستان و یارانی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

عەبدوڵڵا مۆهتەدی

٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧

--------------------------------------------



## عومەر ئێلخانیزادە سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان



### مام جەلال ئاکتەرێکی گەورەی مێژووی کوردستان بوو

یەکەمجار مام جەلالم لە خری ناوزەنگ و لە ناو چادرێکی شڕی بە نایلۆن گیراودا چاو پێکەوت. ساڵانێک بوو ناو و ناوبانگیم بیستبوو، بێ ئەوەی دیتبێتم، خۆشم دەویست. بەڵام ئەورۆژە کە ئەو هەموو هیوا و هومێدەم لەو سەرکردەیە بینی، سەد ئەوەندەم خۆشویست و بە تەواوی چووە نێو دڵمەوە. لە دوای ئەو ڕۆژەش زۆر جار لە خۆشی و ناخۆشیدا کە بینیومە، هەموو ئەو کاتانەی قسەوباسم لەگەڵی بووە، بە دایم پڕ ئومێد، بە ورە، نەسرەوتوو، بڕوامەند بە گەڵ و کوردستان، هاندەر، دڵگەورە و هەڵگری ئاواتی بەرز بووە.

ئەو بوو کە ئاواتی گەورە، بوێری، دڵگەورەیی و لەخۆرابینی تێکەڵاوی ڕۆشنبیری، خوێندنەوە و فێر بوونی زانست کردبوو. هەموو ئەو تایبەتمەندیانە ئەویان کردبوو بە رابەرێک کە خەڵک بڕوای پێدەکرد. ئەو لەو ڕابەرانە بوو کە سەرەرای هەڵکشانی جێگا و پلەی لە کۆمەڵگادا، خۆی نەدەگرت، تێکەڵاو دەبوو، دیالۆگی دەکردو، چوون بۆ ناو جەماوەر و حاڵی بوون لێیانی کردبوە ڕێنوێنی کاری خۆی. ئەو سیفاتە بەرزانە، ڕاوەستاوی و قاڵ بوون لە کورەی خەباتدا مام جەلالی کرد بە کاریسمایەک کە دوژمنانیشی مەجبور بوون ڕێزی بگرن. ئەو لێهاتویی و گەورەییە بوو کە ئەو پێشمەرگە جەنگاوەرە دژ بە دیکتاتۆری و دەوڵەتی عێڕاقی کردە سەرۆک کۆمارێک لە عێڕاقدا کە ئوتۆریتە و سێبەری بەسەر هەموو پێکهاتە و

قەواره سیایەکاندا دیار بوو، نەیاندەتوانی گوێ لە قسە و هەڵوێستی نەگرن. مام جەلال بە خەبات و کەسایەتی خۆی لە ڕۆژە دژوارەکاندا کوردستان و بزاوتەکەی زۆرتر بە دنیا ناساندو، سیمایەکی دێمۆکرات، ئەورۆیی و پێشکەوتنخوازی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد خستە بەر دیدەی هەموان.

کۆمەڵە و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەلات دۆست و دلسۆزێکی گەورەیان لە دەستدا، بەڵام یادگار و ڕێنوێنییەکانی مام هەمیشە لایان دەمێنێتەوە. لە لایەن خۆم و هەموو ریزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە هاوخەمی قوڵمان ئاراستەی هێرۆخان، کاک بافڵ و کاک قوباد و گشت بنەماڵەی تاڵەبانی و هەموو هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی، دەکەین و ئاواتی یەکریزی و تەبابیان بۆ دەخوازین.

یادی مام جەلال بەڕێز و ڕیگای پڕ ڕێبوار بێ

سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

عومەر ئێلخانیزادە

٣ مانگی ئۆکتۆبری

--------------------------------------------------

## بابەشێخ حوسێنی: سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئیران



بەرێز مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی ی کوردستان!

بەرێزان هیرۆ خانم و کاک پافێل و کاک قوباد تاڵەبانی!

بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سەرکردەی مێژوویی کورد و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە داخ و پەژارەوە سەرەخۆشی و هاوغەمی خۆم و سەرکردایەتی سازمانی خەباتی کوردستان تان پی رادەگەیێنم. لە دەستدان و کۆچی دوایی ئەو سەرکردە گەورەیەی گەلی کورد تەنیا زیان نەبوو لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان وخانەوادەی بەڕێزی، بەڵکوو زیان و خەسارەتی قەرەبوو نەکراوە بوو لە خەڵکی کوردو هەورەها زەربەتێکی قەرەبوو نەکراوە بوو لە رەوتی دیموکراسیخوازی لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراست.

مام جەلال ئەو سەرکردە تیکۆشەرە بوو کە توانی لە هەلومەرجێکی زۆر حەستەمی کۆمەلایەتی لە کوردستاندا زۆر بۆیرانە بەشداری بە هێزو توانای ئافرەتان لە جولانەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا بکات و هەروەها توانی رەوتی رەخنە لە خۆگرتن و بە خۆدا چوونەوە بکاتە یەکێک لە پرنسیپەکانی شۆرشگێڕی لە کوردستاندا.

توانای کەم وێنەی مام جەلال، لە بەردەوام بوون لە شۆرشی مافخوازانە و خەبات لە پێناو دیموکراسی و ئازادیدا کەم وێنەن و زۆر زەحمەتە لەداهاتووشدا سەرکردەی لەو شێوەو بەو تایبەتمەندیە دەگمەنانەوە دروست بێتەوە. ئەو تیکۆشەرە کەم وێنە هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە هاتە مەیدانی جولانەوەی شۆرشگێڕی و بە دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان شێوەیەکی نوێی هێنایە گۆرەپانی شۆرشی مافخوازنەی رەوای گەلی کوردو مێژوویێکی پرشنگداری بۆ گەلی کورد نووسیەوەو بووە سەرمەشق و رێ نیشاندەرو رێبەرێکی کاریزمای نەتەوەیی، کە لە مێژووی گەلی کوردو مێژووی مرۆڤایەتی بۆ هەتا هەتایە ناو و رێبازی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی بەردەوام دەبێ.

بێگومان سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک هەمیشە لە پێناو یەکێتی و یەکریزی ماڵی کوردو خەبات دژی دەسەلاتە سەرەرۆکان و لە پێناو وەدی هێنانی ئاوات و ئامانجە بەرزەکانی بەرێزیاندا زیاتر لە رابردوو تیدەکۆشن.

لە گەل پرسەو سەرەخۆشی و ماتەم و پەژارەی بەردەوامم

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئیران

سکرتیری گشتی

بابەشیخ حوسەینی

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

----------------------------------------

## حسین یەزدانپەنا سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان PAK



مام جەلال؛ کاریزمایەکی سەردەمی کۆتایی کاریزماکان، مەرگ کۆتایی پێناهێنێ و تا دەمێکی دوور و درێژ کاریگەری بە سەر ڕووداوەکانەوە دەمێنێ. هاوکات کەلێنی نەبوونی پڕ نابێتەوە.

مەرگی ئەو هەر وەک ژیانی بە سانایی تێناپەڕێ. دەشێ ئەم کۆستە بکرێتە دەرفەتێک بۆ تەبایی کوردستانی و هێزێک بۆ راوەستان بەرانبەر هەڕەشەکان و شکاندنی گەمارۆکان.

بەهەشتی بەرین بۆ مام جەلال وسەرەخۆشی بێ لە هێرۆخان، کاک باڤێڵ و کاک قوباد و گشت" کوڕەکانی" . سەرەخۆشی بێ لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەموو خەڵکی کوردستان.

حسین یەزدانپەنا

١١ی رەزبەری ٢٧١٧ = ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧

----------------------------------------

## عوسمانی جەعفەری؛ سکرتێری گشتی یەکێتی دیموکراتی کوردستان - ئێران



**بنەماڵەی جەنابی مام جەلال**

**مەکتەب سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و کادرو پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

**هەواڵی دڵتەزێنی سەفەری هەمیشەیی و کۆچی دوایی سەرکردەو ڕابەرو کاریزمای گەلی کوردستان، جەنابی مام جەلال تاڵەبانیم بیست، ناخی هەژاندم، جەنابی مام جەلال پێویست بە ناساندن ناکات، بەدڵنیاییەوە ڕێبەری ئۆستورەیی کوردایەتی و دیپلۆماتێکی گەورەو لێهاتووی گۆڕەپانی سیاسی ئاڵۆزی ناوچەکە بوو، دۆست و دوژمن دەزانن کە چ ڕۆحێکی گەورەی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی بوو، مێژووی دوورو درێژی خەباتی ماندوونەناسانەی شایەتی ئەوە دەدەن کە هیوای گەلێکی بڕسکاو و ستەملێکراو بوو و توانی گەلەکەی سەرخات، جەنابی مام جەلال، پشتیوان و یارمەتیدەری گەورەی بزاوتی ڕزگاریخوازی گەلەکەن بوو لەهەرچوار پارچەی کوردستان و لەبیری ناکەین، لە مێژوو و دیرۆکی کوردستان، ناو و خەباتی تۆمار کراوەو بۆ هەمیشە گەلی کورد شانازی پێوە دەکات، خۆم بە هاوخەمتان دەزانم و سەرەخۆشی ئەم کۆستە گەرەیە لە خۆمان و ئێوەو گەلی کوردستان دەکەم، ڕۆحی شادڵاو ڕێگای بەردەوام بێت.**

**عوسمانی جەعفەری**

**سکرتێری گشتیی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان- ئێران**

-----------------------------------------

## عەزیز ماملێ، مەڵبەندی بنەماڵەی ماملێ



بەڕێزان

مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و بنەماڵەی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی:

بە خەم و پەژارەیەکی یەکجار زۆر خەبەری کۆچیدوایی مام جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری پێشووی عیراق، سەرۆکی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، تێکۆشەری هەڵکەوتوو و لەمیژینەی نەتەوەی کورد، لە مێدیاکانی جیهان بڵاو بۆوە و داخ و دەردێکی گەورە کەوتە سەر دڵ و مێشک و هەست و گیانی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر.

جێگای خاڵی بەڕێز مام جەلال کەموکوڕی و زیانی گەورە دەخاتە سەر بزوتنەوەی کورد و لە هەمانکاتیش دا شوێنەواری خزمەت و لەخۆبردووییەکانی دەبێتە بنەمای پەند و دەرسوەرگرتن بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتووی کورد.

بەو بۆنەوە لە لایان بنەماڵەی ماملێ و مەڵبەندی هونەری ماملێوە وێڕای دەربڕینی زۆرترین هاوسۆزی و هاوژانی لەگەڵ ئێوەی بەڕێز، سێبووری و سەرکە وتنتان لە ڕێگای پیرۆزی تێکۆشانی بەڕێز مام جەلال بۆ بە ئاوات دەخوازین.

عەزیز ماملێ

پاریس

٣ - ١٠ - ٢٠١٧

## پرسەنامەی ١٥٠ چالاکوانی مەدەنی و سیاسی وفەرهەنگی رۆژهەڵاتی کوردستان



١٥٠ چالاک و هەڵسووڕاوی مەدەنی و سیاسی کوردستانی ئێران، بە نووسینی پرسەنامەیەک بۆ کۆچی دوایی مام جەلال تاڵەبانی، هاوخەمی و سەرخۆشی خۆیان ئاراستەی کۆمەڵانی خەمباری کوردستان، سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بنەماڵەی مام جەلال کردووە.

ئەو پرسەنامەیە کە سەرەتا هەواڵدەریی موکریان بڵاوی کردووتەوە لە لایەن ١٥٠ چالاکی سیاسی و مەدەنییەوە واژۆ کراوە.

بەناوی پەروەرندەی ڕووناکی

کۆمەڵانی خەمباری نیشتمان؛ سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان؛ ئەندامان و لایەنگرانی دڵپەشێوی یەکییەتیی نیشتمانیی کوردستان؛ بنەماڵەی خەباتکاری سەرۆکی هەمیشە زیندوو "مام جەلال"!

ئێمە وەک هەڵسووڕاوانی بواری خەباتی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای دەربڕینی هەست و سۆزی هاوخەمیی خۆمان، پڕ بەدڵ سەرەخۆشیتان لێ دەکەین. بێگومان کۆچی ناوادە و دڵتەزێنی سیاسەتمەدار و بیرمەند و نووسەر و شۆرشگێڕی ماندوویی‌نەناسی گەلەکەمان، نەک هەر ئێمە، بەڵکوو دنیایەکی شڵەژاند و هەوری خەم و تەمێکی قورسی بە شوێن خۆیدا هێنا.

بەختکردنی تەمەنێکی سەرووی شەست ساڵ لە دنیای پڕ هەوراز و لێژی سیاسی‌دا و ڕاگرتنی چەشنێک هاوسەنگی لەم ناوچەیەدا، کە بە تۆوی دووبەرەکی و لێکدابڕان داچێندراوە و بە تانوپۆی زوڵم و زۆرەملی تەندراوە، ڕەنگە لە هەموو کار و چالاکی و هەنگاوێکی ئەم سەرزەوییە دژوارتر بێ. کەم مرۆڤی وا هەیە وەک مام جەلال، کە هێندە فرە ڕەهەند بێ و بتوانێ ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی گەلێکی چەوساوە بکا و بەرەو ئاسۆی ئاواتێکی لەمێژینەی بەرێ و هاندەری هەناسەی ژیانی سەربەستی‌خوازانەی بێ. زۆر ناوازەن ئەوانەی وەک ئەم سەرکردەیە کە بتوانن بێ‌پسانەوە لە نێو کۆمەڵێک کارەسات و ئەزموونی تاڵ و ناخۆشەوە، دیسان سەر بەرز بکەنەوە و ڕێگا نەدەن لادان و بەزین ببێتە چارەنووسی بێبڕانەوەی ئەبەدی.

مام جەلال جەمسەرێکی نوێ و ڕوانگەیەکی گەش و تازە بوو بۆ سیاسەت و خەبات و مشتومالی رووحی پڕ ئێش و ئازاری مرۆڤی ژێرچەپۆکەی دەدا. لە شۆرشی نوێ‌دا بوو بە ئالاهەڵگر و بووژێنەوەی جووڵانەوەیەکی خەیانەت‌پێکراوی نەیاران، کە هەستانەوەی ئەفسانەیەک بوو تەنیا چیاکان و بیری تازەپشکووتوو بڕوایان پێی بوو. ئەم پێشەنگە لە هەڕەتی شەوەزەنگی تاریکپەرستی‌دا توانی قوتابخانەیەکی ڕووناک دامەزرێنێ و ملی ڕێبازی هێنانەدیی مافی چارەنووس بگرێ و ڕەوتی پێکەوەژیانی هێمنانە دابێنێ و دین و ئەندیشەی جیاواز وەک بەرهەم و دەسکەوتی پێشکەوتنی مرۆڤ بنرخێنێ و لێکی‌بداتەوە. ئەو بوو کە مانیفێستی دابینکرانی ئازادی و نانی بۆ قەڵەم داهێنا و لەگەڵ دەیان بەدیهات و خەسڵەتی بەنرخی دیکە چەسپاندنی و مێژووی خەباتی پێ زێڕوەشان کردن.

ئێمە دەزانین کە لەم ساتەوەختە سەخت و دژوارەدا، کۆچی ئەم کەڵەپیاوە خۆشەویست و مەزنە، زەبرێکی گرانە و غیابی مام جەلال لەم دووسێ ساڵەی دوایی‌دا بە هەموو دنیای سەلماند، نەمانی دەوری کاریزمایەکی تاقانەی پراگماتیست دەتوانێ چۆن ڕەنگ بداتەوە. بێگومان هەمیشە مام جەلال دەیتوانی نەهێڵێ ڕێچکە باریک و وردەکان کوێر ببنەوە و لە دەستی دەهات بیانباتەوە سەر شاڕێی تێپەڕین و ڕێ نەدا کۆسپ و تەگەرە ببنە لەمپەری وەدی هاتنی مافی ڕەوا.

بەڕاستی کەسەری لە دەستدانی مام جەلال لە هەلێکی ئاوا هەستیاری پاش ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی‌دا پەشێوتری کردووین، چونکە هەڕەشەی ناڕەوا و ترسی لێکدابڕان و چەندبەرەکی بوونە ئاوێتەی ڕەوتی ڕووداوەکان؛ بۆیە هیواداریـن هەموو لایەک بە وەبەرچاو گرتن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە و دانەپێشەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، لەم ئەزموونە بارناسکە بە سەربڵندی دەرباز بن.

گیانی مرۆڤدۆستانەی مام جەلال، کە مەلی هومای تەبایی و حاوانەوە و حەسانەوە و بەختەوەری و گەل سالاری بوو،

ئێستا بە سەر نیشتمانەوە دەخولێتەوە و چاوەڕوانی یەکییەتی و یەکبوونە و دەڕوانێتە ترۆپکی سەرکەوتن و بەهەشتی هەتاهەتایی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

---

### دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان




ڕۆژی ٣ی ئۆکتوبری ٢٠١٧ (١١ی ڕەزبەری ١٣٩٦)، مام جەلال، سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و جێگری سەرۆکی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، کۆچی دوایی کرد.

ئەم هەواڵە، ئێمەشی وەک هەموو ئەو کەس و لایەنانەی لە نزیکەوە ئاگاداری شەش دەیە خەباتی بێوچانی مام جەلال بۆ مافەکانی نەتەوەکەی و ڕۆڵی مێژوویی ئەو سەرکردەیە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و ئاڵوگۆڕەکانی عێراق دان، بردە نێو خەم و ماتەمەوە. ڕاستە مام جەلال، لە هەناوی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستاندا پشکووت و دامەزرێنەر و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، بەڵام بە هۆی پانتایی سیاسەتکردن و ڕوانین و بیرکردنەوەکانی و، لە بەرەکەتی ڕەهەندە جیاوازەکانی توانا و کاریگەریەکانی و، بایەخدانی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها گرنگیدانی بە پشتیوانیی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی و دادپەروەرانە لە عێراق و ناوچەکە، لە مێژ ساڵ بوو لە ئاستی نەتەوەیی و ناوچەییدا، ببووە یەکێک لە سەرکردە و کەسایەتییە شوێندانەرەکان.

کاتێکیش پۆستی سەرکۆماریی عێراقی گرتە دەست، بەستێن و مەیدانێکی گونجاوتری بۆ کاری دیپلۆماسی و نیشاندانی لێهاتووییەکانی خۆی لە ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ عێراقی نوێ و پێکەوە حاواندنەوەی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی بۆ ڕەخسا. ئەوە کە بە دوای نەخۆشکەوتنی بەڕێزیاندا، هاوسەنگی و پێکەوە حاوانەوەی پێکهاتە سەرەکییەکانی وڵاتی عێراق زۆرترین زیانیان پێ کەوت و ئەو وڵاتە تووشی گەورەترین قەیرانەکان بوو، بە باشی دەیسەلمێنن کە ئەو سەرۆکە چەندە بەتوانا و شوێندانەر بوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای قەدرزانی و پێزانینیان بۆ خەبات و تێکۆشانی سەرۆک مام جەلال لە بوار و بەستێنە جیاوازەکان دا، لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە خۆشەویستی و ئەمەگناسییان بۆ ئەو کەسایەتییە گەورەیە هەیە. لە ڕوانگەی پێوەندیی دۆستانە و پشتگیرانەی مام جەلال و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتای زایینییەوە. لە گۆشەنیگای ئەو پێوەندییە گەرمەی لە نێوان ئەو دوو هێزە و بە تایبەتی سەرکردەی شەهید د.قاسملوو و مام جەلالدا هەبوو کە جۆشدانی زیاتری پێوەندی و هاوکاریی بزووتنەوەی کورد لە دوو بەشی کوردستانیدا لێکەوتەوە و لە سەر ئاستی نێودەولەتییش، بووە سەرەتایەکی باش بۆ ڕاکێشانی دۆستایەتی و پشتیوانیی هێز و کەسایەتییە ڕۆژاواییەکان بۆلای بزووتنەوەی کورد بە گشتی و هاوپێوەندییان لەگەڵ گەلی کورد لە عێراق بە تایبەتی کە بەرەورووی کارەسات و کۆمەڵکوژی ببۆوە.

دوای ڕاپەڕین و پێکهاتنی بارودۆخێکی نوێ لە باشووری کوردستان و گوشاری ڕێژیمی ئێران بۆ هێزە سەرەکییەکان لە هەرێمی کوردستان، حیزبی دیموکرات و بە گشتی تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لەو بەشەی کوردستان کەوتنە بارودۆخێکی نەخوازراو و تایبەتەوە کە لە ئاوڕدانەوەی ڕابردوو و وەبیرهێنانەوەی بەرپرسایەتیی هێزە سەرەکییەکانی باشوور، ئەم دەورەیە جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە. لەگەڵ ئەمەشدا حاشا هەڵنەگرە کە مام جەلال لە گرنگیدان بە بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە و بە تایبەتی ڕاگرتنی پێوەندیی دۆستانە و پشتیوانی و هاوکاریی هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای بەرپرسیارەتی و ئەرکە قورسەکانی، هیچ کات غافڵ نەبوو.

بێگومان، ژیان و تێکۆشان و ئەزموونی دەوڵەمەندی مام جەلال لە ڕێبەری و سەرکردایەتیی حیزب و بزووتنەوە و وڵاتدا، زۆر شتی جێگای لێ فێربوونیان تێدایە. بوێریی مام جەلال لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرێکوێرەکان ونەرمی نواندن و هەنگاونان بۆ دیالۆگ و دەسپێشخەری لە پێناوی ئاشتی و تەبایی نەتەوەییدا یەک لەو شتانەیە. ڕاستییەک کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانی لە پەیامی سەرەخۆشی بە بۆنەی کۆچی دوایی سەرۆک مام جەلالدا، بە جوانی ئاماژەی

پێ دا و وەبیری هێنایەوە کە زۆر لە دەسکەوتەکانی ئەمڕۆی گەلەکەمان لەو بەشەی کوردستان، بەرهەمی تەبایی و هاوپشتیی نێوان ئەو دوو سەرکردەیەیە.

لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی مام جەلال، ڕاگرتنی بالانسی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان و پێکەوە حاواندنەوەیان بە ڕێگای دیالۆگ و ڕێزگرتن لە خواست و مافەکانیانە. ئەزموونی سەرکەوتوانەی سەرۆکایەتیی مام جەلال دەتوانێ بۆ ڕێبەرانی هەر ولاتێکی فرە پێکهاتە کە لە نیوخۆیاندا لە گەڵ شەڕ و توند وتیژی و قەیران و کێشەی ئاڵۆز بەرەوڕوون، ببێتە وانەیەکی شیاوی لێ فێربوون.

مام جەلال هەر لەو کاتەدا کە لە سەرانسەری جیهاندا بە دوای دۆست و پشتیوان بۆ نەتەوەکەی و بۆ ئامانجی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەریدا دەگەڕا، ئەو خەڵکەشی هیچ کات لە بیرنەکرد کە لە قۆناغە سەخت و ئەستەمەکانی خەباتی پێشمەرگانە و شەڕی چەکداریدا، پشت و پەنای خۆی و تێکۆشەرانی نیو بزووتنەوەی کوردایەتی بوون. ئەو هەتا ئەو کاتەی نەخۆشی، ڕەواڵی ئاسایی کار و بەرنامەی ژیانی ڕۆژانەی لێ نەشیواند، لە وەفا نواندن و بەسەرکردنەوەی خەڵکی دلسۆز و تێکۆشەرانێک کە حەقیان بە سەر بزووتنەوەی کوردایەتی و سەرکەوتن و دەسکەوتەکانییەوە هەیە، کەمتەرخەم نەبوو. مام جەلال، شکست و ناهومیدیی نەدەناسی. ئەگەر بزووتنەوەی کوردایەتی و نەتەوەکەی تووشی شکستێکیش بوایەن، ناهومێد نەدەبوو و بە ورە و باوەڕێکی پتەوەوە دەهاتەوە مەیدان و لەو پەڕی بێ ئاسۆیی و ناهومێدیدا، هومیدی دەخوڵقاند. کەسایەتییەکی ئازادبیر، بە فەرهەنگ و هەموولابین بوو. بە خەبات و لێزانی و ژیری و توانا تایبەتییەکانی خۆی توانی سەرچاوەی زۆر ئالوگۆڕ و دەسکەوت لە مێژووی نەتەوەکەی و خەباتی ئازادیخوازی لە ناوچەکەدا بێ و ببێتە کەسایەتییەکی بەڕێز و خۆشەویست نەک هەر لەنێو نەتەوەکەی بەڵکوو لە ئاستی ناوچە و جیهاندا. هەر بۆیە بێگومان لە دەستدانی خەسارێکی گەورەی نەتەوەییە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی سەرۆک مام جەلالەوە، هاودەردیی قووڵ و سەرەخۆشیی گەرمی خۆی، بە بنەماڵە تێکۆشەرەکەی، بە مەکتەبی سیاسی و تێکڕای ڕیزەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بە گەلی کورد لە باشوور و هەموو بەشەکانی کوردستان، ڕادەگەیەنێ. لەو باوەڕەش داین کە دەسکەوتە سیاسییەکان و میراتی مەعنەویی مام جەلال، بە پێداگری لە سەر تەبایی و یەکڕیزیی نەتەوەیی بە تایبەتی لەو بەشەی کوردستان، بە وەلانانی بەرژەوەندە ڕێکخراوەیی و گرووپییەکان لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەییدا، بە هاوکاری و پێوەندیی دۆستانە و برایانەی نێوان گەلی کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان، هەر وەها بە بەردەوامبوون لە سەر خەبات و تێکۆشان هەتا وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجی لەمێژینەی مام جەلال، "مافی چارەی خۆنووسین" کە لە ئێستادا لە

شێوەی چەسپاندن و جێگیرکردنی ئاکامەکانی گشتپرسی بۆ سەربەخۆییدا خۆی دەبینێتەوە، دەپارێزرێ. هیوای ئێمە ئەوەیە هەر وەک ژیان و خەباتی سەرۆک مام جەلال بۆ نەتەوەکەی سەرچاوە بەرهەم و دەسکەوت بوو، کۆچی دوایی و ماڵاوایی یەکجارییشی، دەرفەتێکی دیکە بێ بۆ یەکدڵی و لێکنزیکبوونەوەی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد و خۆنواندنی پشتیوانی و هاوپێوەندیی دۆستانی پرسی ڕەوای کورد بە تایبەتی لە هەلومەرجی ئێستا دا کە کورد لە باشووری کوردستان بە بۆنەی دەنگدان بە سەر بەخۆیی و پێداگری لە سەر ئەم مافە ڕەوایە، بووە بە ئامانجی گەلەکۆمەگی، گەمارۆ و پیلانگێڕیی هێندێک لە وڵاتانی ناوچە.

یادی مام جەلال بەرز و بەڕێز و بەرقەراری بۆ ئامانجەکانی کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکەی و وەدیهاتنی ئاشتی، ئازادی، دیموکراسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکە، دیارترینیان بوون.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

٥ - ١٠ - ٢٠١٧

١٣ی ڕەزبەری ١٣٩٦

---------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




**لەدەستدانی مام جەلال، خەمێکی سەرتاسەرییە**

**هاونیشتمانیانی بەڕێز**

**خەباتکارانی کورد**

**یەکیەتیی نیشتمانیی دۆستمان**

بەداخەوە ڕۆژی ١١ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی، کوردستان کەسایەتییەکی گەورەی لە دەست دا کە زیاتر لە نیو سەدە لە ژیانی لە پێناوی ڕزگاریی نیشتمانی و بەختەوەریی خەڵکدا تێپەڕ کرد.

بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی، مام جەلالی تێکۆشەرانی کورد، هەر چەند لە گوندێکی کوردستان لە بناری شاخێک لەدایک بوو، بەڵام خەبات و تێکۆشان و هەوڵە ماندووینەناسانەکانی لە پێناوی نیشتمان و خەڵکەکەیدا کردی بە کەسایەتییەکی کوردستانی و ناوچەیی و جیهانی.

بەڕێز مام جەلال سکرتێری حیزبێکی شۆڕشگێڕ و خەباتکار بوو، کە لە قۆناغە دژوارەکانی ژیانی کوردستانی عێراقدا دایمەزراند و ئەم حیزبە چەندین قۆناغی گرنگ و هەستیاری مێژوویی تێپەڕاند.

بەداخەوە نەخۆشی مام جەلالی لە دونیای سیاسەتی کوردستانی دوور خستەوە و بۆشاییەکی بەرچاوی لە ڕیزی سیاسەت و خەبات لە کوردستانی عێراقدا دروست کرد و لەدەست دانی هەتاهەتایی ئەو کەسایەتییە گەورەیە، زیانێکی گەورە بە جەستەی خەبات و سیاسەت لە کوردستانی عێراق و حیزبە تێکۆشەرەکەیەوە دەبێ، کە تەنیا بە هاوئاهەنگی و تەبایی و پێکەوە بوون دەکرێ ئەو خەسارە تا ڕادەیەک قەرەبوو بکرێتەوە.

مام جەلال دۆستێکی گرانقەدری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو و لە ڕۆژە دژوار و سەختەکاندا، دۆست و هاوپەیمانی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات بوو، کە لە دەست دانی ئەو کەسایەتییە بۆ حیزبی دێموکراتیش داخێکی گەورەیە کە زامە گەورەکانمان دەکولێنێتەوە.

ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا وێڕای سەرەخۆشی لە کەسوکار و بنەماڵەی بەڕێزی مام جەلال، بەتایبەت هاوسەر و کوڕەکانی، هاوخەمی خۆمان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و هەموو ئەندامانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەر دەبڕین. سەرەخۆشی لە گەلەکەمان بەتایبەت لە کوردستانی عێراق دەکەین. وێڕای دەربڕینی پەژارەمان بۆ لە دەست دانی ئەو کەسایەتییە گەورەیە، دووبارە جەخت لە هاوئاهەنگی و تەبایی و پێکەوە بوون چ لە نێو ڕیزەکانی حێزبە دۆستەکەمان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و چ لە نێو هەموو حیزب و لایەنی سیاسی و خەباتکارەکانی کوردستانی عێراق دەکەینەوە، کە ئەم بڕگە هەستیارەی مێژووی ئەو بەشە لە نیشتمانمان، لە ژێر خەمێکی وەها گەورەدا تەنیا بە پێکەوەبوون دەتوانێ بە سەرکەوتنی مەزن بگات.

ڕۆحی مام جەلال شاد،
سەبووری و خۆڕاگری بۆ ئازیزانی،
تەبایی و سەرکەوتن بۆ خەبات و تێکۆشان لە کوردستاندا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

١٢ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی



سەرچاوە
Serchawe

٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی

-------------------------------------------

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران




بە داخ و پەژارەیەکی گرانەوە، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ٣ی مانگی ئۆکتۆبری ٢٠١٧، مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی "یەکێتی نیشتمانی کوردستان" و سەرۆک کۆماری پێشوی عیراق، ڕێبەرێکی نەسرەوتوی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە کوردستانی عیراق، دۆست و پشتیوانی دێرینی کۆمەڵە و بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستانی ئیران، دوای ٥ ساڵ دەست و پەنجە نەرم کردن لە گەڵ ئاسەوارەکانی سەکتەیەکی مەغزی، لە شاری بیرلین لە وڵاتی ئاڵمان کۆچی دوایی کرد.

هەموو ژیانی مام جەلال هەر لە سەردەمی تازە لاویەوە تا ئەو ساتەی کە لەشی ماندووی تووشی ناسازی بوو، و تەنانەت تا ئەو کاتەی کە دڵی پڕ لە هەستی لە لێدان کەوت، لە خزمەت بە ئامانجەکانی خەلکی ستەملێکراوی کوردستان دابوو. ئەگەرچی ئەولەویەتی ژیانی سیاسی مام جەلال بە ئاکام گەیاندنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان و سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی بوو، بەڵام مام جەلال نەتەوەپەرستێکی بەرچاوتەنگ نەبوو. هەربۆیە بەردەوام شانازی بەوە دەکرد کە دوست و پشتیوانی خەباتی عادڵانەی خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستینە و هیچ وەسوەسەیەک لە بەرەی خەباتی ئەو گەلە ستەملێکراوە دووری نەختستەوە. هەر لە ٥٠ساڵ لەوە پێشەوە وەکوو یەکێک لە ڕێبەرانی بزوتنەوەی گەلی کورد، پێوەندی پتەوی لە گەڵ هێزەکانی چەپ و شۆرشگێری ئیران و فەلەستین و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دامەزراند و بە هەموو تواناوە، فرسەتی بۆ دەخولقاندن و یارمەتیدەریان بوو.

مام جەلال دۆستێکی وەفادار و بە ئەمەگی کۆمەڵە و بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستانی ئیران بوو. پردی پێوەندی لە نیوان ئەو بزوتنەوەیە و خەباتی رەوای خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق بوو. پیوەندی نێوان کۆمەڵە و مام جەلال و لە رێگەی مام جەلالەوە لە گەل یەکیتی نیشتمانی کوردستان، لە سالی ١٩٧٨وە دامەزرا و خوێنی ئازیزترین کادری کۆمەڵە، کاک خانەی موعینی بوو بە هەوێنی پتەو کردنی. بۆ ماوەی نزیک بە چوار دەیە لە ژێر سێبەری ئەو پیوەندیەدا، هەوراز و نشێوەکانمان، نسکۆ و سەر هەلدانەوەمان لە هەر دوو پارچەی کوردستان، لە گەڵ مام جەلال پێکەوە بڕی و لە هەمووی ئەو ٣٩ساڵەدا و تەنانەت ئەو کاتەش کە مام جەلال بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق، ئەو پیوەندیە بە راشکاوی و بێ گوێدان بە پوروتۆکۆل و بەرژەوندیە دیپلوماسیەکان، هاورێیانە، بەردەوام و کاریگەر مایەوە. کات و ساتەکانی ئەو مێژوە هەموو تۆمار کراون و هەرگیز لە بیر ناچنەوە.

ئەمرۆکە هەموو ریزەکانی کۆمەڵە، بە گیان لە دەستدانی مام جەلال خەمبارین. پڕ بە دڵ لە هەموو هاورێیان و دۆستان و هۆگران و هاورێیانی مام جەلال لە هەر شوێنێک هەن، سەرە خۆشی دەکەین و بە تایبەتی خۆمان بە هاوخەمی بەرێز هێرۆ خان و کاک بافڵ و کاک قوباد و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەیان و هەموو پێشمەرگە و ئەندامان و رێبەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەزانین.

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

٣ - ١٠ - ٢٠١٧

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران



کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە، هەواڵی ماڵئاوایی مام جەلالی پێگەیشت. مام جەلال کەسایەتییەکی هەرە ناودار و شوێندانەری کورد لە کوردستانی باشوور، عێراق، و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. کۆچی دواییشی پاش نزیک بە پێنج ساڵ نەخۆشی دەنگدانەوەیەکی گەورەی بووە لە هەموو کوردستان، لە عێراق و ناوچەکە و لە هەموو جیهاندا.

مام جەلال دۆست و دڵسۆزێکی بە وەفای بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کۆمەڵە بوو. بۆیەش گومان لەوەدا نییە کە کۆچی دوایی جەنابیان، هەموو ڕێبەری و کادرەکانی کۆمەڵەی تووشی خەم و ماتەمینی کردووە.

بەو بۆنەیەوە ئێمە سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزی تاڵەبانی، بە تایبەت بەڕێز هێرۆخان، بەڕێزان باڤڵ و قوباد تاڵەبانی دەکەین. سەرەخۆشی دەکەین لە مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی و هەموو کادر و ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی. هەروەها لە لایەن هەموو کۆمەڵەوە سەرەخۆشی دەکەین لە گەلی خەباتکاری کورد لە کوردستانی باشوور و لەهەموو پارچەکانی دیکە بە تایبەت کوردستانی ڕۆژهەڵات.

هیواخوازین هەر بەو شێوەی ژیان و وزەی مام جەلال لە عێراقی دوای سەدام حسێن لە پێناوی یەکریزی خەباتکارانەی گەلی کوردی باشوور بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی تەرخان کرا، کۆچی دواییشی هەر بە هەمان شێوە ڕێگا خۆشکەر بێت

بۆ یەکریزی گەلی کوردستان باشوور لەو قۆناغە هەستیارەی ئێستادا و بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر کوردستان.

**کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی = ١٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٦**

**کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**



به هەواڵی مەرگی مام جەلال گشت کوردستان خەم و ماتم دایگرت. ئەو کەسەی کە لەسەرەتای تەمەنی لاوەتی بێ وچان بۆ رزگاریی گەلێک تێکۆشا، پشتیوانی لە دیمۆکراسی و دادوەریی کۆمەڵایەتی کرد و هاندەر و پاڵپشتی پێشکەوتنخوازیی بوو، ئەو ڕابەرەی ژیرانە هەموانی لێک نزیک دەکردەوە و تەبایی و یەکێتی دێنا.

مام جەلال قەڵای قایمی خۆڕاگری و میعماری شۆڕشی نوێ بوو، مام جەلالێک کە حەولی دا عێراقی نوێ ساز بێ و بە دڵگەورەیی و دووربینی چی بۆی کرا کردی تا نەهامەتی روو لە گەلانی عێراق نەکاتەوە و پێکهاتەکانی عێراق لە جیگای رەق و دوژمنایەتی و شەر، ئاشتیانە پێکەوە بژین.

ئەو پێشمەرگەیەی کە تەمەنێک بۆ رووخانی دیکتاتۆری لە عێراق شەڕی کردبوو، کرا بە سەرۆک کۆماری عێراق، وەک سەرۆک کۆماری نە تەنیا بیری لە تۆڵەکردنەوە نەکردەو کە ئامادە نەبو تەنانەت حوکمی لە سێدارەدانی سەدام کە دەیان جار بۆ کوشتنی مام جلال پیلانی دارشتبو، واژۆ بکات. مام جەلال لە بەرامبەر بیرجیاوازان و نەیارانی سیاسی ئەهلی دیالۆگ و پێکەوە کاردکردن بو. مام رۆڵی گەورەی گێرا کە کوردستان دەورانی شەری ناوخۆیی تێپەر بکات و پێکهاتە سیاسیەکان هەر کام پێگە و دەوری یەکتر قەبوڵ بکەن.

بەڵام مەخابن هەوڵەكانى مام جەلال بۆ عێراقێكى فيدرال و دموكرات نەبوو بە دەرفەت و دەرس بۆ نەيارانى كوردستان، جيلى داهاتووى عێراق ڕۆژێک دەيسەلمێنن پەندەكانى ئەو سەرۆک كۆمارە پێشمەرگەيە چەندە حيكمەتى تێدا بوو. هەر ئەوە نيشان دەدا كە كەسايەتى مام جەلال چەند بەهێز و چەندە بۆ كوردستان پێويست بوو و بزاوتى كوردستانى بە دنيا دەناساند، ئەورۆ بە جەستە لە ناومان نەماوە، بەڵام ئاوات و ڕێبازى تاهەتايە لە مێژوو و خەباتى گەلەكەماندا زيندووە. مام جەلال دۆست، پشتيوان و دڵسۆزى كۆمەڵە و هەموو بزوتنەوەى رزگاريخوازيى لە كوردستان و ناوچە بوو، كۆمەڵە دۆست و پشتيوانێكى گەورەى لە دەستدا كە لە رۆژانى تەنگانە و قۆناغى سەختى خەباتدا متمانەى نێوانمان دروست ببوو.

لە لايەن هەموو رێكخستنەكانى كۆمەڵەوە سەرەخۆشى لە هێرۆخان، كاک بافڵ و كاک قوباد و گشت بنەماڵەى تالەبانى دەكەين. هاوخەمى خۆمان بۆ هەوالانى تێكۆشەرى مەكتەبى سياسى و سەركردايەتى و ريزەكانى يەكێتى نيشتمانى دەردەبڕين و پەيمانى خەبات و تێكۆشانيان لەگەڵ نوێ دەكەينەوە، هەروەها سەرەخۆشى لە تەواوى خەباتكارانى كوردستانى باشور و هەموو گەلى كوردستان دەكەين.

بەرز و بەڕێز بى ياد و ڕێبازى مام جەلال

كوميتەى ناوەنديى كۆمەڵەى زەحمەتكێشانى كوردستان

٣ - ١٠ - ٢٠١٧ زايينى

--------------------------------------

**ڕێكخراوى خەبات،ى شۆڕشگێڕى كوردستان**



بە نێوی خودای بەخشندەی میهرەبان

بەڕێزان: سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!

بنەماڵەی تێکۆشەری مام جەلال تاڵەبانی!

بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی مام جەلال تاڵەبانی، سەرکردەی دیاری کورد و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆککۆماری پێشووی عێراق بووە جێی داخ و خەم و نیگەرانیی ئێمە و تێکۆشەرانی کورد و خەڵکی کوردستان بە گشتیی.

ئێمە لە ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان بە بۆنەی ئەم کۆستە گەورەوە سەرەخۆشیی گەرم لە ئێوەی بەڕێز لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەندامانی بنەماڵەی تێکۆشەری تاڵەبانیی و خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی نێو ڕیزی بزووتنەوە دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەم و کەسەرتان دەزانین. هیوادارین خودای گەورە سەبر و ئارامیی بە هەموو لایەک بدا و، ڕێگای خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی ئەو کەسایەتییە هەمیشە ئاوەدان بێ.

بەڕێزان!

مام جەلال تاڵەبانیی کەسایەتییەکی سیاسیی کاریگەر و ناسراوی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ناوچەکە و، ئەکتەرێکی دیار و بە هەڵسووڕی نێو بزووتنەوەی کوردستان بوو کە لە چەندین کات و قۆناغی هەستیاردا دەور و دەستی لە ڕووداوەکان و هێنانەدیی دەستکەوتەکاندا هەبووە. مام جەلال هەر لە مێرمنداڵییەوە تا ڕێبەرایەتییکردنی یەکیەتیی نیشتمانیی و دوایین قۆناغەکانی تێکۆشانی سیاسیی کە سەرۆککۆماریی عێراق بوو، سەرکردە و کەسایەتییەکی چوست و چالاک و بە زیپکوزاکونی کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، هەر بۆیە کۆچی دوایی ئەو زاتە، بە تایبەت لەم قۆناغە تایبەتییەی ئێستا کە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و کورد و دەڤەرەکەی تێدایە، داخێکی بەژان و زیانێکی گران و کۆستێکی گەورە بۆ یەکیەتیی و کورد و گەلانی ناوچەکە بوو.

جارێکی دیکە هاوخەمیی و سەرەخۆشیی خۆمانتان عەرز دەکەین.

انا للە و انا الیە راجعون

**ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان**

**کومیتەی ناوەندیی**

**٣ - ١٠ - ٢٠١٧ی زاینیی = ١١ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاویی**

**کومیتەی ناوەندی ڕێکخراو یاری کورد (یارسان)**




مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بنەماڵەی تێکوشەری مامی سەرکردە و رابەر، خەڵکی خەباتگێری کوردستان:

بەداخ و پەژارەێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سەرکردەی دڵسوز و ناوداری کورد و سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانمان پێگەیشت، بەم کۆست و بۆنە خەمناک و دڵ تەزێنەوە، لەناخی دڵمانەوە تاسەو حەسرەتی خۆمان دەردەبڕین و هەروەها پرسەو هاوخەمی خۆمان و تەواوی کومەڵگەی کوردی یارسان (کاکەیی) بۆ مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و سەرجەم هەڤاڵانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بنەماڵەی تێکوشەری ڕێزدار مام جەلال و هەر چوار پارچەی کوردستان نیشان دەدەین و هاوبەشی خەمتانین.

دیارە جەنابی مام جەلال زیاتر لەنیو سەدەیە لەناو کاروانی تێکۆشانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان وەک رەمز و کەسایەتییەکی دیارو کاریگەر شانی وەبەر خەباتێکی سەخت و ماندوونەناسانە داوەو لەو ڕێگایەشەوە قوربانییەکی زۆری بەخشیوە و نەخش و کاریگەری بەسەر رەوتی ڕووداوەکان و بەدەستهێنانی دەستکەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا بەڕوونی دیارە و کەس ناتوانێ هاشای لێ بکا.



سەرچاوە
Serchawe

مام جەلالی سەرکردە ئەو ڕێبەرە گەورە و هوشمەندە بوو کە هەر کاتێک کوشکی داگیرکەران لە تاران، ئانکارا،بەغداد و دمشق هەموو دەرگاکانیان بە روی کورد و کوردستانیاندا دادەخست ئەو پەنجەرەیێکی دەدیتەوە و خوی ئەکرد بە ژوری کوشکەکانیاندا و بە شیوەیێک لە شێوەکان دەنگی رەوای کورد و کوردستانیانی پێ دەگەیاندن و هەتا دوا هەناسەی لە ئەو ئەرکە پیروزەی کوڵی نەدا و بۆ مافی گەل و نیشتمانەکەی بێوچان خەباتی کرد و نەسرەوت، داخەکەم مەرگ مەودای نەدا و پاش ماوەیێکی دور و درێژ بەربەرەکانی لە گەڵ مەرگ سەرئەنجام ئەورۆ ٣ی ١٠ی ٢٠١٧ لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا لە شاری بەرلینی وڵاتی ئاڵمان چاوە پڕ لە هەسرەتەکانی لە سەر یەک دانا و بۆ هەتا هەتایە ماڵ ئاوایی لە کورد و کوردستان کرد و چوە رێزی نەمرانی گەل و نیشتمانەوە..

هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکت ئەی سەرکردەی گەورە و شورشگێری کورد، جنابت ڕێبەرێکی وا دڵسوز و گەورەیت کە گەلی کورد لە ئیلام و کرماشانەوە هەتاکو ورمێ و دیاربەکر و قامیشلی،هەولێر و کەرکوکی کوردەواری خانەقین و مەندەلی فەیلی نشین بە هەموو پێکهاتە و ئایین و ئاینزاکانیەوە بۆ کوچی ناوەختت خەمبارن و پرسەت بۆ دەگیرن و شانازی بە مێژوی پڕ سەروەیتەوە دەکەن و سەریان پێت بەرزە.

ئێمە ئەگەر بمانهەوێ لە خەبات و تێکوشان و گەورەی بەرێزت بنوسین دڵنیان پێنوسەکانمان کورت دێنن تەنیا ئەتوانین بڵێین، ئارام بنوو ڕێبەری مەزن و سەرکردەی ئازا و ئازاد، ئارام بنوو مامی گەورە و دڵسوز، ئاسودە بنوو مامی تێکوشەری گەل و نیشتمانی کورد.

کومیتەی ناوەندی رێکخراو یاری کورد(یارسان)

٣ - ١٠ - ٢٠١٧

ماڵپەڕی یاریکورد

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## كۆمیتەی ناوەندی پارتی ئازادیی كوردستان PAK




**بەڕێزان: بنەماڵەی سەرۆک تاڵەبانی!**

**بەڕێز: مەكتەبی سیاسی و سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان!**

**ئەندامان و لایەنگرانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان!**

**لەو كاتەدا كە كوردستانی خۆشەویستمان بەرەو قۆناغێكی گرینگ و چارەنووسساز لە رێدایە و گەلێک ئەگەر و هات و نەهاتی لە سەر رێیە؛ لە دەمێكدا كە نەتەوە و نیشمان زیاتر لە هەموو كاتێكی دیكە ئاتاجی سەركردە و پێشسواری زانا و بە ئەزموون و خاوەن پێگەیە، مەرگی مامجەلال، پێشمەرگەی بن تاشەبەردەكان، سەركردەی قۆناغە سەختەكان، پیاوی بڕیارە گەورەكان و عەقڵ و كلیلی قەیرانە قووڵەكان؛ زەبر و خەسارێكی قورسی سیاسی و دەروونییە لە كوردستان و كوردایەتی.**

**بە بۆنەی ئەم خەسارەتە نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، كۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئازادیی كوردستان، پرسە و سەرەخۆشی پێشكەشی بەڕێزتان دەكا و لەم كەسەر و كۆستە دڵتەزێنە و هەڵگرتنی باری خەم و پەژارەیدا، لە تەنیشت ئێوەین و هابەشییتان لە گەڵ دەكەین.**

ئاواتەخوازین هەر وەک چۆن لە ژیاندا، هەوێنی تەبایی ماڵباتی گەورەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و یەکڕیزی نێوان هێزە سیاسییەکان بوو، مەرگی مام، هەر بەو تەرزە، دەرفەتێک بێ بۆ دەمەزەرد کردنەوەی "یەکێتی ناو یەکێتی" و تەبایی نەتەوەیی و نیشتمانیی و بەپەرچدانەوەی هەڕەشەکان و خێرا کردنی هەنگاوەکان بۆ وەدیهێنانی ئەو ئاوات وهیوایەی خەڵکی باشووری کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوول دا لە ڕێفراندۆمە مێژووییەکەدا، بڕیاریان لە سەردا.

بەهەشتی هەرمان بۆ مامجەلالی هەمووان و ئۆقرە و سەبووریش بۆ هەموو لایەکمان.

پارتی ئازادیی کوردستان PAK

کۆمیتەی ناوەندی

١٢ی ڕەزبەری ٢٧١٧ = ٤ی ئۆکتوبری ٢٠١٧

---------------------------------------------------

ئەنجومەنی سەرکردایەتی؛ پارتی لیبراڵ دیموکراتی کوردستان




بەڕێز بنەماڵەی بەڕێزی مام جەلال

بەڕێز مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ب بڕۆسکەی ماتەمینی

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی داوای بەڕێزمام جەلال سیاسەتمەدار گەلەکەمان سکیرتێری یەکێتی نیشتمانی و سەرۆک کۆماری پێشووی عێراقمان پێگەیشت.

مام جەلال سەرکەردەی قۆناخە سەختەکان سیاسەتمەدارێکی پڕاگماتیست و سەرکردەیەکی گەورەی گەلەکەمان کە دەیان سال لە پێناو رزگاری نەتەوەکەی خەباتی کرد و تا دوا ساتەکانی ژیانی لە پێناو لە پێناو گەلەکەی پشووی نەدا، لە دەستدانی سەرکەردەی بە توانا و سیاسەتمەداری گەورەی گەلەکەمان خەمێکی وپەژارەیەکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان لەم قۆناغە هەستیارەدا کە هیچ قەلەمێکی ناتوانی بارتاقای وەسفی شیاوی مام جەلال بکات.

بە ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لیبراڵ دیموکراتی کوردستان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی بەرێز مام جەلال و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی (یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان) و هەموو دۆست و ئەندام و جەماوەری یەکێتی دەکەین و خۆمان بەهاوبەشی خەم و پەژارەتان دەزانین ..

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی مام جەلال تاڵەبانی. هەموو شەهیدانی ریگای رزگاری کورد و کوردستان

پارتی لیبرال دیموکراتی کوردستان

ئەنجومەنی سەرکردایەتی

٣ی ئوکتۆبەری ٢٠١٧ = ١١ی ڕەزبەری ٢٧١٧ی کوردی

---------------------------------------

**ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان.**



بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی سەرکردەی ناوداری کوردستانی و جیهانی، بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی کە ڕۆژی ٣ی ئوکتۆبەری ٢٠١٧ ماڵئاوایی جەستەیی لێکردین.

لەم کات و ساتەدا کە گەلەکەمان بەرەو هەنگاوێکی گرنگی مێژوویی دەڕوات ئەویش پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانە. سەرتاسەری جیهان بەو هەنگاوەی گەلی کورد سەرقاڵ و ئاگادارە، بەڵام مخابن سیاسەتزانێکی گەورەو ناسراوی کوردستانی و جیهانی وەک مام جەلال لە کاتی ئەم پرسە گرنگەدا کۆچی دوایی کردو بە جەستە بۆ هەمیشە بە جێێ هێشتین.
حاشا هەڵنەگرە کە کۆچی دوایی مام جەلال لەم کاتەدا کۆسپێکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان، بەڵام بەرهەمەکان و ئەزموونەکان و سیاسەتەکانی، ئەم کەڵە پیاوە بوونەتە زانکۆیەکی گشتی لە هزری هەموو کەسایەتییەکی خەمخۆری کوردستانی.

وەک ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی هەموو گەلی کورد بە گشتی و هەروەها مەکتەبی سیاسی و گشت ئەندامانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکەن.

داواکارین کە گشت لایەنە سیاسییەکان، وەک ڕێز و خۆشەویستیەکی شایستە بەرامبەر بەم کەسە ناودارەی گەلەکەمان، یەکریزی و تەبایی لە باشوری کوردستان بە هێزتر بکرێت. پێکەوە کاربکەن بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئارەزوو ماندووبوونی زیاد لە نیوسەدەی مام جەلال.

ڕۆحت شاد ئەی سەرکردەی سەربەرزی گەلەکەمان.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان

٣ - ١٠ - ٢٠١٧

----------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## چەند وتار و بابەت

-----------------------------------

### سپاس بۆ تۆ مامەی کوردان!



**سەعید بەگزادە**

ڕێبەری سیاسی کوردم پێ شک نایا بێ هەڵە بووبێ. مامم جەلالیش لێی بەری نییە. بەلام هەموو ڕێبەرانی پێشو و بە مام جەلالیشەوە، کە رابردوو، کارە باشەکانیان و نەخش و جێ پەنجەیان و گەورەییان بۆ میللەتەکەیان سەیر دەکەین. تەنیا دەتوانین دەبەرانبەر گەورەیی و زەحمەت و فیداکاریەکانیاندا، سەری ڕێزیان بۆدانەوێنین.

هیچ حیزبێک ناناسم بە ئەندازەی یەکێتی نیشتمانی تەیفی جۆراوجۆری فیکری وسیاسی تێدابێ، بەلام هەتا مام جەلال هێز و کاتی بۆیەکێتی نیشتمانی هەبوو، یەکدەنگی و یەکدەستی ئەو حیزبەی بە دیرایەت و زیرەکی و وشیاری خۆی، پاراست. کەم ولاتی پڕ کێشەی وەک ئێراقی ئێستا بوونی هەیە،دەگەڵ ئەوەی سەرۆک کۆمار بە پێی یاسا لەم ولاتەدا زۆر بەدەسەڵات نییە، مام جەلال دەپۆستی سەرۆک کۆماریدا، توانی لانی زۆری لایەنە نەیارەکاندەگەڵ یەکتر بحاوێنێتەوە.

مام جەلال هەر لە گەنجێتیەوە یەکێک لە باشترین سەفیرەکانی کورد بووە. نەخشی رێبەری و ناساندنی کورد بە جیهانیان زۆری بەر مام جەلال دەکەوێ. مام جەلال شەوەزەنگی تاریکی خەباتی کوردی لە باشور شکاند.
هەر بۆیە، مامە سەفەرت ئۆغر بێ.
بۆ بەرێ کردنی شایستەی مام جەلال زۆر باشدەبێ

هەموو بال و سەرکردەکانی یەکێتی بەرژەوەندیە تاکیەکانی خۆیان فرێ دەن و حیزبەکەی مامیان بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی مام جەلال کە رزگاری کورد بوو، یەک دەست بکەنەوە.

دەم هەل و مەرجەدا، بەشی دپلۆماسی کورد لە باشور دەبێ هەموو هەوڵی خۆی بۆ هەرچی زیاتر راکێشانی سەرانی ولاتان بۆ هەرچی باشتر بەرێ کردنی سەرۆک کۆماری ئێراق و رێبەری کورد راکێشنە کوردستان.

با ئەم دەرفەتە لە دەم دانی دوژمانی دەگەل بێ

روحت شاد مامی کوردان

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

--------------------------------------

**سەرۆک مام جەلال سکرتێری ینک و کەسایەتی سیاسی هەموو قۆناخەکانی خەبات کۆچی دوایی کرد.**



**حەمەرەسووڵ کەریمی**

**ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٣ - ١٠ - ٢٠١٧ سەرۆک مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی سەکتەی مێشکەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی ئاڵمان کۆچی دوایی کرد.**

**دوا بە دوای ئەوە کە لە ڕێکەوتی ١٧ - ١٢ - ٢٠١٢ مام جەلال وەک سەرۆک کۆماری عێراق کەسی یەکەمی عێراق باری تەندرووستی تێکدەچێ، لە بە غداوە بۆ چارەسەری پزیشکی بەرەو ئاڵمان دەنێردرێ و پاش ماوەیەک چاوەدێری توونند و تۆکمەی پزیشکی بۆ ژیان دەگەڕێتەوە کوردستان و لە شاری سولێمانی لە ماڵی خۆی دەخرێتە ژێر چاوەدێری پزیشکی و لەو ساتەوە بەداخەوە باری تەندرووستی مام جەلال باش نەبۆتەوە و دوای چەندین جار سەردان بۆ ئاڵمان و بۆ چارەسەری پزیشکی بەداخەوە ئەمڕۆ سێی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ دڵە گەورەکەی لە لیدان کەوت و بۆ هەمیشە بە جەستە ئەویندارانی ئازادی کوردستان و بە تایبەت یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی بە جێهێشت.**

دوای ئەوە مام جەلال تووشی نەخۆشی بوو، باڵانسی سیاسی و باری ئارامی و ئاسایشی عێراق بە گشتی و کوردستان بە نیسبەت پێشووەوە بە تەواوی تێکچوو و هەنووکەش هیچ یەک لە سەرکردە سیاسیەکانی عێراقی و کوردستانییەکان نەیانتوانیوە جێگای بۆشایی مام جەلال پڕ بکەنەوە و لەم قۆناخەش دا مام جەلال جێگای بە تەواوی دیارە و بۆشایی ئەو سەرکردە گەورەیە بە دەسەڵاتی کوردی و بە خەباتی نەتەوایەتی کوردەوە دیار دەبێ.

مام جەلال یەکێک لە دیارترین سەرکردەکانی مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداری و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بوو، کەسایەتییەکی جیهانی و نێونەتەوەیی هەبوو، لە سێ کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دا وەک سکرتێری گشتی هەڵبژێردراوە، پێکهێنەر و ئەندازیاری سەرەکی بەرەی کوردستانی بووە، دوای ڕزگاری باشووری کوردستان و لە نیوەی دووهەمی ساڵانی نەوەد دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئیدارەی سولێمانی بووە، لە مێژووی عێراقدا بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٥ دا کوردێک بوو بە سەرۆک کۆمار کە ئەویش بەڕێز مام جەلال بوو، لە سەریەک مام جەلال دوو خول سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ بوو.

سەرۆک مام جەلال نووسەر، وەرگێر، ڕۆژنامەنووس، سەرکردە و پێشمەرگە بوو، شارەزایی بە سەر چەند زمانی جۆراوجۆری جیهانی دا هەبوو، مرۆڤێکی تەژی لە نەبەزی و خۆراگری بوو، دووربین و پشوو درێژ و خەباتکاری هەموو قۆناخەکانی مێژووی سەدەی ڕابردوو و سەدەی ئێستا بوو، ساحەبی سەدان وتاری سیاسی و لێدوان و گوتاری پڕ نێوەرۆک بوو، خوێندەوار و ڕووناکبیر و شۆڕشگێر بوو.

مام جەلال لە ساڵی ١٩٧٠ی زائیینی دا لەگەڵ خاتوو هێرۆ کچی کەسایەتی ناسراوی کورد ئیبراهیم ئەحمەد ژیانی هاوبەشی پێکهێنا بوو، دوو کوڕی بە ناوەکانی قوباد و پاڤێل لە دوای خۆی بە جێهێشتوون. بەداخەوە مام جەلال زیاتر نەژیا تا ئاواتی لە مێژینەی خۆی کە مافی چارەی خۆنووسین بوو لە کوردستان دا ببینێ و لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، بێشک ناو و خەبات و تێکۆشانی نەمر مام جەلال بە درەوشاوەیی لە مێژووی کورد دا دەدرەوشێتەوە.

ماڵپەری گیارەنگ لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی ئەندامانی بنەماڵەکەی، هاورێ و هاوخەباتیانی لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و هەموو خەڵکی کوردستان بە گشتی و ئەویندارانی سەرۆک جەلال تاڵەبانی بە تایبەتی دەکات و هیوا دەخوازین کە ئاواتی سەرەکی مام جەلال کە ئازادی و سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین بوو بە هیممەتی هەموو لایەک وەدیبێ.

ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان پڕ ڕێبوار و پڕ تێکۆشان بێ.

گیارەنگ ٣ی ئۆکتوبەری ٢٠١٧

## ڕۆحت شاد جەنابی مام جەلال!



مەریوان نستانی

ئەوەتەی وەبیرم دێ ناوی مام جەلالم بیستووە و "هێندێک جاران نەبێ" هەمیشە خۆشم ویستووە. مام جەلال سەرکردەیەکی مەزن و کاریزماتیکی گەلی کوردستان بوو، توانایی، لێوەشاوەیی و پێوەندی فراوانی بەرێزیان پانتاییەکی جیهانی هەبوو، هەربۆیەش لە سەر ئاستی دنیادا مرۆڤێکی ڕێزلێگیراوبوو.

مرۆڤێکی قسەخۆش و شادبووە، من یەکجار لە نزیکەوە بەخزمەتی گەیشتووم ئەویش ساڵی ٢٠١١ لە پاریس بوو لە کاتی بەڕێوەچوونی یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، ئەوکات بەرێزیان جێگری سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە و سەرۆکی کۆماری عێراق بوو، بۆ من زۆر خۆش بوو کە دەمدیت کوردێک لەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەدا بەرامبەر بە هەموو بەشداران دانیشتووە و هەموو قسەکەران بە ئیزن وەرگرتن لە جەنابیان قسەکانیان دەست پێدەکەن.

ڕۆژی دوای کۆبوونەوەکە، مام جەلال نوێنەرانی هەموو حیزبە کوردستانییەکانی بانگکردبوو بۆ شوێنی مانەوەی خۆی، ماوەی نزیک بە دووسەعات لە خزمەتی دابووین، کاتێکی خۆش و پڕ پەندو ئامۆژگاریبوو بۆ من، من لە یەک کاتدا سەرۆککۆماری عێراق و سەرکردەیەکی کاریزمای کوردم دی. نوکتە هەموو کات خۆشە بەڵام کاتێک مرۆڤێکی وەک مام جەلال دەیگێڕێتەوە تام و لەززەتێکی دیکەی هەیە.

سەری ڕێز بۆ گەورەیی و خزمەتەکانی جەنابی مام جەلال دادەنوێنم!

* مام جەلال لە کاتێکدا بەجێی هێشتین کە پێویستی بوونی لە هەمووکاتێک زیاتر هەستپێدەکرێ.
* جەلال تاڵەبانی بۆهەمیشە لەمێژووی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دا بە زیندووی دەمێنێتەوە.

مام جەلال دەتوانێ لە دوایین ساتەکانی مانەوەی لەسەر خاکی نیشتیمان، دوایین خزمەتی گەورە بە گەلەکەی بکا، کۆڕێ ماڵاوایی لە جەنابیان دەتوانێ دەرفەتێکی گەورەبێ بۆ ئەوەی کوردستان مانۆڕێکی گەورەی سیاسی بدا.

١- مام جەلال شایانی گەورەترین کۆڕیاد و پرسەی نیشتیمانییە، جەنابی کاک مەسعود کارێکی بەجێی کرد کە بۆخۆی ماتەمی گشتیی ڕاگەیاند. پێویستە کوردستان یەکپارچە و یەکهەڵوێست خۆیان بە دنیا نیشان بدەن. باڵیۆز و نوێنەرانی هەموو وڵاتانی دنیا بۆ کۆڕی ماڵاوایی لە مام جەلال داوەتبکرێن و دوای بنەماڵەی بەڕێزی تاڵەبانی جەنابی کاک مەسعود بارزانی بە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان خاوەن پرسەکە بێ.

٢- هەموو باڵەکانی یەکێتی لە ژێر چەتری سەرکردایەتییەکی تۆکمە و یەکگرتوودا کۆببنەوە و یەکێتی وەک هەمیشە بهێننەوە نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و وەک هەمیشە بەهێز بمێننەوە.

٣- هەر بەم بۆنەیەوە، سەرکردایەتی هەموو حیزبەکانی کوردستان، بە ئەرکی خۆیانی بزانن واز لە کەللەڕەقی بهێنن و هەوڵبدەن نێوماڵی کورد بەتایبەت لەم بارودۆخەی ئێستادا یەکبخەنەوە.

٤- هەموو لایەک بەڵێن بدەن و پێکەوە بەرەو سەربەخۆیی کوردستان هەنگاوبنێن.

تێبینی:

تکایە بە جیاکردنەوەی پرسەی ژنان و پیاوان، ڕۆحی مام جەلال ئازار مەدەن.

-----------------------------------------



## خەمێکی گەورە



**عەبو راد**

کۆچی تێکۆشەری مەزن مام جەلال یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی نەتەوەکەمان هەموومانی خەمبارکرد. بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیان و هەڤاڵان هاوڕێیانی لە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و هێزەکانی کوردستانی وبە گشتی کۆمەلانی خەلکی کوردستان دەکەم.

بێگومان زیاترله شێست ساڵ تێکۆشان و بەرخۆدان و خۆڕاگری خالی لە کەمووکوڕ و هەلە نابێ، بەلام سەرکردەی مەزن مام جەلال لە ڕاستیدا مرۆڤێکی لێزان، وریا، وشیار و سەرکردەیەکی لێهاتوو و بە ئەزموون بوو. کاریگەری دیاری لە سەر هەموو بەشکانی کوردستان هەبوو و شوین پەنجەو جێدەستی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان بەڕوونی دیارە.

هیوادارم ڕابردووی پڕ لە سەروەری و ئەزموونە بە نرخ و باشەکانی ئەو سەرکردەیە بۆ ڕزگاری گەل و نیشتمان لەو کۆستەدا ماتەمینەدا، ببێتە هەوێنی یەکبوون و یەکڕیزی و کۆدەنگی حزبەکانی باشووری کوردستان و تێکڕای جەماوەری کوردستان، بۆ سەقامگیرکردنی سەربەخۆیی.

ڕوحت شاد و یادت بۆ هەمیشە بەرز و بەڕێز بێ.

٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---

**گەورەیی مامجەلال تەنیا لە دوو خاڵدا**



**برایم جەهانگیری**

باوەڕ ناکەم کەس لەوانەی ڕەخنە دەگرن بە قەد من ڕەخنەی لە یەکیتی گرتبێ، دۆستێکی گیانی و تەمەنی مندالێم هەیە کە خەڵکی سلێمانییە و هەڵبەتە خودا هەڵناگرێ ئەگەرچی ئێستا تەمەنی ٦٠ی تێپەڕاندووە یەکجار دەمارگرژ و ویشکەڕۆیە. ئەو دۆستەم لەسەر ڕەخنەکانم لەیەکێتی هەمیشە ئەوەی دەکردە بەهانە نبۆ هەلاتن لە باسەکانمان کە تۆ دوژمنی سلێمانی ویەکێتی! منیش دەمکوت نا باوەڕ بکە من پتر دۆستی یەکێتیم تا تۆ، تۆ خەریکی یەکێتی بەرەو هەڵدێر دەبەی و مەن خەریکم وشیاری دەکەمەوە.

جا ئەو قسەیەم بۆیە گێڕایەوە تا ئەو دۆستانە بزانن کە من چەندە ڕەخنە گری یەکێتی بووم و ئەوەی منیش دەناسێ دەزانی کە یەکجار زۆرم لەسەر نوسیون بەڵام من هەرگیز لە هەق لانادەم و هەر شتەو لە جێگای خۆی باسی دەکەم.

ئەگەرچی مام جەلال وەک سکرتێری یەکێتی نیشتمانی بەرپرسایەتی سەرەکی هەمووهەڵەکانی ناو یەکێتی هەیە بەڵام من لەوە دڵینام بەشێکی لە ژێر گوشاری ئەو لایەنە توندڕەوەی ناو یەکێتی دا بووە کە ماکەی شەڕ و ماڵوێرانی شەری براکوژی بوون، دەنا مام جەلال نیشانی داوە کە کەسایەتیەکی کورد و نیشتمانییە.

شەڕی سنوور و جوغرافیا لە مەجلیسی حوکم و قسە و گوتارەکانی سەبارەت بە کەرکووک و سنوری کوردستان وەک چیای حەمرین و وتارەکانی لە پشتیوانی لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دوای ساڵەها شەڕی براکوژی لە نێوان ئەم دووهێزەی کوردستان بەشێکن لەو کارانە کە دەبێ مرۆڤ بە نرخێکی زۆر لێیان بڕوانێ. ئەوە جودا لە کارامەیی سیاسیی و لێزانی ستراتیژی وهەڵبژاردنی تاکتیک دا و چۆنیەتی مامەڵە کردن دەگەل دەوڵەتان و لایەیەناکان. لە وتارێکی دا کە داکۆکی لە کاک مەسعوود دەکا بۆ سەرۆکی هەرێم، بەتایبەتی ئەمەی کە وا بە حەماسەوە دیفاعی لە بارزانی دەکرد و دەیگوت سەروکی ئێستا و داهاتووشمانە خۆ نانی بەقەرز نەدەدا، خۆ سەوادی دوولایەنە نەبوو دەنا دەبوو وەک ئەمانەی ئەمڕۆ قسەی کردبا کە لە ناو یەکێتی لەڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەدڕدۆنگی سەبارەت بە ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی قسەیان دەکرد، نا مام جەلال بەو پەیامەی لەراستیدا کۆتایی شەڕی براکوژی دەگەڵ پارتی بە هەمووان ڕاگەیاند.

ئەگەر لەهەموو ئەو شتانە بگوزەرێین من دوونوکتە بۆ ئەو مەبەستەم هەڵدەبژێرم تا بلێم بەسە بۆ ئەوەی مام جەلال لای من هەر وا بەگەورەیی دەمنێتەوە.

١- بۆ وەستانی شەڕی براکوژی وێڕای نەرمی نواندنی کاک مەسعوود بۆ کۆتایی هاتنی شەڕی کورد کوژی ، ئەوە مامجەلال بوو کە خۆی چووە لای کاک مەسعوود و هەر بەو چوونەشی ئاوێکی بەو ئاگرە داکرد کە ساڵەها بوو جووڵانەوەی کوردی لە باشوور پێوە دەسووتا. چوونی مام جەلال لەو کاتی دا ئەگەر کەسێک لە یەکێتی نیشتمانی ڕۆژێک لە ڕۆژان بەویژدانەوە بیگێڕێتەوە ئەو کاتیش دەگەڵ موخالیفەتی توندرەوەکانی ناو یەکێتی بەڕەوڕوو بوو بەڵام بڕیاڕی مام بۆ کۆتایی هاتی یەکجارەکی شەڕی براکوژی ودابینکردنی وئاشتەوایی بڕیاڕێک نەبوو بەو موخالیفەت کردنانە بوەستێ.

٢- کاک ئاسۆ کەریم دەنووسێ لە ٢٠٠٤ لێژنەی بالای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم دەچنە لای مام جەلال و سەبارەت بە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم داوای هاوکاری لێدەکەن و ئەویش بەڵێنی هەموو هاوکارییەکیان دەداتێ، پاشان کە ئەندامانی



سەرچاوە
Serchawe

لیژەنەکە دەیان هەوێ خوا حادفیزی لێ بکەن لە وڵامی سەرنجێکی کاک شەماڵ حەویزی دا مام جەلال دەلێ: " کێ دەوڵەتم بۆ دروست بکا ئەمن پێشمەرگەی ئەوم".

بەڵێ هەندێ شت هەن و هەندێ قسە و کردەوە هەن کە مەزنایەتیان لە پێوان نایە، من هەرگیز بە ڕق و نەفرەتەوە سیاسەت ناکەم و قۆنتراتیشم بۆ سیاسەت و بۆ بیرکردنەوە دەگەڵ کەس نەبەستووە، ئەوەی ئێوە لەسەر یەکیتی دەیزانن منیش دەیزانم، بەڵام یەکەم هەرشتەو لە جێگای خۆی و دووهەم هیچ سەرکردەیەک نییە کە هەڵەی نەکردبێ و ئەوەی لای تۆ موقەدەسە لای خەڵکی دیکە وەک تاوانبارێک سەیر دەکرێ، با ئەو نەریتە ببڕیتەوە و هەموو شتێک بە چاویلکەی حیزبییەوە سەیر نەکرێ، با کەم ڕێز لە سەرکردەکانمان بگرین لانی کەم لە کاتی کۆچکردنیان و ماڵئاواییان دا.

یاد و ناوت هەر وا بە زیندووی دەمێنێتەوە مامی کوردان

تێبینی: ئەوە با وڵامێک بێ بۆ کاک ڕ لە مەهاباد کە گلەیی لێکردبووم و هەموو ئەوکەسانەش کە بە دژۆنگی لە هەڵویستەکانی من سەبارەت بە یەکێتی ومامجەلال دەڕوانن.

٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---------------------------------------------

## کۆچی دوایی بەڕێز مام جەلال و چەند وتەیەک



مەجید کاکەوەیسی

- کۆچی دوایی سەرکردەیەکیتری مەزنی مەیدان و خەباتی کوردایەتی و مەردایەتی، ناوداریکیتری سیاسەت و مێژوو، فەرهەنگ و کولتور، پێشمەرگە و دیپلۆمات، قسە خۆش و قسەزان و مەجلیس خۆش، بەڕێز؛ مام جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرۆککۆماری دوو دەورەی پێشووی عێراق، دوای سەکتەی مەغزی و لادانی لە خەباتی کردەوەیی بۆ ماوەی چوار ساڵ، بەرواری ٣ - ١٠ - ٢٠١٧ لە نەخۆشخانەیەکی سەرەکی وڵاتی ئاڵمان چاوی لێکنا و بەیەکجاری لە بنەماڵە و کەس و کار و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی و سەرجەم گەلی کورد و جیهان ماڵئاوای کرد.

- ڕاستی هەرچەند بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوو کە بەڕێزیان ماوەی چوار ساڵە لە هەر چەشنە کارێکی مەیدانی و وتەیی دابڕاوە؛ بەڵام بوونی بەو جۆرەش هێشتا پاڵپشت و هیوا بوو بۆ گەل و ئەویدارانی و هەردەم چاوەڕوانی دەرکەوتنەوەیان ئەکرد؛ داخم نە ئەو هەلە ڕەخسا و نەش کرا بەو شێوە بهێڵرێتەوە؛ بۆیە ئەجەلی هات و خوای گەورە قەدەری وا دیاری کردبوو کە هەر ئەوەندە و بەوجۆرە بێ..

- بە قەدەری خوای گەورە و ئەجەلەکانی ڕازین؛ بەڵام من وەک کەسێکی دڵسۆزی گەل و نیشتمان و تاکێکی کورد بە بیستنی کۆچی دوایی چاوەکانم فرمێسکیان باراند و کەوتمەوە یادی جارانی و وتە و کار و چالاکیە هیوابەخشەکانی، زار شیرینی و سەرنج ڕاکێشەکانی کە هەردەم هیوا بەخش بوون بۆ کورد.. لە ناخی دڵەوە هەژاندمی و خەمباری کردین.

- دیارە، لە سەر کەسایەتی و ژیاننامەی دوور و درێژ و پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە سەروەری ئەو پیاوە مەزنە نە من دەتوانم هەقی خۆی پێبدەم بەم چەند دێرە و نەش کار و پسپۆڕی منە لە وەها شاکارگەلێکدا بکەومە مەلەی دەریای بێ پەی و مێژووی پڕشانازی، کە نە قەڵەم و نە ئێمەمانان ئەتوانین و نە لە خۆمانڕا ئەبینین... بەڵام تەنیا بۆ ئاسوودەیی وێژدان و خەم ڕەواندنەوە ویستم چەند دێڕێک لەو مەزنە بدوێم..

- لانی کەم زیاتر لە نیو سەدە خەباتی بێوچان و نەبڕاوە و نزیک ٨٠ ساڵ تەمەنی پڕ سەروەری زۆر قازانج و بەرژەوەندی بۆ کورد و کوردستان بە جێهێشتووە کە وەک سەرمایەی نەتەوەیی و نیشتمانی دەبێ ببێتە ڕێڕەوی خەبات و مەردایەتی و کوردایەتی و بە شانازییەوە بۆ نەوەی نوێ تا کورد مابێ درێژەی بێ...

- خەون و خەیاڵ و ڕوئیای ئەو پیاوە کە لە دیوەخانی شێخایەتی و ئاغایەتیەوە دەرکەوت و ڕیچکەی جیاوازی هەڵبژارد، و وەک لایەنگری خەباتی ڕەش و ڕووتان و یەکسانی و دادپەروەری، دەستی کرد بە شۆڕشی مەدەنی و سیاسی و دواتر چەکداری، و پێشمەرگایەتی، و لە شارەوە بۆ شاخ و لە شاخەوە بۆ ئاوارەیی و دیسان شاخ و دیسان شار و ڕاپەڕین، لە پێشمەرگایەتیەوە بۆ سەرۆک حیزب و لەوێوە بۆ سەرۆککۆماری وڵات و لەوێوە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان و



سەرچاوە
Serchawe

ئەندامەتی لە ڕێکخراوی ئینترناسینال سوسیالیستیەکان..، هزر و بیر و هۆشیاری ئەو پیاوە خۆی و کوردی گەیاندە پلە هەرەبەرزەکانی دەسەڵات و سەروەری و شانازی بۆ گەل و نەتەوەکەی تۆمار کرد.

- لە تاریکترین قۆناخی بێهیوایی و خەبات و پێشمەرگایەتی، نسکۆی کورد لە ساڵی ١٩٧٥، هەر دوای چەند مانگ و ساڵی ١٩٧٦ز بە یەکەم بەیاننامە و یەکەم شریخەی گولەی پێشمەرگە و یەکەم دەنگی گەلی کوردستان و یەکەم دروشمی "چارەنوس بۆ گەلەکەی" خەباتی نوێیان بە هاوکاری و هاوڕێی دەیان پیاوی مەزنی ئەو کوردستان دایساند و بە دۆست و دوژمنیان سەلماند کە کورد زیندووە و نامرێ تا سەرکەوتنی یەکجاری ڕێدەپێوێ... هیوایەکی وای بە کورد و خەباتی پێشمەرگە و شاخ و شاردا کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا و بە چەند ساڵ هەر لە منالی ناو بێشکەوە تا پیری پەککەوتە بە دەنگی "جەلالی" و خەبات و شۆڕشی نوێ، ئاشنا بوون.... دۆستانی پڕ هیواکرد و دوژمنای تۆقاند....
- ئەو دەمانەی کە من تازە لاوێک بووم و ساڵەکانی ٨٠ز گوێم لە ڕادیۆ بوو، تەنانەت بە دزیەوە و لە نزیکەوە شایەتحاڵی دەیان قارەمانێتی پێشمەرگە بووم لە کوردستانی بەشی گەرمیان بە تایبەتی و شارەزوور، کە ڕۆژ نەبوو سوپای عێراق و بەعسیەکان نەترسێنن و لێیان نەکوژن... تەنانەت ئەو خەباتە و ترسی جەلالی و شۆڕشە نوێیەکەی دڵی کاربەدەستانی بەغدایان وەلەرزە هێنا بوو!!.. خەباتی بە گوڕ و تینی پاک و خاوێنی پێشمەرگە و سەرکردەکانی ئەو کات هەندەی هیوایان بەخشیبوو بە کورد کە هەر کەسێکی کورد و هەر باوک و دایکێک بە شانازیەوە خۆی و نەوەکانی بۆ خەبات و پێشمەرگایەتی تەرخان ئەکرد و ڕەوانەی شاخیان ئەکرد بۆ بڵێسەدارتر کردنی خەبات و ئاسۆکانی سەرکەوتن..

- ئەمڕۆ بە خۆشیەوە تەواوی ئەو کارو چالاکیانەی هەم خۆی و هەم هاوڕێ و حیزبەکانیان تۆماری دەنگی و ڕەنگی کراون و بە تۆمار کراوی هێشتوویانەتەوەو ماونەتەوە، پێویست بە زیاتر ڕوونکردنەوە ناکات...

- من هەر بۆ خاڵی نەبوون لە ئارامکردنەوەی رۆح و ویژدانم ویستم هنێک لەو سەرکردە مەزنە بدوێم و خوێنەران سەرنجراکێشم بۆ زیاتر شارەزا بوون لە خەبات و کار و چالاکیەکانی ئەو سەرکردانە...

- ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیمان بە یەک بوون و هاوکاری و یەکدەستیە بۆ ئەوەی دوژمنان نەتوانن زەبەرمان پێبەرن، و لە بۆشایی ئەو کەسایەتیانەدا لە پشتەوە خەنجەرمان لێ نەدەن.!. داوا لە هەموو شۆڕشگێڕان و دڵسۆزانی ژیرو وریای گەلەکەمان ئەکەین کە زیاتر پێکەوە کۆ ببنەوە و چارەنوسی گەلەکەیان گرنگتر بێت تا بەرژەوەندی تاکی حیزبی و بنەماڵەیی... دوژمن هەردەم لە پچڕان و ناکۆکیدا کەڵکی خرابی وەرگرتووە و کوردی بۆ پاشەوە گەڕاندووەتەوە.... با ئەمجارە و بە تایبەت لەم هەل و مەرجەدا مەرگی ئەم پیاوە بە گەورەتر سەیر بکەن و بیکەنە ئەزمونی یەکێتی و

ئاشتەوایی گشت حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ سەرکەوتن بە سەر کەند و کۆسپەکانی ناوچە و ناوخۆدا.... چارەنووسی گەلەکەمان ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکیتر لە حەساسترین قۆناخی خۆیدایە... خوانەخواستە ئەمجارە کورد نەتوانێت ئەم هەلە بقۆزێتەوە دیسان ئەیهۆۆۆی گەرەکە!...

- رۆحی مام جەلال بە بەهەشت شاد بێت و خوا لێی خۆش بێت..

- ئەم پارچە هۆنراوەیە پێشکەشە بە ڕۆحی مام جەلال، سەرکردە و پیاوی ئازا و پێشمەرگە و دیپلۆمات...

انا لله و انا الیه راجیعون

٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## بۆ ماڵاوای ڕێبەرێکی دیکەی نەتەوەکەم.



محەممەدی فەقێ عەلی

ئەمڕۆ! هەژانی هێڵەکانی ژیانی نیشتیمانێکە!

ئەمڕۆ! هۆزانی غەمێکی گەورەو گران، لە تارەکانی دەنگ ناگوزەرێ.

ئەمڕۆ! هەڵۆیەکی تیژباڵی سەر دوندی چیا، بەرەو دنیای ئەبەدی شاباڵی ماڵاوای کردەوە.

ئەمڕۆ!" ناوزەنگ" لە بناری چیای" مامەندە" نزا لە تەکیەگای خودای یاخیەکاندا دەکا، ئەم جارەیان بۆ سەردانەوەی ئەو شاهەڵۆیەی ساڵانێ لە لوتکەی دا, بەرز بەرز وەک هەستی پاکی بە ئازادی ژیان، نسێی دەخستەوە سەر نیشتیمانی داگیرکراو.

ئەمڕۆ "شێنیە" لە چاوەڕوانی سەردانەوەی یاری دێرینی دایە و خۆی لە ژێر ئێوارە سێبەری شۆڕەوەبووی چیای غەماوی مامەندە دا حەشارداوە. مژۆتەمی فرمێسکەکانی پەڵەهەورێکی نامۆیی ماڵاوایی ڕێبەرەکەی ساڵانی شاخ و سەردەمی، کردۆتە سەرپۆشی دەڤەری قارەمانەتی و خۆڕاگری هەستانەوە.

ئەم جارەیان بۆ جێژوانی ڕابەرێکی پێشمەرگە! سەرچاوەکەی" توژەڵ"م، لە داوێنی چیا دا خەریکە خۆی ئەخواتەوە.

ئەم جارەیان ژیان لەم دەڤەرە ناچێتەوە جەستەی مامە گیان و سەر ناکاتەوە بە ماڵە سادە و ساکارەکانی دەر و دۆڵی شۆرش و خەبات و ڕاپەرین و مانەوە.

ئەمجارەیان ڕێبەرێک بەم ناوە، لەم ناوەوە تێناپەڕێ و لە دەوری چرا لامپای هەژارانی گوندەکان دا، کۆڕ و کۆبونەوەیک ناکاتەوە.

ئەمجارەیان سەروەرێکی پێشمەرگەو ڕابەر بەم خەسڵەتە شۆڕشگێریەوە، پەیڤی ژیانەوە و هەستانەوە بە گوێی یاخیەکانی ژیانی ژێر دەستی وڵاتەکەم دا ناداتەوە.

ئەم جارەیان ڕووبار ناتوانێ وێنەی ئەم سەروەرە لە دڵی ڕوون و پاکی خۆیدا، لە سەر وردەبەرد و خیزی دەرونیا وێنا بکا.

ئەمجارەیان، مخابن، "جوامێری" شاعیر بێکەسی هەمو کەسانم لە ژیان دابڕاوە، تا چەند وشەیەک لە دەریای هزرو زانین و ئەدەبی خۆیدا، بکاتە ملوانکەیەک و پەلکەیەکی جوانی ئەدەبی بهۆنێتەوە و وەک دیاریەک لە گەردنی ئەم یارە دێرینەی بکا.

داخی داخانم، ئەم جارەیان، حەمە جەزای چریکەی شاخ و پێشمەرگە و گەلم جێژوانی کیژی هۆنراوە و گۆرانی ناکاتەوە، تا لە بناری بەرزیترین لوتکە، لە نیزیک سەنگەری پێشمەرگەیەک یا خۆ لە قەراغ گۆری شەهیدێکی چاوڕوان بۆ بردنەوەی زێدەکەی، لە ناو ئاپۆڕای گروپی هونەرمەندانی شاخ دا، سرودێ بۆ دواماڵاوای ئەم ڕێبەرم بچڕێ.

ئەم جارەیان هەر هەموتان هەستنە سەرپێ! ئەوە کاروانی مامەیە بەلاتاندا دێ. ئەو کەوتۆتە گەڵ کاروانێکی دوور و درێژی نەمرانی گەل و سەردانی بارەگای قازی و قاسملو شەرەفکەندی لە ڕۆژهەڵاتی نیشتیمانی دەکاتەوە .ئەوە مامەیە و لە هەگبەی دڵی بۆ نیشتیمان سوتاوی خۆی دا هزو بیری سەدان شەهیدی ڕاگرتوە بەرەو نیشتیمانی بارزانی و شێخ سەعید بەرەو قامیشلو دێرسیم و مەهاباد و کەرکوک بەڕێوەیە.

ئەمجارەیان دامەنیشن لە مەجلیسی ئەوکەسانەدا، کە بە بەرزەوێژ لە کەلەسەری خۆمان دا بانگی ناتەبایمان بۆ ئەدەن. هەستنە سەرپێ با سێبەرتان هەرچی نەیارە داپۆشێ، بابزانن هەرهەمومان لەم نیشتیمانەدا، مامەیەک و بارزانیەک وقاسملویەک و گریلایەک و پێشمەرگەیەکین.

هەستنە سەرپێ ئەگەر ئەم کاروانە بە لاتان دا تێپەڕی، بە ڕێبەران بارزانی و نەوشیرەوان و عەزیز محەممەد بڵێن هەنگاوەکانتان ئارامتر بکەنەوە، ئەوە یەکەم ڕابەری دوای گشتپرسی نیشتیمانی ئەسیر کراوە، سەرکردەکەی شاخ و شارە. ئەوە مامە گیانەش بەڕێوەیە. پڕ بە گەرو هاوار بکەن و بڵێن هەرهەموتان بە روحیش بوە جارێ وەرنەوە ناو خەوی بێداری کورد و هزر و بیری بێگانەیان لێ دوور کەنەوە. با نیشتیمان لە ژێر سێبەری ڕێبەرانی ئێستامان دا ئاسودە بێ. با کوردستان تەنیا نیشتیمانی شەهید و خوێن و ئەنفال و جیهاد نەبێ.

ئەی ڕابەرەکەم!

دەبا مەرگیشت بۆ نیشتیمانت وەک ژیانت هەروا سودمەندو پڕ بەهرە بێ.
ئەوکاتەیە کە تۆ و هەزاران شەهیدی ئەم نیشتیمانەش بە ئارامی سەردەنێنەوە.
ماڵاوا ئەی ڕابەرەکەی پێشمەرگە!
هزر و بیرت بە پێز و نیشتیمانت ئاودان!

٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

-------------------------------------------

غەیبەتی ڕێبەرێکی تەوافقی و هەڵوەشانەوەی تەوافق



**تاهیر قاسمی**

ڕێبەرانی سیاسی بە گشتی بە سەر سێ دەستە دا دابەش دەکرێن؛ فکری، تەشکیلاتی و تەوافقی. مام جەلال لەو دەستە ڕێبەرانە بوو کە لە دەستەی سێهەم دا پۆلێن دەکرێن. ڕێبەرێکی بە تەواو مانا تەوافقی. تەوافق و سازان لە گەڵ مێژووی خەباتی سیاسیی مام جەلال دا متوربە کراوە. پێکهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سێ ڕەوتی سوسیالیست، کۆمەڵە و خەتی پان و پاراستن و ڕێبەریی کردنی ئەو یەکێتییە بە درێژایی دەیان ساڵ، وێنەی هەرە بەرچاوی کارنامەی خەباتی ڕێبەرێکی تەوافقییە. ئەم تایبەتمەندییەی مام جەلال لە شکڵ و شێوەی دیکەش دا چەندان جار خۆی نواند و دووپات کرایەوە. لەوانە دەسپێشخەری بۆ پێکهێنانی بەرەی جوقد و دواتر بەرەی کوردستانی و سەرەنجام داڕشتنەوەی ستروکتوری سیاسیی عێراق لە سەر بنەمای تەوافق.

گرینگترین تایبەتمەندیی ڕێبەرانی تەوافقی ئەوەیە کە بە ئاسانی و بێ چارەسەری بنەڕەتی، بە سەر جیاوازیەکان دا باز دەدەن، کێشەو نێوان ناخۆشیەکان بە قسەی خۆش چارەسەر دەکەن و لە سەر یەک کاراکتەری سازان و پێکەوە هەڵکردن و لێک گرێدانن. ئەم تایبەتمەندیانەی ڕێبەرێکی تەوافقیی وەک مام جەلال بوو کە بەردەوام گرێ کوێرەکانی پێکەوە نەسازانی ناتەباییەکان لە ناو یەکێتی، لە باشووری کوردستان و لە عێراقی دوای سەدام حوسێن، هەر بە دەستی خۆی دەکرانەوە. تا ئاستێک کە بەشێک لە چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە زۆربەی نەهامەتیەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی عێراق بە کوردستانیشەوە، بۆ غەیبەتی مام جەلال دەگەڕێتەوە. بۆچوونێک کە تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێ درووست بێ. چونکە مەرگ، خاڵی هەرە لاوازی ڕێبەریی ڕێبەرانی تەوافقیە. تەوافق، ڕێککەوتن و پێکەوە سازانێک کە لە سەر دەستی ئەوان پێک دێ، ئاستەمە بە کەسانی دیکە بپارێزرێ. دوای نەمانیان لە سەر گۆڕەپانەکە و پڕ نەکردنەوەی جێگای بەتاڵیان بە ڕێبەر یا ڕێبەرانی هاوشێوە، وەک ئەوەیە کە ئاڵقەی وەسڵی جیاوازیەکان بترازێ. هەر بۆیە دوای مەرگی ئەوان، سازانەکان دەبنەوە بە کێشە، کێشەکان لە سەر یەک کەڵەکە دەبن و سەرەنجام دەتەقێنەوە.



سەرچاوە Serchawe

کەسێ کە دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال چ لە ناو یەکێتی، چ لە باشووری کوردستان و چ لە عێراق دا دەیتوانی رۆڵی ئەو بگێڕێ و جێگای پڕ بکاتەوە، بە ئەگەری زۆر د. بەرهەم ساڵح بوو.

٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---------------------------------------

## مام جەلال، مەرجەعێک بۆ سازان و چارەسەری



**سمایل شەرەفی**

قسەکردن لە سەر کەسایەتییەکی وەک مام جەلال تاڵەبانی کە زیاتر لە نیو سەدەیە شوێنپەنجە و کاریگەریی ڕاستەوخۆ و عەمەلیی بە سەر بەشێکی ئەساسیی بزووتنەوەی میللەتێکەوە هەبوە و لە چەندین ڕەهەندی تێکۆشانی سیاسی، پێشمەرگانە، نووسین و رۆژنامەوانیدا، کارەکتەرێکی مەیدانیی ئەم گۆڕەپانانە بووە، کارێکی هەروا ئاسان نیە. بۆیە لانیکەم ناگونجێ لەم دەفەتەدا بپەرژێینە سەر سەرجەم لایەنەکانی ژیانی مام جەلال و، لێرەدا تەنیا قسە لە سووچێکی

تایبەتمەندییەکانی ئەم کەسایەتییە دەکەین کە ئەوەیش بریتییە لە باوەڕمەندبوونی بە یەکلاییکردنەوەی کێشەکان بە ئامرازی "چارەسەری".

هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە جەلال تاڵەبانییان ناسیوە و ئەوانەی ئاگاداری رۆڵی ئەم رێبەرە هەڵکەوتووەن بە سەر چۆنیەتی حەللی کێشەکان، چ لە سەر ئاستی ناوخۆیی بزووتنەوەی کورد و چ لە سەر ئاستی ناکۆکییەناوخۆییەکانی حیزبەکەی و، تەنانەت لە سەر ئاستی چۆنیەتی چارەسەری کێشەی میللەتەکەی لە گەڵ دەسەڵاتی سیاسی لە بەغدا، دەزانن کە مام جەلال هەمیشە لە دەروازەی چارەسەرییەوە وەژوور کێشە و ناکۆکییەکان کەوتووە و هەمیشە قسەی لە چارەسەرییەکان کردوە. بۆ ئەمەیش هەمیشە هەوڵی داوە، لە خۆی مایە دابنێ و وەک هەمیشە دووپاتی کردۆتەوە، بۆ ئەو "تەنازول" کردن لە پێناو چارەسەریی کێشەکان بە ئاراستەی قازانجی گشتی و نەتەوەییدا، بەشێک لە شانازییەکانی ژیانی سیاسیی بووە.

مەشرەفخۆشیی مام جەلال و قسەخۆشەکانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، ئامیان و چاشنییەکی بەهێزو ئامانجداری بووە بۆ ئەوەی بتوانێ بە نیەتێکی پاک و بێگەردەوە بە مەبەستی بیرکردنەوە لە پێکەوەبوون و قسەکردن لە چارەسەرییەکان کار لە سەر رۆح و دەروونی تاکەکان بکات. مام جەلال بە نوکتە و قسەخۆشەکانی هەمیشە هەوڵیداوە جێی خۆی لە دڵ و دەروونی بەردەنگ و بەرانبەرەکانیدا بکاتەوە و، ناڕاستەوخۆ ئەو پەیامەی بە هەموو دژبەیەکەکان داوە کە ئینسانی خەباتکار و شۆڕشگێڕ، دەبێ دڵ و دەروونی لە ئاست کێشە و ناکۆکییەکاندا زۆر لەوە گەورەتر بێت کە نەتوانێ لە پێناو پێکەوەبوون بیر لە چارەسەری بکاتەوە.

هەر ئەم تایبەتمەندییە بەرزە ئینسانی و سیاسییە، مام جەلالی کردبووە کەسایەتییەکی جێی باوەڕ و متمانەی نێو بزووتنەوەی کورد نەک هەر لە باشووری کوردستان، بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان. لە پرۆسەی دانووستانی بزووتنەوەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە، بە بێ شک و گومان، جەلال تاڵەبانی عونسورێکی کارا، متمانە پێکراو و خەلاق بووە بۆ چارەسەریی کێشەکان. هەر ئەم رۆڵ و پێگەیە، مام جەلال و حیزبەکەی، یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی کردبووە دۆست و پشتیوانی راستەقینەی بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

دۆستایەتی و پشتیوانیی جەلال تاڵەبانی لە گەڵ بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان هەر تەنیا پشتیوانییەکی رووتی سیاسی نەبوو، بەڵکوو ئەو بەکردەوە لە پشتیوانیکردندا دڵئاوەڵا و لە هەمانکاتدا ئازا و نەتەوەیی

بوو. كاتێک كە لە لایەن سەركردایەتیی بزووتنەوەی كورد لە رۆژهەلاتی كوردستانەوە داوا لە حیزبەكەی دەكرێ كە لە بەرانبەر هێرشی هێزە سەكوتكەرەكانی رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێراندا بۆ سەر كوردستان، پێشمەرگانە پشتیوانیان لێ بكرێ، مام جەلال وەک سكرتێری یەكێتی نیشتمانی كوردستان ئازایانە بڕیار لە سەر ناردنی هێزی پشتیوان دەدات و لەم پێوەندییەدا دەڵێ: "بۆ ئێمە پێشمەرگەكانی سەر بە هێزی یەكێتی نیشتمانی كوردستان مایەی شانازی و سەروەرییەكی مێژوویی گەورەیە كە لەم رۆژەدا ئەركی نەتەوایەتی و نیشتمانیی خۆمان بە سەربەرزی و سەروەرییە جێبەجێ بكەین".

مام جەلال لە هەموو قۆناغەكاندا چ بە ناردنی هێزی پشتیوانی حیزبەكەی بۆ هاوكاری كردنی هێزی پێشمەگەی رۆژهەلاتی كوردستان و، چ بە دەستپێشخەریكردنی لە پرسی مزاكرەی بزووتنەوەی كوردی رۆژهەلات لە گەڵ رێژیمی تاران، هەمیشە وەک دۆست و پشتیوانێكی راستەقینە دەركەوتووە. بۆیە هەر وەک بەڕێز مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە، سكرتێری پێشووی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە پەیامەكەیدا بە بۆنەی كۆچی دوایی ئەم رێبەرە هەڵكەوتووەوە وتوویەتی، "مام جەلال وەک تێكۆشەرێكی بەناوبانگ، لەوە گەورەترە كە هەر ملكی بنەماڵەكەی یان حیزبەكەی خۆی بێ. لەدەستچوونی رێبەرێكی وا لێوەشاوە و دڵسۆز، كۆستی گەورەی هەموو ئازادیخوازانی كوردە. پێوەندیی خەباتگێرانە و برایانەی نێوان یەكیەتیی نیشتمانی و حیزبی دێموكراتی كوردستان كە زۆر لاپەڕەی زێڕینی لەمێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی كورددا تۆمار كردوە بە پلەی یەكەم بەرهەمی هەوڵوتەقەلای بەڕێز مام جەلال و رێبەری نەمر دوكتۆر قاسملوو بوو.

لە كۆتاییدا هەر وەک لە پەیامی هاوخەمیی سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان، بەڕێز مستەفا مەولوودی بە بۆنەی كۆچیدوایی ئەم كەسایەتییە بەرزەی میللەتەكەمانەدا هاتووە، "بە مەرگی مام جەلال، كورد یەكێک لە رێبەرانی كاریزمای خۆی و حیزبی دێموكڕاتی كوردستان دۆست و پاڵپشتێكی بەوەجی لە دەست دا. بەبۆنەی ئەو پێشهاتە تاڵ و ناخۆشەوە جارێكی دی لە قووڵایی دڵەوە هاوخەمیی خۆمان و هاوڕێیانمان لە حیزبی دێموكراتی كوردستان بە بنەماڵەی بەڕێزیان و هەڤاڵانی بەڕێزمان لە یەكیەتیی نیشتمانی كوردستان و هەموو هاونیشتمانان ڕادەگەیەنین."

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - رێكەوتی: ٧ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٧

-----------------------------------------

## سەلاحەددینی موهتەدیی:
## مام جەلال لەبەرامبەر دەوڵەتانی ئیقلیمی دەیتوانی بڵێت "نا"



سیاسەتكارێكی ناسراوی كورد، پێیوایە، مام جەلال، كەسێتییەكی هەرێمیو جیهانی هەبو، دەوڵەتانی هەرێمایەتیو جیهان هەژماریان بۆ دەكرد، هەروا لە بەرامبەر دەوڵەتانی هەرێمی دەیتوانی بڵێت "نا"، ئەوە ناكەینو بەرژەوەندیی كوردی تێدا نییە، بەڵام لەگەڵیشی تێكنەدەدان كە ململانێ دروستببێت.

**سەلاحەدینی موهتەدی**: لە دیالۆگێكیدا لەگەڵ (رادیۆی مەدەنیەت)، كە "چاودێر"یش دەقەكەی بڵاودەكاتەوە، ئاماژەبەوەدەكات، لەگەڵ عیراق پێداویستییەكانی بون بە یەک دەوڵەت كەمە، ئاسان نابێتە یەک دەوڵەت، بۆیە هەر رێككەوتنێكمان لەگەڵ بەغداد رێككەوتنێكی كاتی دەبێت.



**چاودێر**: ساڵانێكی زۆرە لەخەباتو شۆڕشەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان ئاگادارنو لەناویاندا ژیاون، بارودۆخی كوردانی رۆژهەڵات، بە تایبەتیش حزبەكانی ئەوێ چۆن دەبینن؟

**سەلاحەدینی موهتەدی**: بە هۆی ئەوەی لەمنداڵیمەوە لەگەڵ دەنگوباسەكانی پارچەكانی كوردستان بە تایبەتیش كوردستانی عیراق تێكەڵ بومو خۆشم خەڵكی ئێران بوم، لەبەر ئەوە ئاگاداری هەردو بەشی رۆژهەڵاتو باشوری كوردستان بوم، تارادەی تواناو تێگەیشتنی خۆشم دەستێوەردانم دەكرد لەهەمو كارەكانیدا، چ خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ئەم پارچەیەو چ یارمەتی

بۆناردنو کۆمەککردنو بەشداریکردن بو، بۆیە ئاگاداری بارودۆخەکە بوم، بەڵام بەهۆی هەندێک بارودۆخەوە نە بەتەواوی لەسەر باشوری کوردستان حساب بوم نە لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان- یش.

**چاودێر**: بۆ لەو نێوانەدا خۆت ساغنەکردۆتەوە؟

**سەڵاحەدینی موهتەدی**: بە هۆی پێگەکەم نەمدەتوانی خۆم یەکلایی بکەمەوە، مەیلو ئارەزوی خۆم ئەوە بو کە بە فراوانی بەشداریبکەم لەکاروباری باشوری کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەشدا نەمدەتوانی رۆژهەڵاتی کوردستان فەرامۆشبکەم، چونکە کەسوکارو بنەماڵەو خزمەکانم لەوێ بونو لەگەڵ چارەنوسی ئەوانیش تێکەڵ بوم، بەڵام بەهەر حاڵ بەرگەی ئەوەم دەگرت کە فریای هەردوکیان بکەوم تاگەیشتۆتە ئەو کاتەی ئێستا کە فریای ئەوە ناکەوم بەرگەی هیچیان بگرم.

**چاودێر**: رای تۆ بۆ بارودۆخی کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان چۆنەو لەچ ئاستێکدا دەیانبینی، هەم لە روی حزبایەتییەوە، هەم لە روی هەوڵو کۆششەکانیان بۆ ئازادیو سەندنەوەی مافەکانی گەلی کورد؟

**سەڵاحەدینی موهتەدی**: من لەگەڵ هەمو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نێوانم خۆشەو سەردانیان دەکەمو ئەوانیش سەردانم دەکەن، بەڵام زۆر نا لەگەڵ هەموشیان قسە لەسەر سیاسەت دەکەم، ماڵیان ئاوا بێت ئەوانیش دۆخی من لەبەرچاودەگرن، بۆ پرسیارو راوێژو قسەکردن دێن بۆ لام، بەڵام خۆم پێم وتون زۆر ناتوانم، لەئێستاشدا ئەوە زۆر باشە کە تیمێکی گەنج پێگەیشتونو هاتونەتەناو سیاسەتو قسەدەکەنو دەنوسن، من ئەوەم پێخۆشە.

**چاودێر**: بەو پێیەی ئێوە نزیکایەتییەکی زۆرتان لەگەڵ مام جەلال هەیە، ئێستا بەهۆی نەخۆشییەوە مام تاڕادەیەک لە گۆڕەپانی سیاسیو کاری حزبایەتی دورە، دەمانەوێت کاریگەرییەکانی بزانم، هەم لەسەر یەکێتی، هەم لەسەر عیراق بە شێوەیەکی گشتی؟

**سەڵاحەدینی موهتەدی**: جارێ ئەوە داخێکی زۆر گەورەیە، چونکە میللەت خەسارەتێکی گەورەی بەرکەوتوە هەرچەندە دەڵێن حزبێک بە تەنها کەسێک بەڕێوە نابرێتو ئێمە سەرکردایەتی بە کۆمەڵمان هەیە، بەڵام ئەوە قسەیەو دەبێت بۆ خەڵکی ساویلکە بکرێت، هەر کەسێکە کاری هەزار کەس دەکات جاری واش هەیە بە هەزار کەس ئیشی کەسێکیان پێ ناکرێت، مام جەلال، لەناو حزبەکەی خۆیدا یەک بە هەزار بو، هەر لەبەر ئەوە نا کە کاری رۆژانەی بۆ بەڕێوەبردون، لەبەر ئەوەی کە رێبازی راستو دروستی بۆ دیاریکردون، یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی مام جەلال، ئەوە بو کە ورەی بەرنەدەدا وازی



سەرچاوە Serchawe

لەدۆزینەوەی ڕێگای ڕاست نەدەهێنا، ئەگەر جارێکیش کارێکی هەڵەبکرایە ئەگەر جارێکیش بە هەڵەسیاسەتێک پەیرەوبکرایە، بەڵام زو دەیتوانی ڕاستی بکاتەوە، نەش دەترسا کە ڕەخنەبگرێت لەخۆی لەخەڵکو هاوکارەکانیو پێیان بڵێت ئەو کارەی کە کردمان نەدەبو ئاوا بوایە دەبو بە شێوەیەکی تر بوایە، ئێستا نە کەس دەتوانێتو نە کەسیش دەوێرێت، ئێستا یەکێک ڕەخنە لەیەکێتیو لەسەرکردایەتی بگرێت دەبێت خۆی بۆ دوژمنایەتی ئامادەبکات، جەنابی مام جەلال، کەسایەتییەکی ئیقلیمیو جیهانی هەبو دەوڵەتانی ئیقلیمیو جیهان حسابیان بۆ دەکرد، هەروا لەبەرامبەر دەوڵەتانی ئیقلیمی دەیتوانی بڵێت "نا" ئەوە ناکەینو بەرژەوەندی کوردی تێدا نییە، بەڵام لەگەڵیشی تێکنەدەدان کە ململانێ دروستببێت، ڕاستە سێ چوار جار ئەوە دروستبوە لەگەڵیان توشی کێشە بوە، بۆیە ئەوە کێشەیەکی گەرەیە کە ڕویکردۆتە ناو یەکێتیو هیوادارم ئەوە چارەسەر بکرێت چونکە هەمو مرۆڤێک تەمەنێکی هەیەو سنورێکی هەیە بۆ ئەوەی باری سیاسەتو کێشەکان بەڕێوەبەرێتو ئەمانەتەکەش بەرێتە پێش، بەڵام ئەوەی کە ئێستا گرنگە ئەوەیە کە میراتی ئیدارەکردنی مام جەلال بکەن بە میراتێکی جێگیرو نەگۆڕ، مام جەلال تایبەتمەندی گرنگی ئیدارەکردنی ململانێکانی ناو یەکێتی بو، ململانێ هەر دەبێت چونکە ململانێ سونەتی سیاسەتکردنە سونەتی بەڕێوەبردنی هەمو حزبو بزوتنەوەیەکە، بەڵام ململانێ دەبێت ڕێکبخرێتو بەڕێوەببرێتو نەهێڵرێت لێک هەڵقۆزنەوە، من هیوادارم سەرکردایەتیی ئێستای یەکێتی بتوانێت ئەو ئەو کێشەو ململانێیانەی ناو یەکێتی هەر وەکو خودی مام جەلال، چارەسەربکاتو بتوانێت لێکیان نزیک بکاتەوەو یەکێتی لەو کێشەیە ڕزگاربکات.

لەئاستی عیراقیش مام جەلال، ئەو کاتەی لەعیراق ئۆپۆزسیۆن بو، نە سەرۆککۆمار بو نە سوپای گەورەی هەبو نە چەکو جبەخانەی لەبەردەستدا بو نە پارەی لەبەردەستدا بو، بەڵام ئەوکاتیش لەبەرەوپێشبردنی پرۆسەی خەباتو ململانێ هەر کەسی یەکەم بو، مام جەلال لەکۆنەوە لەکاتی گەنجییەوە شارەزای بومو برادەری بوم، هەمیشە ئەو تایبەتمەندییەی هەبو لە هەمو کێشەیەکدا کە دەهاتەپێش هەمیشە هەر قسەی ئەو دەیبردەوەو ڕێگاچارەکانی ڕێگاچارەی عەمەلی بون، نائێم بە تەواوی پیاوێکی بێ هەڵە بوەو توشی لارێ نەبوە، هەمو کەس توشی ئەوە دەبێت، بەڵام توانیویەتی هەڵەکانی خۆی ڕاستبکاتەوەو وێراویەتی بڵێ ئەو کارەی کردمان هەڵەبو.

لەکۆنەوە لەکوردستانی باشور دو حزبی گەورە هەن کە یەکێتیو پارتی بون، مام جەلال، بە تەمەنیش لەوان گەورەتر بو ئەزمونی لەوانیش زیاتر بوو لەوانیش خوێندەوار تر بو، بەڵام شەرمی لەوە نەدەکرد ئەگەر بیزانیایە بارودۆخەکە لەگەڵ پارتی گەیشتۆتە بنبەست، خۆی سواری سەیارەیەک دەبوو چەند پێشمەرگەیەکی لەگەڵ خۆی دەبردو دەچو بۆ بارەگای پارتیو خۆی کێشەکەی لەگەڵ چارەسەر دەکردن، دەبێت خۆت ئەو کەسایەتییەت هەبێت تا بتوانی ئاوا بکەی، ئەگەر تۆ ئەو کەسایەتییەت نەبێت ئەوکات دەڵێن وەڵا دەرەقەتیان نەهات، یان تەسلیمی پارتی بو، مام جەلال ئەو ترسەی نەبو،

پارتی-یش ئەوەی زانیبو هەمو جارێک لەکێشەکاندا یان لە شەرێکدا لەبڕیارێکدا دەیانگوت با بزانین مام جەلال دەڵێت چی، ئەی ئێستا بە کێ بڵێن با بزانین دەڵێت چی؟

**چاودێر**: یەکێتیو سەرکردایەتییەکەی دەتوانن ئەو کێشەو ململانێیەی کە ئێستا تاڕادەیەکی زۆر کاریگەریی لەسەر پێگەی یەکێتی دروستکردوە راستی بکەنەوە، و ئەو رێبازو کارەی کە مام بۆ یەکێتی کردوە ئەوانیش بیکەن، بەڵام بە گۆڕانکاری نوێو بە پێی سەردەمەکە بێت؟

**سەڵاحەدینی موهتەدی**: بۆ ناتوانن؟! مرۆڤ لە توانایدا هەیە هەمو کارێک بکات، هەمو حزبێکیش لەچارەنوسیدا هەیە کە بتوانێت بەسەر نەمانی رابەرەکەشیدا زاڵ بێت، بۆیە ئەوانیش دەبێت بتوانن‌و دەشتوانن، بەڵام کاری زۆری دەوێ لەخۆبوردنی زۆری دەوێ، هەتا ئەگەر بشیکەن رەنگە نەتوانن وەکو مام جەلال بن، بەڵام دەتوانن وردە وردە جێگەی ئەو بگرنەوە، من ئومێدەوارم بتوانن بەڵام وەک وتم لەخۆبوردن‌و خۆ فیداکردنی دەوێت لەئێستاشدا ئەو لەخۆبوردن‌و خۆفیداکردنە نییە، جارێ هەر کەس دەیەوێت بەشی خۆی بەرێت‌و بۆ لای خۆی رابکێشێت، گومانم نییە کە سەرکردایەتیی ئێستای یەکێتی بۆ خۆیان دەزانن کە لاواز، بێهێز، بێدۆست، و بێچەک دەبن، ئەوکاتە دەزانن کە دەبێت بگەڕێنەوە بەرەو تەبایی‌و یەکڕیزی.

**چاودێر**: مامۆستا با بێینە سەر تەوەرێکی تر، ئەویش رێکخراوی تیرۆریستی "داعش"ە. هاتنی داعش بۆ عیراق‌و هەوڵەکانیان بۆ هاتنەناوەوەی هەرێمی کوردستان‌و بەرگرییەکانی پێشمەرگەو وەستاندنیان. پێتوایە دروستبون‌و سەرهەڵدانی "داعش"دا هۆکارەکەی چی بێت، بۆ نمونە لە سوریا کە دروستدەبن، بەڵام دەپەڕنەوە بۆ عیراق؟

**سەڵاحەدینی موهتەدی**: داعش ئەگەر بێ عەقڵ نەبوایە خۆیان توشی شەڕی کورد نەدەکرد، هیچ کوردێک هەڵنەستاوە بڵێ چونکە داعش ئەهلی سوننەیە یان چونکە سەلەفین یان چونکە دژی شیعەن دەچم داعش دەکوژم، جا ئەگەر کورد ئەوە نەکات داعش بۆ بەرۆکی کورد دەگرێت، ئەوە بێ عەقڵی سیاسی خۆیانە، ئەو بێ عەقڵییەش بەلای منەوە لەوەوە سەرچاوەی گرت کە کوردیان زۆر پێ کەم بو، لەڕابردودا کورد نەتەوەی ژمارە دو بو لەعیراق ئێستاش هەر وایە، تۆپو تەیارەو پشتیوانی کەم بوەو لەگەڵ ئەوانیش هاوسنورە، پێیانوابو زۆر ئاسانەو پارویەکی خۆشەو ئاسان قوتدەدرێت، بەڵام دەرکەوت کە وانییە، بەڵام بۆ کورد ئەگەر ئێمەش بزانین بەیەکەوە هاوکاری بکەین شەڕی داعش-یش نەبێت بە هۆکاری دژایەتدی ناوخۆمان، بەلای منەوە سەرەڕای ئەو هەمو شەهیدەی کە داومانە لەکۆتاییدا هاتنی داعش لەقازانجی کورد بو نەک

لەزەرەری، چونکە داعش کوردی بە دنیای دەرەوە ناساند، راستە ئێمە لە کۆنەوە شەڕدەکەینو لەکۆنەوە پەیوەندیمان لەگەڵ دنیای دەرەوە هەیە، بەڵام دنیای دەرەوە ئیشی بە کورد نەبوە.

**چاودێر**: پێتوایە بەو ئاسانییە کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمو ناوەند چارەسەربکرێت، بەتایبەت کە بابەتی (نەوت) هاتۆتە پێشەوە، دوەمیان: رای ئێوە لەسەر بەشداریکردنی ئۆپۆزسیۆن لە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانو نەمانی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێم چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا؟


**سەلاحەدینی موهتەدی**: پێداویستییەکانی بون بە یەک دەوڵەت کەمە، ئاسان نابێتە یەک دەوڵەت، بۆیە هەر رێککەوتنێکمان لەگەڵ بەغداد رێککەوتنێکی کاتی دەبێت، ئەوە ئەو مانایە ناگەیەنێت کە لەگەڵیان رێکنەکەوین، نا دەبێت لەگەڵیشیان رێکبکەوینو بەرژەوەندیی خۆشمان بپارێزینو خاکی خۆشمان بگەڕێنینەوە سەر کوردستان، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبێت ئەوە بزانین کە ئەو رێککەوتنە کورتخایەنە، جا ئەگەر مەملەکەتێک وایلێبێت یەک سەرۆک وەزیر بەبێ هیچ پاساوو بیانویەک ئەو دەسەڵاتە بە خۆی بدات میللەتێک برسی بکات، ئەوە مانای ئەوەیە ئەومیللەتە بە ئاسانی نابێت بە یەک دەوڵەت، بۆیە من پێموایە هەمو هەوڵێکمان دەبێت ئەوە بێت لەگەڵ عیراق تێکینەدەینو لەگەڵیشیان بەشەڕ نەیەین، چونکە لەئەنجامدا رۆژێک دەبێت رێبازی خۆمان جیا بکەینەوە، چونکە ئەو کێشەیە لەسەر نەوتیش نییە لەسەر بیروباوەڕە، ئێمە داوای یەکسانی مافی ژنو پیاو دەکەین، ئێمە داوای سیکۆلاریزم دەکەین داوای جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت دەکەین، داوای رێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتانی گەورە دەکەین، لەبەر ئەوە بۆ دوارۆژ پێکەوەبونمان ئاسان نییە، جگە لەوەش نەوتیش بۆتە کێشەیەک، هەر وەکو چۆن نەوت هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی کورد، دەشتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ شەڕو نەگبەتی بۆ کورد.

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئۆپۆزسیۆنیش لەحکومەت، کەس ناتوانێت بڵێت ئۆپۆزسیۆن خراپە بێتەناو حکومەتەوە، من پێموایە زۆر باش بو هاتنەناو حکومەت، کاریگەریشی ئەوە دەبێت کە دەنگی نارەزایی هاوڵاتیان کەم دەکاتەوە، جا با ئەو دەنگەش کەم ببێتەوە من لەگەڵ ئەوانەدا نیم کە هێندە عاشقی دیموکراسینو دەڵێن ئەگەر رەخنەنەگرینو خۆپیشاندان نەکەینو هەمو رۆژێک شەقامنەگرین دیموکراسی پیادەنابێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٦ی جانیوێری ٢٠١٥

---------------------------------------

## گەڕانەوەی مام جەلال و حیکمەتەکانی کاریزما



جەلیل ئازادیخواز

دوای نزیک بەدوو ساڵ هەتوان وململانێی مام جەلال لەگەڵ نەخۆشی ودووری لەدنیای سیاسەت لەکۆی گشتی سیاسەت خۆیدا. سەرئەنجام رۆژی شەممە١٩ی مانگ جاریکی تر گەڕایەوە کوردستان و ئەوشارەی کە بووەتە بەشی هەرەبەرینی بوون ونۆستالۆژیای تاڵەبانی. ئەگەر بەویژدانیشەوە لەوشارە رامێنین ئەویش لەشەست ساڵەی دوایی تەمەنی خۆیدا جێ دەستی مام جەلال بەهەموو بەژنیەوە دیارە. دابڕانی مام جەلال لەسیاسەت لەناوچەکەو جیهان و عیراق و ناوماڵی کورددا بۆشاییەکی بەرچاو و گەورەی بەجێهێشت.

دووان لە کارو کەسایەتی تاڵەبانی بەراستی دژوارە. وەک تەنیا سەرکردەیەکی شۆڕشی کورد لەباشور کە لەسەردەمی نەریتدا بە گوتاریکی کراوەی مۆدیرنەوە لە بزوتنەوەی کورددا خۆی کێشایە هەناوی چینی نێوەندیی وهۆشیاری کوردەوە، بنەمای بەریانی لە بزوتنەوەی کورددا لەم بەشەدا دانێ کە کۆی ئەندێشە وئامرازو هۆکارەکانی راپەڕاندنی شۆڕش وسیاسەتی لە هەموو هەوڵەکانی پێشتری مێژووی بزوتنەوەی کورد جیاوازبێت. لە مێژووی دابڕان و جیابوونەوەکانی کورد لە هێزو بزوتنەوەکانیدا دەتوانم بڵێم دوو دابڕانی حیزبی لە ئاکام و دەرئەنجام ودوا کۆبەندی خۆیاندا خزمەتیان بە بەرژەوەندی بالای بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو سەرهەڵدانی گوتاری نوێ و چەکەرەی دیمۆکراسی سیاسی وچوونە سەرەوەی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی وخزمەت بە کۆمەڵگای مەدەنی کورد ورەخسانی زەمینەی سەرهەڵدانی خێراتری فرە چەشنی وسەلماندنی لە ئاقاری سیاسیدا بەکەن. بە باوەڕی من یەک لەو جیابوونەوە و دابڕانانە جیابوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە پارتی بوو کە مام جەلال سەرکردایەتی کردو دواتر بووە بەریانی کە کۆی بوون وئەندازیارییەکەی مام جەلال رەخسانی وبێچمی پێدا. راستە ئەم بەریانە کۆیەکی بەرچاوگرفت وخەسار وتەنگەژەی جیدی بەدوای خۆیدا هانی، بەلام دوا ئاکام



سەرچاوە
Serchawe

وەدەرئەنجام وەلە كۆبەندی خۆیدا لە مێژووی كورددا كەس ناتوانێ باری پۆزێتیڤ و ئەوهەموو دەسكەوتەی رەچاونەكات كە بەدوای خۆیدا هێنای.

بەباوەڕی من دوو هەمین جیابوونەوەی پۆزێتیڤ و خولقێنەری بەریان و وشیاری جیابوونەوەی ساڵی ٢٠٠٠ی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران بوو لە حیزبی كۆمنیست. چوون لێرەدا بابەت لێكدانەوەی ئەم جیابونەوە وبەداوادا هاتنەكەی نیە، بەر باس خستنی دەخەمە كاتی خۆی وبەو هێندە ئاماژە وازدێنم.

مام جەلال وەک سەركردەیەكی بەئەزموون وسەركۆمارێكی سەركەوتوو، هەروەها وەک دیپلۆماتێكی شارەزاو لە راستیدا وەک ستراتیژیستێكی كار كوشتە، كە كەسایەتی وكاراكتەرێكی كاریزماتیكی هەیە ،نەک تەنیا لە كوردستان و زۆنی سەوزدا بەڵكوو لە كۆی عیراق و هێزە سیاسیەكانی ناوچەكەدا مام جەلال خاوەنی ئاوەها بوون ووەزنێكە. بۆیە گەڕانەوەی ئەم سەركردە گەڕانەوەیەكی ئاسای سەركردەیەكی ناساز نیە كە پاش تێپەڕاندنی رۆژانی مەترسی جەستەیی ئێستا بۆ پشوو دێتەوە وڵات. بەم پێیەو هەر لەسەر بنەمای ئەم راستیانە گەڕانەوەی مام جەلال كاریگەری بەرچاو وراستەوخۆی دەتوانێ لە سەر سێ بواری دیار هەبێت كە بەكورتی ئاماژە دەكەین بەم سێ رەهەندە وچۆنیەتی كاریگەری تاڵەبانی لەسەر ئەم رەهەندانە.

١- ساخكردنەوە ویەكخستنەوە و یەک دەنگ وگوتاركردنەوەی یەكێتی نیشتمانی كوردستان وەک ماڵی یەكەم وكاریگەرترین میكانیزمی بڕیار و هژمونی تاڵەبانی.

لای هەموان روونە هەر دوابەدوای نەخۆشكەوتنی تاڵەبانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان دووچاری جۆرە شڵەژان وفرە منبەرێک بووە كە لە مێژووی ژیانی سیاسی یەكێتی دا شتی وا نەبووە ونەبینراوە.

نایشارمەوە ئەم شڵەژان وفرەگوتاریە لەزۆر جاردا باری تەندروستی سەلامەتیی نەفسی و كۆمەڵی كوردەواری دوو چاری جۆرێ لە دڵەڕاوكێ و ترس وبێ هیوای كردوە كە تاكی كورد لە نائارامی وناباوەڕییەكا چاوەڕوانی داهاتوویەكی نادیار دەكات كە رەنگە بارگاوی كارەسات و دووپات بوونەوەی مێژوویی بێت .

لە هەڵبژاردنەكان و پێكهێنانی دەوڵەتی هەرێم و تەنزیمی پەیوەندیەكانی یەكیتی لەگەل هێزە ناوچەیەكان ،دەوڵەتانی دراوسێ وهیزەكوردیەكان و دەسەڵاتی ناوەندی و گرژی ورووداوەكانی ئەم دواییانەی ناوخۆی عیراق. هەروەها پرسی گرنگ



سەرچاوە
Serchawe

ومەسەلەی بنەمایی وستراتیژی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی . کۆی ئەم بابەت ورەهەندە گرنگانە کە یەکیتی کاریگەری راستەوخۆ وجیدی وئینکار نەکراوی لەسەریان بووە وهەیەو دەبێت لە غیابی تاڵەبانیدا هەرموو لەدوخێکی قەیراناویدا بوون ونەتوانراوە مامەلەیەکی تەندروست وبە وەختیان لەگەڵ بکرێت. ئەگەر جاران یەکیتی کارتێکەری لە سەر هێزەکانی دیکە هەبوو بۆ چارەسەری وبالانس وبەرێوەبردن دوای مام جەلال یەکێتی نەک هەر ئەم کاریگەریەی نەما بەڵکو کەوتە ژێر کاریگەری دیتران و هەندێ جار هێزە ناوچەیی وعیراقیەکان ئەوانیان دەخستە ژێر کاریگەری خۆیانەوە و لە هەندێ کاتدا نەخشە رێگایان بۆ پێشنهاد دەکردن.

ئەم چرکەساتە ئەو چرکەساتەیە کە تاڵەبانی هەم پێویست بوو هەم دەتوانێ جارێکی دیکە کاریگەری خۆی دەرخات و کۆی ئەوبابەت و رەهەندانەو لە یەک واتەدا یەکیتی بگێڕێنێتەوە سەر رێچکەی خۆی و بتوانێ یەکێتی ویەک گوتاریەکی شیاو بە یەکێتی ببەخشێتەوە.

٢- بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی ویەکخستنی گوتاری کوردی و پتەو کردنی یەکیتی هیزە سیاسیەکانی کوردستان لە ئاستی باشوری کوردستان وپارچەکانی دیکەی کوردستان.

نە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە سەر ئاستی کوردستان بە گشتی، کێشەکانی خۆرا ئاوا و باکورو باشور و بەئاکام نەگەشتنی دانوستانەکان ونە بوونی پەیوەندی بەهێز بۆ هاوکاری وهاوبیری وبەرگریکردن لە بەرژەوەندی بالای نیشتمانی وقەیران وئالۆزیەکانی ناو هەناوی ئەم پەیوەندی ودیاردانە. کێشەکانی حکومەتی ناوەند وهەرێمی کوردستان، پەیوەندیەکانی نێوان یەکیتی وپارتی، پرسی ناوچە دابڕاوەکان. ئالۆزی ئێستا بارودۆخی عێراق و هەڵوێستی ناوەند کوردستان و ولاتانی هاوسێ وپەیوەندیەکانی کوردو ناوچەکەو و{تانی دەرواسێ ورادەی کاریگەری وئامادە بوونیان لە کۆی ئەم بابەت و کێشانەداو دواتر پرسی بنەمایی و هەرەگرنگ وهەرە ستراتیژیکی کوردو ناوچە کە واتە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کۆی ئەو بابەت ورەهەند ودیاردانەن کە دەخوازن تاڵەبانی تییاندا ئامادەبێت ورۆڵی کاریزمای خۆی بۆ چارەکردن ولە چارە نزیککردنەوەی ئەم بابەتانە ببینێت. پەیوەندی ستراتیژیکی پارتی ویەکیتی دوای مام جەلال بێگومان دووچاری ساردی ولە هەندێ رووبەردا گرژی بۆتەوە وئەمە خۆی کارتێکردنی نیگەتیڤی لەسەر کۆی دیاردە باسکراوەکانی سەرەوە بووە وهەیە، بۆیە کەسایەتی تاڵەبانی چ وەک سەرکردەی یەکێتی وچ وەک کەسێکی کاریزما وجێگەی متمانەی شیاوی پارتی وبارزانی دەتوانێ ئەم قۆناغە ئالۆزو قەیراناویە بگوێزێتەوە بۆ قوناغێکی ئارام و جێگیر کە بکرێت تییادا بەلۆژیک وئاوەزمەندیەوە دیاردەکان چارەسەر بکرێن و بچنە قالبی گونجاوی خۆیانەوە.

سەرەکی ترین میکانیزمی چارەی کۆی دیاردە چارە نەکراو هەڵواسرواەکانی سەرەوە و نێوان پارتی و یەکێتی تەندروست بوون وشیاو ی متمانە بوونی پەیوەندی نێوان ئەم دوو هێزە گرنگ و چارەنوس سازەی کوردە کە تاڵەبانی دەتوانێ ئەو میکانیزم فاکتەرە بە هێزەبێت نەک تەنیا ئەم پەیوەندیانە بەڵکوو کۆی پەیوەندیەکانی هێزەکانی باشور وکوردستان بباتە شوێنی شیاو وگونجاوی خۆی.

٣- چارەسەر کردن ولە چارەنزیککردنەوەی قەیرانی ئێستای عێراق و هێورکردنەوەی ئەم دۆخە ئاڵۆزەی ئێستاو ئامادەبە دانوستان کردنی کۆی هێزەکانی ئێستای عێراق.

لەراستیدا گەڕانەوەی لە ساڵێک و چەند مانگ پێش ئێستای تاڵەبانی بۆ بەغداد هەر بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارو دەرکردنی عێراق لەقەیرانی سیاسییەک بوو کە تێکەوتبوو، باوەڕ وئیتمینانی زۆرینەی هەرەزۆری هێزو نەتەو کان ولایەنە مەزهەبیە کانی عێراق بە تاکە بانی و ئەزموونی دو قۆناغ سەرکۆماری مام جەلال دۆخیکی وای سازداوە کە دەتوانێ بە هاسانی هەموو لایەنەکان لە دەوری یەک کۆکاتەوە ولە ئاکامدا بە بەدەستهێنانی بەرژەوەندی ناوکۆی هەموو لایەنەکان بتوانێت بگاتە رێگەچارەی شیاو وگونجاو بۆ گرفت وتەنگەژەکانی ئێستای عێراق.

دارمانی عێراق لە هەموو رەهەندوو رووبەرەکاندا. کێشەی لەمێژینەی سونی وشیعەو کۆتایی شتێ کە پێی دەوترا هاوسۆزی عێراقی ولە راستیدا بوونی دەرەکی نەبوو وە تەنیا هۆکارێ بوو بۆ چەوسانەوە وکوست و شەڕە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و کوردستان و ناو چە شیعە نشینەکان. لەم دۆخەدا دەستەبەرکردنی میکانیزم و ڕێگا چارەیەکی گونجاو کەبتوانێ ئەم رووباری خوێن و بەرهاتنەوەی هەمیشەیەی شەڕ و وێرانی رابگرێت ورێکارێکی کۆتایی بێت بۆ ئەم تراژدیا کۆتایی نەهاتووەی عێراق ئەگەرێکە کە تاڵەبانی دەتوانێ لە دروست بوون و بەهێزو چارەکردنیدا رۆڵی هەرە گرنگ ببینێت . گومانی تیادا نیە لێکدانەوە وهەڵوێستی تاڵەبانی لەسەر مانەوەی عێراق و هەڵوەشانەوەی ئەم سەرزەوینە نفرین کراوە ، کە لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆدا کاریگەری هەرە فراون و گرنگ وحیساب بۆکراوی دەبێت و دەتوانێ دەرگایەک بێت بۆ ئاوادانکردنەوە یان داخستنی ئەم کارگای شەڕ وکوشتنە. واش دیارە و بە پێی قسەکانی گەورە راوێژکاری تاڵەبانی خۆی فەخری کەریم تاڵەبانی پێش دووچار بوونی بە نەخۆشی و چوونی بۆ ئەڵمانیا لەبارەی عێراقەوە بە هەندێ ئامانج و دەرئەنجامی تازە گەیشتوە.


تەمەنی هەموو بوونەوە و کائینێکی سەر ئەم گۆی زەوینە لە چرکەساتێکدا کۆتایی دێت و تێکەڵ بە ئەبەدیت دەبێت گومان نیە کە تەمەنی تاڵەبانیش بە هەموو گرفتە جەستەیەکانیەوە مەخابن روو لە کۆتاییە و کاریزما خۆی بە باشی ئەم

راستیە دەزانێت و ڕەنگە پەلەی گەڕانەوەی بۆ شاری نۆستالۆژیەکانیش هەر لەم ڕوانگەوە بوبێت، بۆیە دەخوازێ هەموو بۆ چارەسەری ئەم قەیرانانەو کەم کردنەوە چارەی کێشەکان چاوەڕوانی دوایین حیکمەتەکانی کاریزمابین چون بەراستی تاڵەبانی تەنیا داخوازییە کە لە بوون و ژین دەبێ مابێتی مردنێکی کاریزماییە کە ئەویش لەدەستەکانی تاڵەبانی خۆیدایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوولای ٢٠١٤

-----------------------------------------------------

**بە بۆنەی یادی هەشتا ساڵەی لە دایکبوونی مام جەلالەوە**



شەوی رابردوو لە ماڵپەڕی "مالامە" دا خوێندمەوە کە مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ١٢ی ئەم مانگە دا پێی ناوەتەوە تەمەنی هەشتاساڵییەوە. ئەم بۆنەیەم بە دەرفەت زانی تا وێڕای بە ئاواتخواستنی سلامەتی و تەمەندرێژی بۆ جەنابیان و هیوای سەرکەوتن بۆ ڕۆڵی مێژوویی لە پاراستنی یەکیەتیی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشبردنی عێراقی نوێ، وتارێکی خۆم بخەمە بەرچاوی دۆستان و هۆگران کە کاتی

خۆی (بانەمەڕی ٢٠٠٥) وەک سەروتاری ژمارە ٤١١ی رۆژنامەی "کوردستان" ی ئۆرگانی حیزبی دیموکرات، بە بۆنەی هەڵبژێرانی بە سەرکۆماری عێراق بڵاو بۆوە:

## بەولاوەتر لە زیندە خەوێک



قادر وریا

چوارشەمە، ٦ی نیسانی ٢٠٠٥ی زایینی، کاتژمێر ١١:٢٠ بە کاتی بەغدا، ساتێکی بێوێنە لە مێژووی عێراقو گەلی کورد بە گشتی دابوو. لەو ساتە وەختەدا، ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتیک دا کوردێکی بەسەرۆک کۆماری ئەو ولاتە هەڵبژاردو بەم جۆرە زەنگی دەست پێکرانی سەردەمێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی ئەو ولاتەدا بۆ جارێکی دیکە زرینگایەوە.
کوردێک کە ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق بە٢٢٧ دەنگ لە کۆی ٢٥٧ دەنگی ئەندامانی ئامادەبووی ئەنجومەن، بە سەرکۆماری هەڵبژارد، مام جەلال خەباتگێڕی دێرینو یەکێک لە سەرکردە بەئەزموونەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بوو. هەڵبژاردنی مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق، ئەگەر ئەو لایەنو رەهەندانەش لەگۆڕێدانەبان کە ئاماژەیان پێدەکەم، دیسانەکە رووداوێکی گرنگ لە مێژووی عێراق دابوو. چونکە بێگومانم لەوە کە ولاتی عێراق لە مێژووی ٨٠ ساڵەی خۆیدا، رێبەرو سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی ئەوتۆی نەبووە کە لە ئەزموونی سیاسی، دیپلوماسیو رێبەریو لە بڕوا بە دیموکراسیو پلۆرالیزمو مافو ئازادیە جۆراوجۆرەکان دا، هاوشانی مام جەلال بووبێ. هەر بۆیە بوونی رێبەرێک بەو تایبەتمەندیە کەسییانەوە کە مام جەلال هەنی، لە چڵەپۆپەی دەسەڵاتدارەتیی ولاتێکی وەک عێراق دا، بۆخۆی شتێکی گرنگو بێوێنەیە. بەڵام گرنگیی ئەو رووداوە لەمە زۆر بەولاوەترە، چونکە:

هەڵبژاردنی کوردێک بە سەرۆک کۆماری عێراق لە لایەکەوە بەرهەمی یەکڕیزیی گەلی کوردو یەکیەتیی بڕیارو ئیرادەی سیاسیی ئەو گەلە لە کوردستانی عێراقەو، لە لایەکی دیکەشەوە نیشانەی دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە هاوژیانیی نەتەوەو ئایینو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ئەو ولاتە دایە. لە بارەی گرنگیی یەکیەتیی بڕیارو ئیرادەی سیاسیی

سەرکردایەتیی کورد لە عێراق دا هەر ئەوەندە دەڵێم: ئەگەرچی درێژترین مێژوو لە بەرەنگاری لەگەڵ دیکتاتۆری‌و زۆرداری‌داو، زۆرترین قوربانی‌و گرانترین نرخ لە خەباتی ئازادیخوازانە لە چوارچێوەی عێراق دا، هی گەلی کورد بووە، هەروەها لەگەڵ ئەوەش دا کە ئەم گەلە بە حوکمی ئەزموونی دەوڵەمەندی لە خەبات داو تێکەڵاویی لە مێژینەی لەگەڵ بیروڕای پێشکەوتنخوازانەو مرۆڤدۆستانەو، مێژوو و کەلتووری دەوڵەمەندی خۆی، لە چەند دەیە لەمەوپێشەوە ڕۆڵەی لێوەشاوەی بۆ ڕێبەری‌و سەرۆکایەتی لە ئاستی وڵات دا هەبووە، بەڵام ئەو ڕۆژەو، زۆر کەمتر لەو دەسکەوتانەشی بەخۆوە نەدەدی، ئەگەر یەکریزی‌و یەکیەتیی بڕیارو ئیرادەی سیاسیی لە نێوخۆی‌دا دابین نەکردبا. هەر وەک سەرکۆماری هەڵبژێردراوی عێراق لە یەکەم وتووێژی خۆی لەگەڵ "الشرق الاوسگ"دا ئاماژەی پێکرد، پێشنیاری کاندیداتۆریی ئەو بۆ یەکێک لە پۆستە هەرە بەرزەکانی دەسەڵاتی عێراق، یەکەمین جار لە لایەن بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هێنرایە گۆڕێ. وەک لە چەند مانگی ڕابردووش دا شاهید بووین ڕێزدار بارزانی، پارتی دیموکراتو لایەنەکانی دیکەی نێو هاوپەیمانیی کوردستان، لە سەر پێداگرتن‌و پشتیوانیی خۆیان لەم بارەوە مکور مانەوەو، سەرئەنجام بە یەکیەتی، هاودڵی‌و هاوکاریی بێدرێغ توانیان کوردێک بەم پۆستە بەرزو گرنگەی وڵاتی عێراق بگەیەنن.

هەڵبژێرانی مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق، وەک گوترا نیشانەی دەست پێکردنی سەردەمێکی نوێ لە پێکەوە ژیانی نەتەوەو ئایین‌و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دایە. لە عێراقی نوێ‌دا ئیدی دەسەڵات بە گشتی‌و بە تایبەتی پوستە سەرەکی‌و بەرزەکان لە پاوانی یەک نەتەوەو ئایین دا نین. دەسەڵات، لەمەودوا، ڕەنگدانەوەی ئەو جۆراوجۆرییانە دەبێ کە عێراقیان پێک هێناوە. نەریتی لەمێژینەو هەر لەو کاتەدا ناتەبا لەگەڵ ڕێوشوێن‌و بەهاکانی دیموکراسی و هاووڵاتیەتی، یانی دابەشکردنی هاونیشتمانان بە سەر پلە یەکو پلە دووو پلە سێ‌دا کە میراتی ڕێژیمە شۆڤینیست و دیکتاتۆرەکانە، لە عێراقی نوێ‌دا خەریکە دەخرێتە زبڵدانی مێژوو. لە عێراقی نوێ‌دا بەیەک چاو سەیرکردنی هاونیشتمانان‌و دابینکردنی مافی یەکسان بۆ ئەوان، خەریکە دەبێتە دەستەبەری یەکپارچەیی وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئایین و، بەردی بناغەی هاوژیانیی بە ئاشتی و دڵخوازانەی لەسەر دادەنرێ.

هەروەک چەند جاری دیکەش مام جەلال‌و کاک مەسعوودو ڕێبەران‌و نوێنەرانی گەلی کورد لەم مانگانەی دواییدا بە حەق گوتوویانە، دەسکەوتی گەلی کورد لە عێراقی نوێ‌دا، بەوەدەستهێنانی پۆستێکی ئاوا بەرز، کۆتایی نایە. چەسپاندنی دەسکەوتەکانی چەند ساڵی ڕابردووی ئەو گەلە لە یاسای نوێی عێراقی فیدراڵ‌و دیموکراتو پلۆرال داو، چارەسەرکردنی ڕەواو دادپەروەرانەی هێندێک کێشەی وەک کەرکووکو ناوچەکانی دیکەو هێزی پێشمەرگەو هتد، بەشێکی دیکە لەو دەسکەوتانەن کە گەلی کورد داوایان دەکاو بە هاتنە دییان گەشبین‌و هیوادارە.



سەرچاوە
Serchawe

گرنگیەکی دیکەی ئەم رووداوە بۆوێنەیە، کاریگەریی لەسەر خەباتی گەلی کورد لە وڵاتانی دراوسێی عێراقو شوێندانانی لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ئەم وڵاتانەیە. بە ئاکام گەیشتنی خەباتی دەیان ساڵەی کوردەکان لە عێراق بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیانو، هاوبەشیی کاریگەریان لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا، هیچ قسەی تێدا نیە کە خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو لە وڵاتانی دەوروبەردا بەگوڕتر دەکا. تەنانەت کار دەکاتە سەر بۆچوونو روانینی هاونیشتمانانی ئەو گەلە لە تورکیەو ئێرانو سووریەدا. چونکە ئەزموونی کێشەی کورد لە عێراق، نیشانی دا ئەگەر ئەو گەلە بە بیانووو ناوی جۆراوجۆرەوە لە هاونیشتمانەکانی هەڵناوێردریو سەرکوت نەکریو بە مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی بگا، بە حەزو ئۆگریەوە لە بنیاتنانی سیستمێکی دیموکراتو فیدراڵو لە پاراستنی یەکپارچەیی وڵات لەسەر بناغەی پێکەوە ژیانی تێکەڵ بە یەکسانیو رێز لێک گرتن دا هاوبەشی دەکا. بەڵام ئایا دەسەڵاتبەدەستانی ئەم وڵاتانە کە ئەم گۆڕانە قووڵانە لە دراوسێیەتیی وڵاتی ئەوان دا روو دەدەنو خەریکن رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتەننەوە، دەرسێک وەردەگرن یا چارەنووسی رێژیمی گۆڕکراوی عێراق بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن؟

بەم سەرنجانەوە، بەبۆنەی هەڵبژێرانی مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق، پیرۆزباییی لەو بەڕێزە، لە خەڵکی عێراق، لە گەلی کورد لە عێراقو لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکەینو بۆ جەنابی، سەرکەوتن لەم پۆستەیداو، بۆ عێراقو گەلی کورد لەم وڵاتە، گۆڕانو سەرکەوتنو دەسکەوتی بەنرخ لە ماوەی سەرکۆماریی سەرکۆماری کورددا بەئاوات دەخوازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## کۆنە پێشمەرگەیێک و کۆماری دووەمی ئێراق



نووسەر: سەلاحەدین خەدیو

**وەرگێڕ: ڕێناس جاف**

سەردەمی کۆماری یەکەمی ئێراق، بە کۆدەتاکەی عەبدولکەریم قاسم لە ژوئیەی ساڵی ١٩٥٨ی زایینی دەس پێکرا و بە ڕووخانی حکومەتی سەدام لە مارسی ٢٠٠٣ کۆتایی پێهات.

تەوەری سەرەکی باس و خواس لەو سەردەمەدا کە بە تایبەت پاش ساڵی ١٩٦٨ و هاتنە سەردەوری حیزبی بەعس، زێتر خۆی دەرخست، لە سەر مۆدێڕنیتە، سۆسیالیزم و ناسیۆناڵیزمی عەرەبی بوو کە دەستەڵات بە دەس تاقمێکی تایبەتی سەر بە قەومێکەوە بوو و کەوتنە پەراوێزەوەی مابەقی گرووپەکانی گرینگی قەومی و ئایینی وەک شیعە و کوردە کانی، لێ کەوتەوە.
ئەرچی لە سەردەمی کۆماری یەکەمی ئێراقدا، پێنج سەرۆک کۆمار،حوکمیان بە سەر ئەو وڵاتە دا کرد بەڵام لێکچوونی شێوەکانی حکومەت و دەستەڵاتداریێتی ئەوان و تایبەت مەندییەکانی سیاسی، دیرۆکی، جڤاکی وڵات بە درێژایی ئەو ماوە، هەل بۆ ئەو چەشنە دابەشکارییە، دەڕەخسێنێ.

بێگومان سەرچاوەی ئەو چەشنە دابەشکارییەی ژیانی سیاسی وڵاتان، شۆڕشەکەی فەڕەنسە وحکومەتەکانی کۆماری یەک بە دوای یە کدایە، کاتێکیش کاریگەر و کارا دەبێت ناسنامەی سیاسی بە تایبەت یاسای بنەڕەتیی "کۆماری"، گۆڕانی سەرەکی و بنچینەیی، تێدا بکرێ.
لە ئێراقی ئەمڕۆدا سەرباری هاتنە ئارای ئەو هەموو گۆڕانکارییە، دیاریکرانی کوردێک بە مێژینەی خەباتی "شۆڕشگێڕانە" بۆ پۆستی سەرۆک کۆمارێتی، بۆتە هۆکارێکی دی هەتا خولی نوێی ژیانی سیاسی ئەو وڵاتە، ناوی "کۆماری دووە م"ی لە سەر دانرێ.

گەر سووکە ئاشنایێتی و شارەزایێتی یەکمان دەگەڵ دیرۆکی هاوچەرخی ئێراق هەبێت کە سەرانسەر، تژییە لە حاشا کردن و وەپشت گوێ خستن و سەرکوت کردنی بەردەوامی کوردان، ئەو دەم لامان دەردەکەوێ بایەخی ئەم کارە، ئەوەند کەمتر لە یاسای بنەڕەتی نییە.

**جەلال تاڵەبانی "کۆنە پێشمە رگە" یێکی بزاڤی کوردستان دێتە ئەژمار.**



سەرچاوە
Serchawe

لە بزوتنەوەی کوردی دا، پێشمەرگە بەو میلشیایانە دەڵێن بە شێوەی چەکدارانە، لە ئامانج و مەبەستەکانی ئەو خەبات و شۆڕشە ، بەرەوانی و لاگری دەکەن. هەتا چەن ساڵ لە مەوبەر کە خەباتی چەکدارانە تاقە ڕێکار لای ڕێبەرانی باشووری کوردستان بوو، پێشمەرگە سەمبولی خەبات و بەرخۆدان بوو.

ئەو وڵاتانەی کەمینەی کوردیان تیایە، بە دەگمەن جار ناجارێک، یەک و چەن کەسێ تایبەت هەتا بانترین پلە و پۆستەکانی حکومەتی و دەوڵەتی هەڵکشاون. بەڵام بێگومان برینی ڕێگەیێکی دوور و درێژی ئەوتۆ، سەرەتا پێویستی بەوە پشت سەر نانی پرۆسەی "خۆبیوون" و چوونە ژێر باری کاری ئاسایی و دوا بە دوای ئەوەش توانەوە و نغرۆ بوون لە کەلتوور و زوانی فەرمی بووەوە کە "حیکمەت چیتین" وەزیری هەندەرانی سەردەمی "تۆرگۆت ئۆزال" لە ترکیا کە ئەرچی لە بنەماڵەیێکی "دیاربەکری" لە دایک ببوو، بەڵام تەنیا لە ڕێی ڕۆژنامە نووسانی وردبین و پەیامنێران پیشەیی پەوە تێدەگەیشتی کە بە ڕەگەز کوردە بەڵام ئەم خاڵە لای جەلال تاڵەبانی ڕاس بە پێچەوانەیە، ئەو لە دڵی شۆڕش و بزوتنەوەیێکەوە سەری هەڵداوە کە چەکدارانە، بۆ گۆڕینی سیمای سیاسی و ناسنامەی قەومی ئەو چەشنە وڵاتانە، خەباتی کردووە.

ئەمە بۆ خۆی یەک لە نیشانە هەرە ڕوونەکانی گۆڕان و دەسپێکی خولی نوێی نێو خۆرهەڵاتی ناوینە کە پاش تێپەڕینی نێزیک بە نیوسەدە، هێوری سیاسی، بەرە و قۆناخێک دەچێ هەتا سیمایێک، بە گوێرەی بارودۆخی ڕۆژ و هاوکێشەکانی نوێی ناوچەیی و جیهانی، بە خۆوە ببینێ.

ساڵی ١٩٨٦ ئەو دەمانەی دیکتاتۆری ئێراق، سەری بە کار وباری دەستەڵاتدارێتی پەوە گەرم بوو، فەرمانی عەفوو و لێبووردنی گشتی بۆ هەموو نەیارانی ورد و گەورە و جۆر بە جۆری خۆی دەرکرد کە چی ئەو عەفوواتە، تاڵەبانی نە دەگرتەوە، ئەوە بۆ خۆ ڕادەی نەفرەت و بێزاری سەرۆک کۆماری پێشوو لەو، لای هەمووان ڕوون دەکاتەوە.

لەو سەردەمە دا تاڵەبانی بە یارمەتی هێزی ئێرانی، لە بنکەی هاوینی یان هاوینە هەوارەکەی خۆ لە "قەڵاچوالان" (لە بە رزاییە کانی دەور و بەری سلێمانی) شەڕێکی پارتیزانی دژ بە سوپای بەعس، دەس پێکرا.

ئێستە سەرۆک کۆماری پێشوو، لە سووچێکی زیندانی ئەمریکییە کانەوە، چەمەڕای دادگەیی کران و لەو لاشەوە سەرۆک کۆماری نوێ (تاڵە بانی) ئامادە یە بچێتە نێو یەک لە کۆشکەکانی پێشووی ئەو.

تاڵەبانی لە خەباتی سیاسی ڕابوردووی خۆیدا، ئەوەی سەلماندووە سیاسەتمەدارێکی فۆنکسیۆنالیستە و دۆستایەتی و دوژمنایەتی یە کانی نە گۆڕ و هەمیشەیی نین.

دۆستایەتی و ناکۆکییەکانیشی هەر بە هەمان شێوە بووە. لاگرانی، ئەو جۆرەی سیاسەتەی تاڵەبانی، بە ڕازی سەرکەوتنی "مام جەلالی" دادە نێن، ئەوە لە حاڵێکدایە لای ڕەخنەگرانی، هەر لەو ڕێگەوە بزاڤی کوردی زەبری فرەی لێ کەوتووە.

ڕوون و ئاشکرایە پۆستی سەرۆک کۆمارێتی ئێراق، دەرفەتێکی باشتر و هەلێکی شیاو و گونجاوتر دەخاتەوە دەس مام جەلال، بە دوای سیاستەکەی خۆدا بچێت. ئەو سیاسەتەی بە سەرنج بەڕەوشی هەستیار و پڕ لە بگرە و بەردەی ئێستای ئێراق و ئالی و گرووپەکانی جۆر بە جۆری سیاسی، ئایینی، قە ومی و... نێو ئەو وڵاتە، ڕەنگە ئەوەندەش ناکارا نەبێت. بە تایبەت ئەوەی نابێ وەک "غازی یاوەر" چاو لە مام جەلال بکەین.

مامە پشتی بە باکووری ئێراقێکی بە هێز و سوپایێکی سەربەخۆ و کارامە و خودان ئەزموونی وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان، گەرمە، هەر ئەمەش پێگەی بەرز دەکاتەوە و لە سەرۆکێکی رووالەتی و هاکەزایی، جوێی ئەکاتەوە.

ژێدە ر: ڕۆژنامەی شەرق، دووشەمە،٢٢ خاکەلێوەی ١٣٨٤ هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١١ی ئەپریلی ٢٠٠٥

## سەرکۆماریی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی و ڕاگەیاندنی کوردیی



**قادر ئەلیاسی**

کاتێک هەواڵی هەڵبژێرانی بەڕێز مام جەلال بە سەرکۆماری عێراقی فیدراڵی لە لایەن راگەیەنەرە گشتی یەکانی ناوخۆ و دەرەوە بەڵاو کرایەوە، خەڵکی کوردستان لە هەر کوێ بۆی لوابێ، شادمانی خۆیان نەشاردۆتەوە و دەستی کردووە بە گۆڤەند و شایی.

چوونکە مام جەلال پالێوراوی تەنیا یەکیەتی نیشتمانی کوردستان نەبووە بەڵکوو لە لایەن لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە کاندید کراوە. بۆیە خەڵک بە بێ جیاوازی بیر و بۆچوونی سیاسی یەوە، مام جەلالی بە هەڵبژاردەی خۆی زانیووە و دەزانێ. لە گەڵ بەڵاوبوونەوەی ئەوهەواڵە، لە زاخۆوە تا خانەقین بە یەک دەنگ و یەک ئامانج، خەڵک رژانە سەر شەقام و جەژنە پیرۆزەیان لە یەکتر کرد. ئەم گیانی یەکدەنگی یە لەو دیو سنوورەکانی باشووری کوردستانەوە رەنگی دایەوە و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانی دابەش کراودا، سەرەڕای ئاستەنگی داگیرکەران، خەڵکی تینووی ئازادی کوردستان بە هەڵپەرکێ و گۆرانی پێشوازی یان لەو دەسکەوتە مێژوویی یە کرد. کوردەکانی تاراوگەش لەو شادی یە بەشدار بوون و بۆ وەدیهاتنی خەونەکانیان گۆڤەندیان گێڕا.

لە ئاستی سەرۆکایەتی کوردستان دا، بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی لە بروسکەیەکدا بەم بۆنەیەوە، پیرۆزبایی لە خۆی و مام جەلال و گەلی کورد دەکا. وەڵامی بەڕێز مام جەلال بۆ کاک مەسعوود ئەوەندە کوردستانی و خۆماڵی یانە بوو کە بە بێ هاریکاری بەڕێز بارزانی، وەدیهاتنی ئەو سەرکەوتنە بە مەحاڵ دەزانێ. بە دوای بروسکە وەڵامەکەی بەڕێز مام جەلال دا، بەڕێزان ئازاد جوندیانی و کۆسرەت رەسووڵ دووپاتی ئەو راستی یە دەکەنەوە و دەڵێن: هەڵبژێرانی بەڕێز مام جەلال بە سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ، دەسکەوتی تەنیا یەکیەتی نیشتمانی کوردستان نی یە بەڵکوو بەرهەمی خەباتی سەرجەم گەلی کوردستانە بە هەموو حیزب و رێکخراوەکانی یەوە.

بەڵام کە سەیری شاشەکانی kurdsat و kurdistan tv دەکەی، پێچەوانەی ئەو یەکدەنگی یە پیشان دەدرێ. لە شاشەی kurdsat دا کۆمەڵە خەڵکێک دەخرێتە بەرچاوی کامێرا کە بە پەڕۆی سەوز و رواڵەتی یەک لایەنی یەوە خۆ دەردەخەن. رۆژانە لە خانەقینەوە تا زاخۆ، ئەو دیمەنە سازکراوە پیشانی خەڵکی دەدرێ. لە چاوی کامێرای kurdistan tv یەوەش پەڕۆی زەرد و هێمای حیزبی پیشان دەدرێ. بە کورتی هەر دوو تەلەفیزیۆنەکە لە مەڕ ئەو سەرکەوتنەی خەباتی گەلەکەمان، راپۆرتیان بەڵاو کردەوە بەڵام راپۆرتێکی حیزبی نەک گشتی و جەماوەریی. دەبوو ئەو دەسکەوتەی گەلەکەمان کە بێ شک بەشی شێری بەرهەمی خەباتی پارتی و یەکیەتی یە، بەو جۆرە نەفۆستراباوە. دەبوو لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان، ئاهەنگی هاوبەش یان پێک هێنابا و بە ئاڵای کوردستان و رەنگێکی گشتی کوردی بە پێشوازی ئەو سەرکەوتنەوە چووبان.



سەرچاوە
Serchawe

من وەک کوردێکی هەوڵوەدای ڕێگای گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی گەلی کورد و بەشداری جێژن و شادی نەتەوەکەم لەمەڕ ئەو سەرکەوتنە، بە نیگەرانی یەوە دەڕوانمە ئەو هەڵس و کەوتەی ئەو دوو هێزە کوردی یە (پارتی و یەکیەتی) بە دەنگ و ڕەنگەکانی kurdsat و kurdistan tv شەوە. لەم کاتەدا کە کورد لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە یەکگرتن و یەکدەنگی و یەکڕەنگی هەیە، لەم ڕۆژانەدا کە حکومەتی عێراقی فیدراڵی بە سەنگی قورسی کورد و ڕێبەرایەتی یەکەی خەریکە بەرەو سەقامگیری هەنگاو دەنێ و مژدەی ئەوە بە خەڵک دەدرێ کە دوو ئیدارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبنەوە یەک، پێویستە ڕاگەیەندنەکانی کوردستان لەو پێناوەدا هەنگاو باوێن. نەک هەر کەسە و بانگەشەی باری خۆی و یاری خۆی بکا.

منیش مام جەلال و هەموو مامە و کاکە و خوشکێکی ئەو کوردستانەم خۆش دەوێ کە شوێنە پەنجەیان لە گۆڕەپانی کوردایەتی دا بە سەر خەباتی ڕەوای گەلەکەمانەوە دیارە. بەڵام ئەم خۆشەویستی یە کاتێک باشتر و گونجاوتر دەردەکەوێ کە لە سەرکەوتنە گشتی یەکان دا نەچینە ژێر باری تەسکی حیزبایەتی یەوە.

وەک چۆن لە کارەسات و نەهامەتی یەکان دا وەک لە سێدارەدانی پێشەواقازی موحەممەد و هاوڕێ یانی، هەڵەبجە و ئەنفال و شەهیدانی ١ی شوبات دا کە تووشی گەلەکەمان هاتووە، یەک دەنگ و بە بێ جیاوازی بە خەم و کۆستی خۆمانی دەزانین، دەبا سەرکەوتنەکانیش بە هیی هەموان بزانین.
یەکدەنگی و یەکڕەنگی ئێمەی کورد، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی بیر و ڕا، نە تەنیا بە قازانجی نەتەوەکەمان و خەباتە پیرۆزەکەیەتی، بەڵکوو ئەوەی لە ئاکامی ئەو یەکدەنگی یە زیانی وێ دەکەوێ، دوژمنانی گەلەکەمانە و بەس. با چیدی بەها گشتی و پیرۆزەکان نەکەینە قوربانی ویستە تایبەتیەکان. ئاڵای کوردستان و ئامانجی پیرۆزی شەهیدان کە ئازادی، ئاشتی و سەربەستی یە، دەبێ ببێ بە بەردی بناغەی گشت ئەو هەنگاوانەی ئێستاو لامان.

سەکەوێ خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد

پایەدار بێ کوردستان

پیرۆز بێ پۆستی سەرکۆماریی مام جەلال لە بەڕێزی و سەرجەم نەتەوەی کورد

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠٠٥



سەرچاوە Serchawe

-----------------------------------

## دوا بە دوای ڕاگەیاندنی هەواڵی بەسەرکۆمار بوونی بەڕێز مام جەلال خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێران ڕژانە نێو شەقامەکان



**ڕەشید حەیدەری**

ڕۆژی چوارشەممە، ٦ی ئاوریلی ٢٠٠٥ی زایینی، ڕۆژێکی گرینگ و مێژووی لە خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورددا بوو. لەم ڕۆژەدا، بۆ یەکەم جار لە مێژووی دەیان ساڵەی تەمەنی عیراقدا، سەرکردەیەکی خەباتکاری کورد بوو بە سەرکۆماری ئەو وڵاتە و بەمەش داری ئازادیی بە خوێن ئاودراوی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق زیاتر هاتە بەر و گەشەی سەند.

هەڵبژاردنی بەڕێز مام جەلال وەک سەرکۆماری عیراقی فیدراڵ لەلایەن ئەندامانی پارلەمانی عیراقەوە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی گەلانی عیراق بە کورد و عەرەبەوە بوو. ئەم هەڵبژاردنە لەلایەک بەڕوونی دەری دەخات کە کورد چی دیکە هاووڵاتیی پلە دوو نییە و وەک باقیی دانیشتوانی عیراق، دەتوانێ لە ئیدارە کردنی وڵاتدا بەشدار بێت. لەلایەکی دیکە ڕێگا خۆش دەکات بۆ گواستنەوەی ئەزموونی دیموکراتیکی کوردستان بۆ باقیی عیراق و بەمەش ئاساییش، سەقامگیری و خێر و خۆشی دەبێتە میوانی سەرجەم عیراقییەکان. ئەم هەنگاوە هەر لەو کاتەدا، وەک سەرکەوتنێکی مەزن بۆ کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە حیساب دێت.

بەپێی ئەو هەواڵانەی لە کوردستانی ئێرانەوەگەییشتوون، وەک هەمیشە، دانیشتوانی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی ئێران، دوای راگەیاندنی هەواڵی بەسەرکۆمار بوونی بەڕێز مام جەلال، بە جۆش و خرۆشێکی کەم وێنەوە رژانە نێو شەقام و کۆڵانەکان و بە بەرزکردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و دانی دروشمی جۆراوجۆر ئەو سەرکەوتنە مەزنەیان جێژن گرت. بەگوێرەی ماڵپەڕی دانشجوو، خەڵکی شارەکانی مەهاباد، بانە، سەقز، مەریوان، سنە و پیرانشار دەستیان بە خۆپیشاندان کردووە و بەدانی دروشم لە دژی رێژیم و رێبەرانی کۆماری ئیسلامی، خوازیاری گۆڕانکاریی دیموکراتیک لە ئێراندا بوون. خۆپیشاندەران بە گازی فرمێسک هێنەر لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە پەلامار دران و هەروەها تەقەیان لێکرا. لە ئاکامدا چەند کەس بریندار بوون و لە هیندێک لەو خۆپیشاندانانەدا دەیان کەس گیران.

لە درێژەی هەواڵەکەدا هاتووە:

لە وەڵامی توندوتیژیی هێزەکانی رێژیمدا، خۆپیشاندەران پەلاماری ئوتومبیلی هێزەکانی ئاساییش و بینا دەوڵەتییەکانیان دا و زیانیان پێ گەیاندن. بەشێک لە خۆپیشاندەران کە سەرو چاوی خۆیان داپۆشیبوو چەند بینایەکی ئاساییشیان داگیر کرد و توانییان چەندین کەس لە هێزەکانی ئاساییش چەک بکەن. دواتر بۆ ئەوەی خەڵکی وەزاڵە هاتوو سەرکوت بکات، رێژیم هێزی یارمەتیدەری لە مەریوانەوە هێنا.

شایانی باسە رێژیم نەیتوانی خۆپیشاندانی خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێران بشارێتەوە و لە ماڵپەڕی (بازتاب) کە سەر بە سپای پاسدارانە، هەواڵی بەشێک لە خۆپیشاندانەکانی بڵاو کردووەتەوە.
خۆپیشاندان و جێژن و شایی خەڵکی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە کورد یەک چارەنووسی هەیە و سەرکەوتنی هەر پارچەیەکی کوردستان سەرکەوتنی هەموو پارچەکانی کوردستانە.

پیرۆز بێ بەسەرکۆمار بوونی بەڕێز مام جەلال!
هەر شەکاوە بێ ئاڵای پیرۆزی کوردستان!
سەرکەوتوو بێ خەباتی رۆڵەکانی کورد لە کوردستانی ئێران!

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠٠٥

-----------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## مام جەلال ڕەمزی خۆڕاگری وەستاکارێکی سیاسی بەهێزی کورد بوو



**شۆڕش ئەسەدزادە**

لەدوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٤ بەسەرکردایەتی بارزانی نەمر، هەر دوای نسکۆی شۆڕش، هێندەی نەگرت ئاگری شۆڕش گڕ گڵپەی کردەوە، شاخەکانی کوردستان دەنگ و ڕەنگی پیاوانەی پێشمەرگەیان وەرگرتەوە لەو ڕۆژەوە بێ وچان و بێ پشوو دان ڕۆژە سەختەکانی شۆڕشیان دەپێوا. باشترین و قارەمانترین ژن و پیاوانی کورد پۆل پۆل هاتنە ناو ڕیزی پێشمەرگایەتی و لەو ڕێگا پیرۆزەدا شەهید بوون، (مام جەلال) کەسێک بوو لەوکاتەوە کە (یەکیەتی نیشتمانی کوردستان) یان دامەزراند لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا ڕیشەی خۆشەویستی و جێگای باوەڕیان داکووتا. چونکە هاتنە مەیدانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەوکاتە هەستیارو دژوارەدا بوو کە شۆڕشێکی گەورەی وەک شۆڕشی (بارزانی) داڕووخا بوو دوژمنان شانازیان بەسەرکەووتنەوە دەکرد. خەڵک بەتێکڕایی ورەیان ڕووخابوو، کەس هیوایەکی نەمابوو، لەماوەی ٢ڕۆژدا بەهەزاران پێشمەرگە و فەرماندە چەکەکانیان تەسلیم بەدوژمن کردەوەو گەڕانەوە ماڵەکانیان، لەو سەروبەندەدا شۆڕشێکی (نوێ) دروست ببێتەوە هەستانەوەیەکی پیرۆزو قارەمانانە بوو، بۆیە لەباشترین لاوەکان ڕویان لەشاخ کردەوەو چەکی پیاوانەیان کردەوە شانیان کە لەو ڕۆژە ڕەشانەدا پێشمەرگایەتی کاری هەموو کەسێک نەبوو پیاوی ڕۆژی تەنگانەی دەویست. (مام جەلال) و هاوبیرانی لە ئەوپەڕی هەژاری و نەبوونی و بێ پشت و پەناو بێ ئەوەی هیچ وڵاتێک ناویان بێنن درێژەیان بە خەبات و شۆڕش دا. هەموو نەهامەتیەکیان قەبوڵ کرد بەڵام لەمەیدان نەبەزین و ئەگەرچی لەگەڵ هێزێکی بێ ئەژمارو پۆشتەو بە ئیمکاناتێکی زۆرو مەغروور ڕووبەڕوو بون بەڵام هەرچەندە هێزی چەکداری پێشمەرگە لە چەند مەفرەزەی چووکە تێنەدەپەڕین لەبەرامبەریان بەرەنگاریان کرد ئەنفال و سووتاندنی گوندەکانی کوردستان و داپۆشینی کانیاوەکان و بە عەرەب کردنی کوردستان و کیمیا باران و ڕاگواستنی خەڵکی ناوچە شاخاویەکان بۆ ئۆردوگای زۆرەملی و هەزاران پیلانی

دوژمنانەی تر نەیانتوانی چۆک بە پێشمەرگە دابدەن بەڵکوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لاوەکانی کوردستان ڕوویان لەناو شۆڕش دەکردو چەکی پێشمەرگایەتیان هەڵدەگرت، ئەم شۆڕشەیان درێـــژە پێدا هەتا گەیاندیانە ئەمڕۆ. شۆڕشێک لەو چەشنە ڕێبەرێکی نەترس و سیاسی و کۆڵنەدەرو خۆشەویستی دەویست.. کـــورد لێرەدا شانسی هەبوو چونکە خاوەنی کەسایەتیەکی وەکوو (مام جەلال) بوو لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان وە خاوەنـــی کەسایەتیەکی دڵسۆزی وەک کاک (مەسعود بارزانی) بوو. ئەم دوو ڕێبەرە تێکۆشەرە وێڕای هەموو کەموکوڕیەکانیان هەرکات پێویست بوایە بە دانیشتنێک هەرچی گیروگرفتێک هەبوایە حەلیان دەکرد. کورد کەسایەتیەکی زۆر گەورەی لەدەست دا هەرچەندە مام جەلال هەتا لەژیان دا بوو توانای کارکردنی هەبوو توانی زۆرێک کاری کورد بەرێتە پێش و بناغەیەکی پتەو بۆ ڕێچکەی کاری سیاسی کورد لەخەباتی حوکمداری دابڕێژێ. هەروەها وەکوو یەکەم سەرۆک کۆماری کورد لەعێراق زۆرترین قانون بە قازانجی کورد بچەسپێنێ، بەداخەوە لەکاتی سەرۆک کۆماری دا تووشی نەخۆشی هات و ماوەیەکی زۆر لەسیاسەت و کار دوورکەوتەوە هەتا بەو نەخۆشی یە فەووتی کردو ماڵ ئاوایی لەهەمومان کردو کوردانە ژیاو کوردانەش فەووتی کردو هەربۆ کوردیش مرد. بەڵام مام جەلال بۆ هەمیشە چووە ناو ڕیزی سەرکردە نەمرەکانی کوردستان، بۆ هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

-----------------------------------------

## ژیان و خەباتی سەرۆک مام جەلال





سەرچاوە
Serchawe

مام جەلال کوڕی شێخ حیسامەدین کوڕی شێخ نوری کوڕی شێخ غە فوور. هاوینی ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی (کەلکان)ی قەتپاڵی چیای کۆسرەت لە دایکبووە، کە دەڕوانێتە دەریاچەی دوکان. چەند ساڵێک تەمەنی منداڵی لەو گوندە بەسەر بردووەو دواتر باوکی بووە بەر ێبەری تەکیەی تاڵەبانی لە کۆیە. لەوێ چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی و بە سەرکەوتوویی خوێندنی تەواو کردووە، خوێندکارێکی زیرەک لێهاتوو بووە، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە نیشانەکانی سەرکردایەتی بە جۆرێ لێدەرکەوتووە کە پێش هاوڕێکانی دەکەوت بۆ کۆڕی پرسە و ئەو بۆنانەی لەو سەردەمەدا بەڕێوە دەچوون، بەیانیان لە کاتی ریزبوونی قوتابییاندا، مامۆستاکان پێش هەمووان ئەویان هەڵدەبژارد بۆ خوێندنەوەی شیعری نیشتمانیی و نەتەوەیی.

لەوێوە بیرۆکەی نەتەوایەتی لای ئەو چەکەرەی کرد تا وای لێهات وردە وردە بەسەریدا زاڵ بوو، کە گەیشتە پۆلی چوارەمی سەرەتایی یەکێک بوو لە پێشەنگەکانی خوێندکاران کە بە پەرۆشەوە بەشداری لە چالاکیەکانی قوتابخانە دەکرد و بەشداری لە وتار خوێندنەوەو شانۆدا دەکرد.

ئەگەرچی جەژنی نەورۆز لە لایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراقەوە یاساخ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کوردستان لە ٢١ی ئاداری هەموو ساڵێک بە ئاهەنگ یادیان دەکردەوە، ئەویش بە هۆی پیرۆزیی ئەم جەژنە لای کورد کە بە رۆژی سەرکەوتنی گەلی کورد دادەنێن بەسەر ئەو زاڵمانەی دەیچەوساندنەوە.

* ساڵی ١٩٤٥: ئاهەنگێکی میللی لە کۆیە بۆ نەورۆز سازکرا، تاڵەبانی کە لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا بوو بەشداری تێدا کرد و وتەی حەماسئامێزی خوێندەوە، بووە مایەی سەرسوڕمانی مامۆستا و بەشداربووان.

* لە ساڵی ١٩٤٦ دا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خوێندکار و بە ئامۆژگاری یەکێک لە مامۆستاکانی کۆمەڵەیەکی فێرکاری نهێنی دامەزراندبە ناوی ( کۆمەڵەی پێشخستنی خوێندنەوە (k.p.x) (و مام جەلال بە سکرتێری هەڵبژاردرا، ئامانجێکی کۆمەڵەکە هاندانی خوێندکاران بوو بۆ خوێندنەوەی دەرەکی.

* لە هەمان ساڵدا و دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ کەوتە ژێر کاریگەری بەرنامەی پارتی و لە چوارچێوەی رێکخستنەکانیدا کەوتە چالاکی خوێندکارانە.

* دوای چوونە ناو كاری سیاسییەوە، رۆژنامەی (رزگاری) کە پارتی دیموکراتی کورد بە نهێنی دەریدەکرد، کورتە وتاری لەژێر نازناوی (ئاگر) دا بۆ بڵاو دەکردەوە.

* مام جەلال: ساڵی ١٩٤٧ بوو بە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کورد و چالاک و لێهاتوو بوو لەو ئەرک و فەرمانە حزبیانەی پێی دەسپێردران.

* ساڵی ١٩٤٨ خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد و لە ناوەندی کۆیە بوو بە خوێندکار، ئەو ساڵە بە ساڵی (وەسبە) (راپەڕین) ناسرابوو، کە گەلی عیراق توانی پەیماننامەی (پۆرتسماوس) هەڵبووەشێنێتەوەو حکومەتی ساڵح جەبر بڕوخێنێ و حکومەتی محەمەد سەدر دابمەزرێنێو لەو کەش و هەوا ئازادیەدا کە لە سایەی ئەم (راپەڕینە) هاتە کایەوە، هەڵبژاردنێکی گشتی خوێ،دکاران ئەنجامدرا بۆ هەڵبژادنی نوێنەرانی کۆنگرەی گشتی.

ئەوە بوو جەلال تاڵەبانی بە نوێنەری خوێندکارانی کۆیە هەڵبژێردرا و بەشداری لە یەکەمین کۆنگرەی خوێندکارانی عیراقدا کرد کە لە نیسانی ١٩٤٨ لە گۆڕەپانی (السباع)ی شاری بەغداد بەسترا.

* لەم کۆنگرەیەدا بۆ یەکەمین جار گوێی لە شاعیری مەزن (محەمەد مەهدی جەواهیری) بوو، کە شیعرە بە ناوبانگەکەی (رۆژی شەهید)ی خوێندەوە، کە بۆ جەعفەری برای و بۆ شەهیدانی وەسبە وتبووی. ئەو ساتانە لە ژیانی تاڵەبانیدا مێژوویی بوون و وای کرد ببێتە یەکێک لە مریدەکانی شیعری ئەو و دواتریش بوو بە ئازیزترین دۆستی و ئەو دۆستایەتیە تا دوا ساتەکانی ژیانی شاعیر بەردەوام بوو.

* لە حزبدا سەرکەوت و بووە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیە.

* لە شوباتی ١٩٥١ دا و لە کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردرا، بەڵام لەبەر پاراستنی ریزەکانی پارتی پلەکەی خۆی بە هەڤاڵێکی خۆی بەخشی کە دوای دەرچوونی لە زیندانی بەشداری لە کۆنگرەدا کردبوو.

* لە ساڵی ١٩٥١ دا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکدا گیراو بۆ شاری موسڵ دوور خرایەوە، لەوێش لە خەباتی سیاسیدا بەردەوام بوو و دواتر چووە کەرکوک بۆ تەواوکردنی خوێندن و سەر لەنوێ دامەزراندنەوەی رێکخستنەکانی حزب و بووە بەرپرسی



سەرچاوە Serchawe

ڕێکخستنەکانی کەرکوک. لە هەمان ساڵیشدا ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی بە شێوەیەکی نهێنی گرتە ئەستۆ تا ئەو ڕۆژەی گیرایەوە.

* ساڵی ١٩٥٢ چووە کۆلیژی ماف ( حقوق ) لە بەغداد کە ئەو دەمە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کورد پەرتەوازە بوو، بەڵام مام جەلال توانیی ڕێکخستنەکانی حزب تۆکمە بکاتەوە.

*هەڤاڵ جەلال تالەبانی: لە کانوونی دووەمی ١٩٥٣ دا بەشداریی کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە مانگی شوباتدا سەرپەرشتی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی کرد و لە کۆنگرەیەدا بە سکرتێری گشتی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردرا و لە هەمان ساڵیشدا یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی (یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان)، هەر لەو کاتانەدا نوێنەری پارتی بوو لای زۆربەی حزبە نهێنیی و ئاشکراکانی عیراقی.

* ساڵی ١٩٥٤ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

* ساڵی ١٩٥٥ سە فەری دەرەوەی عیراقی کرد و لە فیستیڤاڵی لاوان و قوتابیانی جیهانی لە وارشۆ بەشداری کرد و لەوێوە سەردانی یەکێتی شوورەوی ئەوسا و چینی کرد.
* ساڵی ١٩٥٦ لەبەر چاوان وون بوو، کەوتە خەباتی ژێر زەمینی و ناچار بوو لە پۆلی چوارەمی ما فدا خوێندن بەجێبهێڵێت.

* ساڵی ١٩٥٧ سە فەری سوریا و مۆسکۆی کرد و لە فیستیڤاڵی لاوان و قوتابیانی مۆسکۆ بەشداری کرد و هاتنی بۆ سوریا بە فرسەت زانی بۆ پەیوەندی بە کوردەکانی ئەوێوە و پەیوەندیەکی سیاسی دروستبوو. لە هەمان ساڵیشدا گەڕایەوە عیراق و بەشداری لە کارەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو کرد و بوو بە بەرپرسی ڕۆژنامەی (خەباتی کوردستان) کە لە سلێمانی بە نهێنی دەریان دەکرد.

* مام جەلال: لە یەکەمین ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨، سەرپەرشتی ڕێکخستنی خۆپێشاندانی جەماوەری سلێمانی کرد و بە هاوکاری هەڤاڵانی حزب لە نێو شاردا، پاشان چووە بەغداد و بەشداریی لە کاروباری مەکتەبی سیاسی و دەرکردنی گۆڤاری (رزگاری) (التحریر) دا کرد، هەروەها ئەرکی ئەو خەباتەی لە ئەستۆ گرت کە لە نێو

ریزەکانی حزبدا فراوان دەبوو، وەک پێویستییەکی بوونی حزبێکی پێشڕەوی کوردستانی و ڕێکخراوە پێشەییەکان بەرهەڵستکاری کردنی ئەو هەوڵانەی کە دەیانویست پارتی دیموکراتی کوردستان بکەنە پاشکۆی حزبێکی عیراقی.

※ ساڵی ١٩٥٩ جارێکی تر بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا و لە هەمان کاتدا ئە فسەری یەدەکی کەتیبەی چوارەمی تانک بوو، هەروەها بەشداری لە دەرکردنی ڕۆژنامەی (خەبات) دا دەکرد کە بە زمانی عەرەبی دەردەچوو، وە بە ناوی (پیرۆت) ەوە وتاری تێدا بڵاودەکردەوە.

※ ساڵی ١٩٦٠ بەرپرسی لقی سلێمانی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو کە خولێکی هۆشیاری بۆ کادێرەکان کردەوە.

※ ساڵی ١٩٦١ بووە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستان) و دوای داخستنی ڕۆژنامەی خەبات دووچاری ڕاوونان بوو لە بەغداد، بەڵام لە شەوی نەورۆزی هەمان ساڵدا وتارێکی دژی دیکتاتۆریەت خوێندەوەو بەرگری لە بارزانی خوالێخۆشبوو کرد کە ئەو سەردەمە قاسم کۆمەڵێک تاوانی دابۆوە پاڵ لە ئەنجامی ئەوەدا فەرمانی گرتنی دەرچوو و بە نهێنی گەڕایەوە سلێمانی و خۆی شاردەوە و بەشداری لە ڕێکخستنی مانگرتنی گشتیدا کرد کە لە شەشەی ئەیلوولدا کرا.

※ لە ئەیلولی ١٩٦١ دا کە شۆڕش هەڵگیرسا، بەرپرسی ناوچەی سلێمانی بوو، یەکەمین بنکەی

شۆڕشی لە چەمی ڕێزان کردەوەو سەرپەرشتی کرد و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی لیوای سلێمانی کرد تا وای لێهات زۆر فراوان بوو و بووە هێزێکی گەورە، ئەوە بوو کرا بە لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

※ لە نەورۆزی ١٩٦٢ دا، سەرکردایەتی ئەو هێرشە بەر فراوانەی کرد بۆ سەر ناوچەی شارباژێڕ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا دەست بەسەر هەموو بنکەی پۆلیسی ناحیەی بناوەسووتە و چوارتادا گیرا و هێزەکانی بەرەو قەزای پێنجوێن برد و تەواو ناوچەکەیان ئازاد کرد.

جەلال تالەبانی: بەم شێوەیە هەردوو ناوچەی شارباژێڕ و پێنجوین بوونە دوو ناوەندی شۆڕش و سەرکردایەتی. لە ١٩٦٢ - ١٩٦٣ زۆربەی ناوچەکانی قەرەداغ و قەڵاسێوکە و گەرمیان و سەنگاو ئازاد کران. ئەو دەمە مام جەلال فەرماندەی هێزی ڕزگاری بوو، لە هەمان کاتیشدا سەرپەرشتی دامەزراندنی ناوەندەکانی بەمۆ و هەڵەبجە و تەوێڵە و بیارەی دەکرد.



سەرچاوە
Serchawe

* ساڵی ١٩٦٣ و دوای کودەتا رەشەکەی شوبات، مام جەلال بە سەرۆکی وە فدی کوردی دەستنیشان کرا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی تازەدا کە لە سەرتادا رەزامەندیان لەسەر گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی رەوای کورد نیشاندا، هەروەها سەردانی کۆماری میسری و جەزائیری کرد و چاوی بە عەبدولناسر و بن بێلا کەوت و لە هەمان ساڵیشدا سەردانی ئەوروپای کرد و نوێنەرایەتی شۆڕشی کوردستانی کرد و سەرکەوتوو بوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد و ئاشکرا کردنی بارودۆخی کوردستان و کۆکردنەوەی یارمەتی و هاوکاری بۆ شۆڕش لە وڵاتانی فەرەنسا، ئەڵمانیا، روسیا، چیکسلۆ فاکیا و نەمسا.

* ساڵی ١٩٦٤ گەڕایەوە کوردستان و ئەرکی خۆی لە فەرماندەیی کردنی هێزی رزگاری گرتەوە ئەستۆ.

* ساڵی ١٩٦٧ بەشداری لە کۆڕی (ئیشتراکیەکانی عەرەب) کرد لە جەزائیر و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بە پێزی دەربارەی کێشەی کورد و شەرعیەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و دۆستایەتی نێوان کورد و عەرەب پێشکەشکرد.

* ساڵی ١٩٧٠ رۆڵی کاریگەری خۆی بینی لە یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێشتر ببوونە دوو باڵ و ناکۆکیەکی تاڵ و خوێناوی لە نێوانیاندا هەبوو.

* ساڵی ١٩٧٢ سە فەری دەرەوەی عیراقی کرد و ماوەیەک لە لوبنان و میسر و سوریا مایەوە و دوای رووخاندنی شۆڕشی کورد کە لە ئەنجامی رێکەوتننامەی نێوان سەدام و شای ئێران لە ئاداری ١٩٧٥ لە جەزائیر ئیمزا کرا، تاڵەبانی هەر لەو ناوچانەدا مایەوە.

* لە ١ - ٦ - ١٩٧٥ لە دیمەشق لەگەڵ دەستەیەک لە هەڤاڵانیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیی دامەزراند و نەخشەی بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ دانا کە لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦ راگەیەنرا و بووە سکرتێری گشتی یەکێتیی.

* لە ساڵانی دوای دامەزراندنی یەکێتی لەسەر چالاکی سیاسی و سەرکردایەتی حزب و شۆڕش بەردەوام بوو لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە چیا و ئەشکەوتەکانی کوردستاندا دەژیا.

* بە گەواهی زۆر لە چاودێرە سیاسیەکان یەکێک بووە لە بزوێنەری سەرەکی بۆ لێک نزیک کردنەوەی بۆچوونەکان لە نێو ریزی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لە کۆنگرەکانی نیویۆرک و لەندەن و سەلاحەدین و هەموو دانیشتنەکانی دوای ئەوانەش کە

پەیوەندی بە ڕێکخستن و نزیکبوونەوەی ماڵی عیراقییەوە هەبوو، میوانداری زۆربەی زۆری هێزە عیراقیەکانی کردەوە لە کوردستان و پشتگیری هەمە جۆرەی کردوون.

* لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیش، تاڵەبانی بەشداری چەندین کۆنگرە و کۆبوونەوەی ئیشتراکی نێودەوڵەتی کردەوە و چاوی بە سەرکردە سیاسیە نێو دەوڵەتیەکانی زۆر وڵاتانی جیهانی کەوتووە.

* جگە لەوەی کە کەسایەتیەکی سیاسییە خەباتگێڕێکی هۆشمەند و نووسەر و یاساناسە، وەک ڕۆژنامەنووسێکیش لە ڕۆژنامەی نهێنی و ئاشکرادا نووسیویەتی و لە ساڵی ١٩٥٩ بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عیراقی هەڵبژێردرا کە شاعیری مەزن محەمەد مەهدی جەواهیری نەقیبی بوو.

* تاڵەبانی جگە لەوەی یەکێکە لە سیاسی و دیپلۆماسی و ڕۆژنامەنووسەرە دیارەکان، نووسەرێکی ناوداریشە و بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە تیشک خستە سەر تێکڕای بزووتنەوەی سیاسی عیراق و ناوچەکە و بزووتنەوەی سیاسی کوردی کردەوە، لەم بوارەشدا چەندین کتێبی لە سەردەمی جیاجیادا نووسیوە کە کتێبخانەی عەرەبی و کوردی دەوڵەمەند کردەوە و بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری مێژووی جوڵانەوەی سیاسی کوردی و عیراقیدا.

* دوای ئازادکردنی عیراق بە ئەندامی ئەنجوومەنی حوکم هەڵبژێردرا و لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٣ دا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی کرد و لەم ماوەیەدا کارامەیی خۆی لە هەڵسوڕاندنی کاروباری حوکم نیشاندا.

## سەرۆک کۆمار

* لە ٦ی نیسانی ٢٠٠٥، مام جەلال ٢٢٧ دەنگی لە کۆی ٢٤٨ دەنگی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقی بە دەستهێنا و بە هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆ بە یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێراوی عیراق هەڵبژێردرا، بەم جۆرە تاڵەبانی لە فراوانترین دەروازەکانەوە چووە ناو مێژووی کورد و هەروەها لە جوانترین دەروازەشەوە چووە ناو مێژووی عیراق و لە ناودارترین دەروازەشەوە چووە نێو مێژووی سیاسی و دیموکراسی جیهانەوە، ئێستاش بەردەوامە لەسەر هەوڵی بێوچان و شەو دەخاتە سەر ڕۆژ بۆ هێنانەدی ما فەکانی کورد و گەشەکردنی عیراق و بیاتنانەوەی و قەڵاچۆکردنی تیرۆریستان و پەیوەندی فراوان پەیداکردن لەگەڵ دەرو دراوسێ و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و ڕۆژئاواو هاوپەیمانان..



سەرچاوە
Serchawe

❊ لەساڵی ٢٠٠٥  تا ساڵی ٢٠١٤ بۆ دوو خول وەک سەرۆک کۆماری عیراق هەڵبژێردراوە.

## خێزانی تاڵەبانی

تاڵەبانی لە گەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کچی ئیبراهیم ئەحمەد ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنا و دوو کوڕ و کچێکیان هەیە بەناوەکانی پاڤێڵ و قوباد، کە قوباد لەناو سیاسەتی هەرێمی کوردستان وەک نوێنەری هەرێم لەئامریکا و ئەنجوومەنی وەزیرانیش و ئێستاش جێگیری سەرۆک وەزیرانە.

## تەندرووستی تاڵەبانی

زۆر کات تەندروستی تاڵەبانی جێگیر نەبووە دوایین نەخۆشیشی لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢ بوو کە دووچاری جەڵتەییێکی بوو وە لە چاودێریی توندا بوو لە بەغدا سەرئەنجام پاش ڕاپۆرتی جێگیربوونی تەندرووستی ناوبراو گەیەندرایە وڵاتی ئاڵمانیا بەمەبەستی چارەسەری زۆرتر بەیاوەری دوکتۆر نەجمەدین کەریم لە ڕۆژی ١٩ی تەمموزی ٢٠١٤ دوای نزیکەی ١٩ مانگ مانەوە لە نەخۆشخانەکانی ئاڵمانیا جەلال تاڵەبانی لە ئاڵمانیاوە گەڕایەوە سلێمانی و لە ماڵباتەکەی خۆی نیشتەجێبوو و لەدوای گەڕانەوەشی چەندین کەسایەتی سیاسیی باڵا لە ئاستی هەرێم و عێراق هاتنە پێشوازیکردنی.

❊ لە ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٢ لە بەغدا توشی جەڵدەی مێشک بوو، پاشان بۆ چارەسەر گەیەنرایە نەخۆشخانەیەک لە وڵاتی ئەڵمانیا و پاش ماوەیەک بە تەندروستیەکی باشەوە گەڕایەوە شاری سلێمانی.

❊ لەو کاتەشەوە تا کۆچی دوایی کرد، چەند جارێک بۆ مەبەستی چارەسەر سەردانی وڵاتی ئەڵمانیای کرد. بەداخەوە لە دوایین سەفەر دا لە ڕۆژی ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لەنەخۆشخانەی شاریتەی ئەڵمانیا، دوای ماوەیەکی زۆر بەئازار، بۆ دواجار سەرۆک مام جەلال ماڵئاوای لێکردین، و دڵە گەروەکەی لە لێدان و کەوتوو و کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ  -  ڕێکەوتی: ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

------------



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێوڕەسمی دوا ماڵئاوایی سەرۆک مام جەلال




ڕۆژی هەینی ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە ڕێوڕەسمێکی پڕ شکۆدا تەرمی سەرۆک مام جەلال لە بەرلین- ەوە گەیشتەوە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی و بە ئامادەبوونی سەدان هەزار کەس لە دەباشان لە سلێمانی بەخاکسپێردرا.

لە ڕێوڕەسمەکەدا کە لێپرسراوانی باڵای کوردستان و عیراق و وەزیرو نوێنەری ژمارەیەک لە وڵاتان و نەتەوە یەکگرتووەکان و باڵیۆزی وڵاتان و سەدان هەزار کەس لەسەرجەم چین و توێژەکان و پێکهاتە جیاوازەکان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، ئامادەیبوون، سەرەتا لە فڕۆکەخانە لە ڕێوڕەسمێکی سەربازیدا، پێشوازیی لە تەرمی سەرۆک مام جەلال کرا،

پاشان ڕێوڕەسمی پرۆتۆکۆلی دانانی تاجەگوڵینەی ڕێزو وەفای لێپرسراوان و لایەنە سیاسییەکان و نوێنەری وڵاتان دانرا، دواتر تەرمی سەرۆک مام جەلال بەرەو مزگەوتی گەورە بەڕێکراو بەدرێژایی ڕێگە، جەماوەرو کوردستانییان بە چاوی پڕ فرمێسک و ناخی پڕ لەخەمەوە لە پێشوازیدا بوون و تەرمی سەرۆک مام جەلال یان گوڵبارانکرد، بە گەیشتنیشی بە مزگەوتی گەورە لەلایەن سەدان هەزار کەسەوە بە گەرمی پێشوازیی لێکراو دوای ئەوەی نوێژی مردووی لەسەرکرا، لەنێو ئاپۆڕای یەکجار فراوانی جەماوەردا بەرەو دوا مەنزڵگەی لە گردی دەباشان بەڕێخراو لە ڕێوڕەسمێکی شکۆدارو گەورەدا بە خاکسپێردرا.

دوای بەخاکسپاردنی تەرمی سەرۆک مام جەلال لە گردی دەباشان، وتاری مەکتەبی سیاسی پێشکەشکرا، پاشان قوباد تاڵەبانی بەناوی خانەوادەو کەسوکاری سەرۆک مام جەلال-ەوە، لە پەیامێکدا سوپاسی ئامادەبووان و هاووڵاتیانی کوردستانی کردو رایگەیاند: وەک وەفایەک بۆ مامی گەورەمان، با تەبایی و یەکریزیی بپارێزین و درێژەپێدەری ڕێبازەکەی سەرۆک مام جەلال دەبین، وتیشی: سەرۆک مام جەلال، مامی هەمووان بوو، ئاماژەی بەوەشدا «دووبارە بە ناوی خانەوادەو کەسوکاری مام جەلال-ەوە سوپاسی یەک بە یەکتان دەکەین، ئەمڕۆش پرسەکەی لە سلێمانی و هەولێرو پاشان سەرتاسەری شار و ناوچەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێت».

ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێت.

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەزبەری ٢٧٢٠ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe




سەرچاوە
Serchawe